# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge

www.komelge.com

Political, Intellectual and Social monthly Magazine

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

ژمارە 25

ساڵی سێهەم

شوبات ٢٠١٨

رەشەمێ ٢٧١٧


## عەفرین؛ پایتەختی جیهانیی بەرخودانی شۆڕشگێڕی گەلان



شکستی سیاسەتی ئابووری باشووری کوردستان



ئایا پێناسەیەك بۆ حیزب هەیە؟



عەفرین، ئابڕوومەندیی کوردان و دواین کارتی قومارچییەکان



ڕۆڵی پارتەکان لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا




٢٥

هەرنووسینێك گوزارە لە رای نووسەرخۆیەتی


خاوەنی ئیمتیاز
محمد کیانی عبدالرحمن (د.محەمەد کیانی)

سەرنووسەر
گۆران علی حسن (گۆران پێنجوێنی)

نەخشەسازیی
سەرنووسەر

دەستەی نووسەران
پ.د.سالار باسیره
نەجیبە قەرەداغیی

راوێژکاری یاسایی
پارێزەر هیلال ئیبراهیم



پەیوەندییەکان لە رێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
facebook.com/ Azadi Komelge



چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ١٥٠٠ د.ع












ناونیشان: نووسینگەی سەرەکی، سلێمانی، چوارباخ، سەروو خەستەخانەی چاوەکە

# عەفرین؛ پایتەختی جیهانیی بەرخودانی شۆڕشگێڕی گەلان

بەرخودانی ئیرادەی ئازادیی گەل لە عەفرین هەر تەنیا بەرخودانێکی پارتیزانیی یان سەربازیی نییە، بەڵکو بەرخودانێکی گشتی هەمەلایەنەیە. بەرخودانی ئیرادەیە بەرامبەر بە پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای سەربازی، بەرخودانی چۆنایەتییەکی پووختەیەی ئازادیخواز بەرامبەر بە چەندایەتییەکی زۆری هۆڤ، بەرخودانی گەلێکی ئازادیخوازە بەرامبەر بە سیستەمێکی جیهانی کە هێشتا ئەو گەلەی بە ناسنامە و ئیرادەی خۆی پەسندنەکردووە، لەهەمووی گرنگتریش بەرخودانی سیستەمێکی دیموکراتییە بەرامبەر بە سیستەمێکی فاشیستی.

هێرشی داگیرکاریی ڕژێمی فاشیستی تورکیا بۆ سەر عەفرین بە هاوکاریی چەندین زلهێزی جیهانی و بێدەنگی زلهێزەکانی دیکە و بە بەشداری تەواوی گروپە تیرۆریستەکانی ناوچەکە لەگەڵ خۆیدا زیانی گیانیی و ماددی لە عەفرین دەدات، بەڵام ئەو بەرخودانە شکۆدارەی لەدژی ئەو داگیرکارییە بەڕێوەدەچێت کاریگەریی ئەرێنی زۆر مەزنی لە ئاستی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوین و جیهاندا دەکات.

بەرلەهەموو شتێک ئەو بەرخودانە شۆڕشی ڕۆژئاوا دەباتە ئاستی شۆڕشێکی جیهانی، کە هیچی کەمتر نەبێت لە شۆڕشە جیهانییەکانی وەکو شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ = ١٧٩٩ و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، بەرادەیەک کە هەموو جیهان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ئیدی لەجیهاندا قۆناخی پێش شۆڕش و دوای شۆڕشی ڕۆژئاوا دەبێتە ڕاستییەکی جیهانی. بەمەش هەموو ئەو ئەزموون و بەهایانەی ئەم شۆڕش و بەرخودانە دەیئافرێنێت دەبێتە ئەزموون و بەهای سەرجەم مرۆڤایەتی.

هەروەها لە ئاستی جیهان و ناوچەکە و کوردستانیشدا تێکشاندنی فاشیسترین هێزی ناوچەکە و جیهان لەلایەن گەلێکی پەراوێزخراوی وەک گەلی کوردستان و گەلانی دیکەی چەوساوەوە بۆخۆی گەورەترین دەستکەوتێکە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی بۆ گەلانی ناوچەکە کە بەڵاترین ڕژێمی فاشیستی لەکۆڵ دەبێتەوە.

هەروەها لە ئاستی ناوچەکەشدا ئەو بەرخودانەی گەلان زەمینەی بەیەکەوەژیانی ئازادانەی نێوان گەلانی ناوچەکە و بونیادنانی کۆنفیدراڵی دیموکراتی خۆرهەڵاتی ناوین زیاتر دەرەخسێنێت، هەنگاوەکان بۆ بونیادنانی یەکێتی دیموکراتیانەی خۆرهەڵاتی ناوین گەورەترین زەبروەشاندنە لە هەموو جۆرەکانی فاشیزم و شۆڤێنیزم. کۆنفیدراڵی دیموکراتی کە لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەرێتی دیموکراتی و یەکێتی جیاوازییەکان خۆی بونیاد دەنێت باشترین سیستەمێکە بۆ ئەو فرەکولتووری و فرە باوەڕمەندییەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە.

بێگومان لە ئاستی کوردستانیشدا کاریگەری ئەو شۆڕش و بەرخودانە تەواوی کوردستان ڕەنگرێژ دەکات، بەتایبەتیش باشووری کوردستان. چونکە باشووری کوردستان لەلایەن هێزە میللیگەرا سەرەتاییەکانی کوردەوە بۆتە ناوەندێکی مەترسیداری دژەشۆڕش بۆ هەموو کوردستان. بەواتایەکی دیکە بۆتە ناوەندێکی سەرەکی بەرِێوەچوونی (شەڕی تایبەت)ی داگیرکارانی کوردستان وپاوانخوازی جیهانی.

بێگومان شۆڕشی ڕۆژئاوا لەسەرەتاوە تا بەرخودانە مەزنەکەی ئێستای عەفرین بەفیکر و فەلسەفەی ڕێبەر ئۆجالان بەرپا بووە و پێشکەوتووە و سەرکەوتووە و لەسەرکەوتنیش بەردەوام دەبێت. لەو باوەڕییەداین کە خەڵکی باشووری کوردستانیش بەهەمان فیکر و فەلسەفە و بە وەرگرتنی باوەڕی و هیوا و ئیرادە و هێز لە شۆڕشی ڕۆژئاوا و بەرخودانە مەزنەکانی کوبانێ و عەفرین و ڕزگارکردنی شارە گەورەکانی ڕەققە و دێرولووز هەموو ئەو شکست و خیانەتانەی بەسەریدا سەپێنراوە وەرچەرخێنێتە ئیرادەی شۆڕشگێڕی و سەرکەوتن.

دیدار

# سالار باسیره: ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی بەواتا هاوچەرخەکەی بەدی ناکرێت.



سازدانی: ئازادیی کۆمەڵگە

پرۆفیسۆر دکتۆر سالار باسیره، لە دیداریکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە باس لە رەوشی ئۆپۆزسیۆن و بوون بە ئۆپۆزسیۆن دەکات و دەڵێت:» ئەگەر بروانینە رۆژئاوا و باکووری کوردستان دەبینین لە رووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ باشووردا نیە، بەڵام چونکە خاوەن حیزب و هێزی سیاسی خاوەن فیکرو ئیرادەو بەرنامەن هەربۆیە توانراوە ببنە ئۆپۆزیسیۆنێکی بوێرو خاوەن ئیرادەو گەلەکەشیان بەو جۆرە گۆشبکەن«.

هەروەها دەشڵێت:» ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینەو رادیکاڵ دەزانن لە هەرێم هێشتا لاوازن و نەیانتوانیوە ببنە خاوەن مۆدێلێکی وەک شۆرشی رۆژاڤا یان باکووری کوردستان«.

دەقی دیدارەکە:

- **حیزبە کوردیەکان تا ساڵی ٢٠٠٣ خۆیان وەک ئۆپۆزسیۆن نیشاندەدا بەرانبەر بە حوکمڕانی بەعس، بەڵام دواتر خۆیان بوونە دژە ئۆپۆزیسیۆن و بوونە شەریکە دەسەڵات لەگەڵ بەغدا! ئێستاش دەیانەوێت واخۆیان نیشانبدەن لە دەرەوەی دەسەڵاتن! پرسیار ئەوەیە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

**سالار باسیره:** پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان، تایبەتتر بڵێین یەکێتی و پارتی بەر لە ١٩٩١ خۆیان لە ئۆپۆزیسیۆندا بوون بەرامبەر بە رژێمی بەعس. ئازادیی و دیموکراسیەت و چارەنوسی سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەیان کردبوە

دروشم، کەچی بەردەوام لە شەڕی خوێناوی یەکتردا بوون. ئێستە کە خۆیان دەسەڵاتدارن دەبێت درندایەتی سەردەمی بەعسیان لەبیربێت بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتەی خۆیان و پێشێل کردنی مافی هاوڵاتیان. دەبوو بزانن ئازادیی نرخی چەندە گرانە. لە سەرەتای نەوەدەکان لە هەرێم هەر کەس و لایەنێک باسی لە ئۆپۆزیسیۆن بوون بکردایە لەلایەن ئەم دەسەڵاتەی ئێستەی هەرێم بە خائین و سەر بەڕژێمی بەعس لەقەڵەم دەدرا. هەرچەندە زۆربەی کۆمەڵگەی کورد لە باشوور لە حاڵەتی پۆپۆزیسیۆن بوندایە بەرامبەر بەم دەسەڵاتەی ئێستا. بەڵام هەروەک چۆن دەسەڵاتی سیاسی هەیە هەر بەم شێوەیە دەبێت ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش هەبێت. ئۆپۆزیسیۆن بوون بۆ هەرێم و باشووری کوردستان وەک هەوا وایە بۆ ژیان.

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و تێکچوونی عێراق وەک دەوڵەت دەسەڵاتی کوردیی لە کوردستان-عێراق ڕۆڵیان هەبوو لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ و بەشداربوون لە نوسینەوەی دەستور، ئەو کاتە کە عێراق لە ڕووی دەستوریشەوە وەک دەوڵەت نەمابوو، کورد دەکرا هەنگاوی یەکەمی بنیاە بۆ بابەتی دەوڵەتی کوردیی، بەڵام لە بری ئەوە بڕیاریان بۆ دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام بەهۆی لاواز کردنی خۆیان لەسەر ئاستە سیاسیەکانیش نەیانتوانی ببنە شەریکە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە لەگەڵ بەغدا و پەراوێز خران بە تایبەت لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی دەستبەسەردا گرتنی داهاتی نەوت و گومرگەکانەوە بۆ نوخبەیەکی سیاسی دیاریکراو بێ گەڕانەوە بۆ بەغداو بەتایبەت ئەنجامدانی ریفراندۆم کاریگەری نەرێنی دروستکرد بۆ کورد، کە بووە هۆی لە دەستدانی ٥١٪ی خاکی کوردستان و دەسەڵاتەکەشی لەو ناچانەو ئێستە دەسەڵاتی کوردیی لە هەڵوێستی بێهێزیەوە ڕووی کردۆتە بەغدا، بێگومان دەبێت بوترێت کە چیتر ناتوانن شەریکە دەسەڵات بن، هەمیشە هێز ڕادەی شەراکەت کردن لە دەسەڵاتدا دیاری دەکات.

- **دەتوانی بۆمان ڕونبکەنەوە ئۆپۆزسیسۆن بوون چیە؟**

**سالار باسیرە:** ئۆپۆزیسیۆن واتای دژایەتی کردن یان بەرهەڵستکاری دەبەخشێت و لەواتا بەربڵاوەکەیدا بریتیە لە هەوڵ و کۆششی سەندیکاو حیزبەکان یان دەستەو گروپ و کەسان بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی دژ بە ویست و خواستی دەسەڵاتدارانی سیاسی، بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی ململانێی پەڕلەمانیی یان هەر شێوازێکی دیکە. ئاشکرایە بوونی ئۆپۆزیسیۆن بەواتا زانستە سیاسیەکەی لەناو هەر دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسیدا یەکێکە لە پێوەرەکانی دیموکراسی. ئۆپۆزیسیۆن بریتیە لە ڕوبەڕوبونەوە لەنێوان دوو ئۆبجەکتدا کە جیاوازی هەبێت لە نێوانیانداو هەر ئەمەشە کە ململانێ و پێشبڕکێ دروستدەکات. ئامانجی هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی جا لە هەر شوێن و ڕۆژگارێکدا بێت گەیشتنە بە دەسەڵات ئەوەش بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامانەی خۆی باوەڕی پێیەتی. دەسەڵات ئەگەر فشار نەخرێتە سەری بێ باکەو هیچ ناکات و نەبوونی کاردانەوە بەرامبەری وەهمی ئەوەی بۆ دروستدەکات کە ئەو لەسەر هەقە. ئۆپۆزیسیۆن پێویستە ڕەخنەگریش بێت و کۆنترۆڵ و چاودێریی دەسەڵات بکات و لە هەوڵی ئەوەدایە هەڵەکانی دەسەڵات بۆخۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگ

بەدەست بهێنێت بۆ مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات و جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی خۆی. حیزبی یان ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەبێت وەک پێویستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مێژویی دروست بێت گەرنا نەبوونی باشترە.

## کێشەکانی سیاسەت و کۆمەڵ بریتیە لە دواکەوتویی کەلتوری سیاسی بۆ بەها دیموکراتیەکان

ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بە پێچەوانەی گروپی فشارو رێکخراوە مەدەنیەکان لەوەدایە دەیەوێ وەک رێکخراوێکی سیاسی بگاتە دەسەڵات و پیادەی دەسەڵاتی سیاسی بکات. تێگەیشتن لە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، هەروەک لە ڕەهەندی زەمەنیشەوە ئەم تێگەیشتنە جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت. شانبەشانی جیاوازی کاراکتەرە بنەڕەتیەکانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینەو کاراو تەندروست بێت یان نامۆو داخراو و پەراوێز لە ئەندێشەی تاک و خواستەکانی کۆمەڵ.

- **ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆن شکستی هێناوە لە باشووری کوردستان، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

**سالار باسیرە:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هۆکار زۆرن و دەبێت ڕوو بکەینە مێژووی سیاسی، شیکاریی لایەنی سیاسی، کۆمەڵناسی و کەلتوریی و فیکریشەوە... یەکێک لە کێشەکانی سیاسەت و کۆمەڵ بریتیە لە دواکەوتویی کەلتوری سیاسی بۆ بەها دیموکراتیەکان تەنانەت لەهەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (جگە لە دەوڵەتی ئیسرائیل تا ڕادەیەک) دیموکراسیەت تەنیا ڕوکەش بووە و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش بەواتا هاوچەرخەکەی بەدی ناکرێت. عەبدول ئیلاه بەلقیز ئاماژە بە چوار هۆکار ئەدات سەبارەت بە گەشە نەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیشدا کە بریتین لە: شکستی سیاسی، دۆگمای فیکری، نامۆبوون بە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەو داخرانی رێکخراوەیی. لەم کۆمەڵگەیانەدا دەسەڵاتدارە تەقلیدیەکان هەرگیز ئامادە نەبوون دەستبەرداری دەسەڵات بن، ئەوەش بەزیان گەڕاوەتەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش. لەبەر ڕۆشنایی دواکەوتویی کۆمەڵ بەگشتی و کەلتورە سیاسیەکە هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەم وڵاتانە ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوچەرخ نین و هەموو بە دەسەڵاتیشەوە بەرهەمی واقعی کۆمەڵگەکەی خۆیانن ئەوە بۆ باشووری کوردستانیشە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ڕۆژئاواو باکووری کوردستان دەبینین لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازیەکی ئەو تۆی لەگەڵ باشووردا نیە، بەڵام چونکە خاوەن حیزب و هێزی سیاسی خاوەن فیکرو ئیرادەو بەرنامەن هەربۆیە توانراوە ببنە ئۆپۆزیسیۆنێکی بوێرو خاوەن ئیرادەو گەلەکەشیان بەو جۆرە گۆشبکەن.

بڕوانە ١٧ی شوبات، هەرچەندە بەشێکی بەرچاوی شەقامی لەگەڵدا بوو، بەڵام ئیرادەیەکی پتەوی نەبوو بتوانێت دەسەڵات لە هەرێم ڕوبەرووی داواکاریەکانی بکاتەوەو پاکێجەکەی

بکاتە واقعێکی سەپێندراو، بگرە لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنە شەرمنەکان و دەسەڵاتدا دۆستایەتی هەبووە. دەبێت لێرەدا بڵێم ئۆپۆزیسیۆنێکی شەرمن هەیەو شەقامێکی تورەو ناڕازییش هەیە کە گوێی بۆ ناگیرێت. یان بەرژەوەندی ئۆپۆزیسیۆنە فەرمیە شەرمنەکان یان جێبەجێ کردنی خواستەکانی شەقام. بە قەناعەتی من شۆڕش و بزوتنەوەی جەماوەریی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتیکی بۆرژوای ناسیۆنالیستیی بە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوای ناسیۆنالیستی و ئیسلامی خواستە ڕاستەقینەکانی چینە زەحمەتکێشەکان بەدەست ناهێنێت کە زۆرایەتی کۆمەڵگە پێک دەهێنن.

- **سروشتی هەر دەسەڵاتێک ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن هەیە، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ئۆپۆزسیۆن مەحکوم بەخۆی دەکات. پرسیار ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن چۆن دەتوانێت خۆی لە کاردانەوەکانی دەسەڵات بپارێزێت؟**

**سالار باسیرە:** پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە خۆمان لەبەردەم چ جۆرە دەسەڵاتێکدا دەبینینەوە، دیکتاتۆر یان دیموکرات کە بڕوای بە ئازادیی فیکرو بیروڕاری جیاوازو دەستاودەست کردنی دەسەڵات هەبێت... لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و تۆتالیتێردا ئۆپۆزیسیۆن خۆی ناچار دەبینێت چالاکیەکانی نهێنی ئەنجام بدات و میکانیزمی تر بگرێتە بەر بۆ ڕوبەروبونەوەی دەسەڵات، بەڵام دەشکرێ دەسەڵاتێکی تەندروست فەرمانڕەوایی بکات و ئۆپۆزیسۆنێکی ناتەندروستیش هەبێت. کۆماری ڤایماری ئەڵمانیا سیستەمێکی پەرلەمانی دیموکراتی بوو، حیزبی نازیش ئۆپۆزیسیۆن بوو. ئۆپۆزیسیۆنی نازی توانی سوود لە کەشوهەوای دیموکراسی کۆماری ڤایمار وەرگرێت بۆ گەشەپێدان بەخۆی و گەیشتن بە دەسەڵات. بەڵام جەماوەرییش دەتوانێت ڕۆڵی باش ببینێت بۆ پاراستنی ئۆپۆزیسیۆن و ببێتە کۆڵەکەیەکی پارێزراو بۆی، وەک ئەوەی لە باکوور و ڕۆژئاڤای کوردستان دەیبینین.

- **بۆچی پرۆژەیەکی هاوبەشی دیموکراتی نیە لە باشووری کوردستان؟ ئایا پێویستیەکانی چین؟**

**سالار باسیرە:** بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی نادیموکرات لە باشوور، پێویستیی بوون بە پرۆژەی دیموکراسی بۆتە پێویستیەکی سیاسیش. بەڵام جیاوازی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و تاکڕەوی لایەنە سیاسیەکانی دژ، یان ڕەخنەگرانی دەسەڵات ناکۆک و ناتەبان لەگەڵ یەکتر داو پەیوەندیە دەرەکیە تاکڕەویەکانیان و بەرژەوەندیە کەسیەکانیان لەسەرو بەرژەوەندیە گشتیەکان ڕۆڵی نەگەتیڤی خۆی بینیوە لە دوور کەوتنەوە بۆ دروستبوونی پرۆژەی هاوبەش. تەنانەت بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی بەغداش. شتێکیش نەبووە ناوی بنرێت ستراتیژیی نەتەوەیی هاوبەش. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کێن ئەوانەی بڕوایان بە دیموکراسیەت یان بە پڕۆژەی هاوبەشی دیموکراسی هەبێت لە باشوور؟ لێرەدا دەبێت خوێندنەوەیەکی زانستیانەشمان هەبێت بۆ مەفهومی دیموکراسیەت. بەتەنها ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینەو ڕادیکال دەزانن لە هەرێم هێشتا لاوازن و نەیانتوانیوە ببنە خاوەن مۆدێلێکی وەک شۆڕشی ڕۆژاڤا یان باکووری کوردستان کە خۆیان لە حیزبە جەماوەریەکاندا دەبیننەوە وەک هەدەپەو پەیەدە.

راپۆرت

# ”جەوهەری ئۆپۆزیسیۆن ئەو تێڕوانینە فیکرییانەیە هەوڵی گۆڕین و باشترکردنی سیستم دەدەن“



ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: ئاسۆ جەوهەر

توێژەرانی فیکری سیاسی رایدەگەیەنن، ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەی کاردانەوە دروست دەبن، بۆیە پێش ئەوەی بییر لە فیکری سیاسی و بکەنەوە بییر لە تۆڵە دەکەنەوە! هەر بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کاریگەر لەنێو حکومەت و دەرەوەی بوونێکی ئەوتۆی نەبووە و جەختیشدەکەنەوە: ئۆپۆزسیۆنبوون نیشاندانی هەڵە و کەموکوڕیی دەستەڵات و دانانی میکانیزمی چارەسەرییە بۆ ئەو هەڵە و کەموکوڕیانەی کە دەستەڵات دەیهێنێتە کایەوە.



**ڕێبوار ڕەئوف سالح**، خوێندکاری داکتۆرا لە «سیاسەتی کوردیی لە خۆهەڵاتی ناوەڕاست»-زانکۆی کامبریج، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «لە سیاسەتدا ئۆپۆزسیۆن پێک دێت لە پارتێک یان چەند پارتێک، لە دژی حکومەت یان پارتیی دەسەڵات. ئەم پارتە ئۆپۆزیسیۆنانە دەبێت بییر و باوەڕ یان ئایدیۆلۆجیای سیاسی هەبێت کە بریتییە لە کۆمەڵێک بییر و باوەڕ یان رێباز کە دەبێت ئەخلاقییەن پێوەی پابەند بێت، لە رێگەیەوە ئەوە رونبەکەنەوە کە چۆن دەبێ کۆمەڵگە بەڕێوەببرێت، چۆن حکومڕانییەکی تەندروست پراکتیزە دەکات.»

ڕێبوار، بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند: ئەم جۆرە پابەند بوونە لە لایەن پارتە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بەرچاو ناکەوێت چونکە پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی پێش ئۆپۆزیسیۆن ئەم کارەیان جێبەجێ نەکردووە و هاوولاتیانیش دەنگیان پێدەدەن. بۆ نموونە، پارتیی دیموکراتی کوردستان بەس دیموکرات نییە! کەچی هەڵگری ئەو چەمکەیە یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکێتیی نییە، بەڵام ناوی

یەکێتییشیان لە خۆیان ناوە. بۆیە کاتێک پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان ئەمە دەبینن، تێدەگەن کە ئەوەی بەلای کۆمەڵگەوە گرینگ نییە فیکری سیاسی پارتەکانە. کوردستان نەیتوانیوە ئەو دواکەوتویی و ناهۆشیارییەی کە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێوەی دەناڵێنن تێپەڕێنێت، بە تایبەت لە دونیای سیاسەتدا. تەنانەت دەتوانین بیشڵێین کە ئەوە گەل و وڵاتە دواکوتووەکانیشە لە ناوچەکەدا

> ئەگەر پارتیی سیاسیی ئەخلاقییەن پابەند بێت بە فیکری سیاسییەوە رێگە بە خۆی نادات بە ڕێگەی ناڕەوا دەنگ بەدەست بێنێت

سیاسەتی کوردیی بەڕێوە دەبەن و تەحەکومی پێوە دەکەن. بۆ نموونە، کاریگەریی دەسەڵاتدارانی سعودیە و ئێران و تورکیا بە روونیی بەسەر سیاسەتوانانی کوردەوە لە هەرێمی کوردستاندا دیارە، ئەم ئارگومێنتە بەسەر ئەزمونی کوردانی سوریادا جێبەجێ نابێت، چونکە ئەوان بەڕاستیی نموونەیەکی جیاواز پێشکەش دەکەن هەربۆیە هەموو هێزە دواکەوتووەکانی ناوچەکە دژیانن، بەوانەی هەرێمی کوردستانیشەوە.

ئەو، وتیشی: لە دونیای دیموکراسییدا هەڵبژردن هەیە، ئاشکرایە کە زۆری ژمارەی کورسی لە پارلماندا گرینگە، ئەمە وای کردووە کە بە لای کەسان و پارتیی سیاسیی هەرێمەوە تەنها ژمارەی کورسی گرینگ بێت، تەنانەت بە لایشیانەوە گرینگ نییە کە چۆن ئەم ئامانجە دەپێکن، بۆیە دەبینیت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو هەموو تەزویراتە دەکرێت، دیارە ئەگەر پارتیی سیاسیی ئەخلاقییەن پابەند بێت بە فیکری سیاسییەوە رێگە بە خۆی نادات بە ڕێگەی ناڕەوا دەنگ بەدەست بێنێت. بۆیە ئەو کەس و پارتە سیاسییانە سودیان لە ئاستی نزمی تاک و کۆمەڵگە بینیوە و پێویستییان بە فیکر و ئایدیۆلۆجیای سیاسیی نییە بۆ ئەوەی دەنگی پێبەدەست بێنن. دەکرێت پرسیاری ئەوە دروست ببێت کە ئایە بۆچی ئەو پارتە سیاسییانەی دروست دەبن و وەکو ئۆپۆزیسیۆن دێنە پێشەوە هەوڵ نادەن ئاستی هۆشیاری و فیکری سیاسیی بەرزیان هەبێت. وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت ئەوە بێت کە ئۆپۆزیسیۆن بوون لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەی ڕیاکشنەری دروست دەبێت، واتا لە ئەنجامی کاردانەوە دروست دەبن، بۆیە پێش ئەوەی بیر لە فیکری سیاسیی و ئایدیۆلۆجیا بکەنەوە بیر لە تۆڵە سەندنەوە دەکەنەوە لەو هێزەی کە لێوەی دروست بوونە. لە لایەکی دیکەشەوە پارتە دەسەڵاتدارەکان هێندە گەندەڵیی و فەسادیی بەڕێوەبردنیان دروست کردووە کە فیکر و ئایدیۆلۆجیای سیاسیی بە لای کەسەوە گرینگ نەبێت و ئەوەی گرینگ بێت چۆنێتی بنبڕکردنی ئەو گەندەڵیی و فەسادییە بێت. بۆ نمونە، دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان کاردانەوە بوو دژ بە یەکێتیی بۆیە زیاتر بیریان لە گەندەڵیی و فەسادیی ئیداریی دەکردەوە، ئەمەیش وای کرد کە فیکر و ئایدیۆلۆجیای سیاسییان نەبێت. هەمان بۆچونیش سەبارەت بە هاوپەیمانیی

# چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە فیکری سیاسییدا واتایەکی قووڵی هەیە



**ڕێبین عبدالرحمن فتاح**، توێژەری سیاسی- زانکۆی چەرموو، بۆ گۆڤاری ئازادیی کۆڵگە لەوەدەدوێت کە «چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە فیکری سیاسییدا واتایەکی قووڵی هەیە، چونکە خۆی دەبینێتەوە لە هەبوونی بەدیل و جێگراوەیەک بۆ ئەو هێزەی کە دەسەڵاتی سیاسیی بەڕێوەدەبات، واتا هێزی بەدیل هەمیشە کار لەسەر کەموکوڕییەکانی هێزی بەرامبەری دەکات کە ڕەنگە هێزی بە پێوانەی هێزی ئەویش نەبێ، بەڵام ئەمە گرینگ نییە، ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە هێزی ئۆپۆزیسیۆن چۆن دەتوانێت لەسەر هەڵەی پارتیی دەسەڵاتدار خۆی دروست و ئامادە بکات بۆ دەسەڵاتی سیاسیی.»

ئەو توێژەرە سیاسییە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە کورد لەڕووی فیکری و سیاسییەوە دەنگی پێبێنن، بۆیە بینیمان لە یەکەم بەشداریاندا لە هەڵبژاردنی پارلمانی کوردستاندا توانیان ٢٥ کورسی مسۆگەر بکەن. بۆیە هەتا گەندەڵیی و نادادپەروەریی بنبڕ نەکرێت ئەستەمە فیکر و ئایدیۆلۆجیا گرینگی هەبێت بە لای دەنگدەرەوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان کەمتر بایەخ بە فیکری سیاسیی بدەن.

خوێندکارەکەی زانکۆی کامبریج، لایوایە دیین ئامادەییەکی باڵای هەیە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، «ئەگەر بتەوێت پارتیی ئۆپۆزیسیۆن دروست بکەیت، تەنانەت ئەگەر ئەو پارتە بییری عەلمانیانەش بەسەریدا زاڵ بێت هێشتا ناتوانێت بە ڕاشکاوانە هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بە دیین، یان ئەگەر هەڵوێستیشی هەبێت هەڵوێستێکی شەرمنانە دەبێت، چونکە کاردانەوەی نەرێنی بەرامبەر بە دیین بە مانای مەرگی سیاسیی دێت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. هەر ئەمەش وایکردووە کە تارادەیەک ڕوونییە کە ئایە بزوتنەوەی گۆڕان چۆن دەیەوێت هەڵس و کەوت لەگەڵ دییندا بکات، چونکە هیچ فیکر و ئایدیۆلۆجیایەکی ڕوونی نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێن دژی گەندەڵیین و دادپەروەرییمان دەوێت ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریش ڕاست دەبێت ئەگەر بێت و ئەوانیش بە هەمان ڕێگەی گۆڕاندا بڕۆن و بییر لە پەیڕەو و پرۆگرامێکی پوختە نەکەنەوە کە بە ڕونی فیکر و ئایدیۆلۆجیایان ڕون بکاتەوە، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت دەنگدەرانی ئەم هێزە زیاتر کەسانی خوێنەوار و ئەکادیمی بن بۆیە زیاتر لە گرینگی فیکر و ئایدیۆلۆجیای سیاسیی تێدەگەن.

رووحیەتی ئۆپۆزیسیۆن بوونی تیادا هەبووە، چونکە حکومەتە یەك بە دوای یەکەکانی عێراق دژایەتی کوردستانیان کردووە و ئەمەیش واتای ئۆپۆزیسیۆن بووە، بەتایبەت دژی دەسەڵاتی حکومەتی بەعس تا ساڵی ١٩٩١، بۆیە لەدوای دروستبوونی بۆشایی ئیداری لە هەرێمی کوردستان، و کاتێك کە بەرەی کوردستانی بووە دەسەڵاتی ئەمری واقیع (De facto).

> لەرووی سیاسییەوە نا کە بەدیلی هێزە دەسەڵاتخوازەکان بوونی هەبێ، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنی شعبیی و مەدەنیی بوونی هەبووە

وتیشی: لە ١٩/ ٥/ ١٩٩٢ هەڵبژاردن کراو کە تیادا هەشت لیست بەشداری ئەو هەڵبژاردنەیان کرد لەدروست بوونی حکومەت و دابەشکردنی پەنجا بە پەنجا لەنێوان دوو هێزی باڵا دەستی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیمۆکراتیی کوردستان. لەم کاتەدا ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی کارا و کاریگەر لەناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتیش بوونێکی ئەوتۆی نەبووە، تەنها بزووتنەی ئیسلامی کوردستان نەبێ ئەویش لەناو حکومەت نەبوو بەڵکو لەدەرەوەی حکومەت بووە، ئەویش کاریگەرییەکی واهای نەبووە، لەبەرئەوەی ئەم هێزە ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار بوونە، دەکرێت بووترێت ئۆپۆزیسیۆن عقائدی بوونە، وەکو چۆن نەوشیروان مستەفا دەڵێت:»بزوتنەوەی ئیسلامیی لەو دەمەدا ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی نەبوون، لەبەرئەوەی کە توندڕەو بوون و خواستی بەشدارییکردنیان لە حکومەتی غیرە ئیسلامیی دا نەبووە، ئەوان لەسەر پێکهێنانی سیستمی سیاسیی بەشێوەی علمانی رازی نەبوون، چونکە دید و بۆچوونی سیاسیی یان ئاراستەی سیاسییان نەبووە، لەبەرئەوەی بڕوایان بە چەك بووە ئەویش بە دعم و پاڵپشتی ئێران.» لەدوای ساڵی ١٩٩٦ و ڕووداوی ٣١ ی ئاب کە پارتیی دەستی بەسەر هەولێردا گرت لەدوای ئەو ڕووداوە بەدواوە شێوەیەك لە دوو ئیدارەی لە هەولێر و سلێمانی هاتە کایەوە. لەو دەمەدا و هەتا ساڵی ٢٠٠١ هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی کارا بوونی نەبووە کە ببێتە بەدیلی هێزی بەرامبەر، تەنها ئۆپۆزیسیۆن چەکدار بوونی هەبووە ئەویش زیاتر لەڕووی فیکریی و عقادیەوە بووە کە دژایەتی تەواوی سیستمی سیاسییان دەکرد.

ئەو توێژەرەی زانکۆی چەرموو، لە رووی فیکری سیاسییەوە ئەو شرۆڤەدەکات کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٠-ەوە لەهەرێمی کوردستاندا سەریان هەڵداوە»لەرووی سیاسییەوە نا کە بەدیلی هێزە دەسەڵاتخوازەکان بوونی هەبێ، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنی شعبیی و مەدەنیی بوونی هەبووە وەکو «نێوەندی رەهەند» کە چەند نووسەرێك دید و بۆچوونی خۆیان بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی دەربڕیوە، هەروەها ڕاگەیاندنی ئازاد، بەتایبەتی دروست بوونی ڕۆژنامەی هاووڵاتی لەدوای ساڵی ٢٠٠٠، هەروەها دواتر گۆڤاری لڤین و رادیۆی نەوا و

کوردستان پۆست و کوردستان نێت، کە ئەمانە هەموویان غیرە حیزبی بوون و هەوڵیانداوە دیوی دووەمی پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان پیشان بدەن. و هەروەها دروستبوونی (بزوتنەوەی هەتا کەی ) لە بەرواری ٥/ ٥/ ٢٠٠٧ کە بزوتنەوەیەکی مەدەنیی بووە کە هەموو ئەمانە لەدەرەوەی دەسەڵات بووەنە،بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٩ بەدوای بەتایبەت لەدوای ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٩ ، هێزێکی سیاسیی کە خاوەن دیدگا و ڕوئیای سیاسیی دیاریکراو بێت دروست بوو کە توانی ٢٥ کورسی پارلمانی بەدەست بهێنێت واتا لە ٢٣٪ دەنگەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم هێزەش بزوتنەوەی گۆڕان بووە، کە دواتر بووە پارتێکی معارزەی دەسەڵاتی سیاسیی کە سەنگ و قورسایی پارلمانیی هەبێت ببێتە جێگراوەی هێزە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستاندا.»

ڕێبین عەبدولرەحمان وتیشی: لەبەرئەوەی پارتە کوردییەکان خەباتیان لەشاخ بووە خەباتێکی مەدەنیی نەبووە، بۆیە تجروبە و ممارەسەی دەسەڵاتیان نەبووە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە یەکێتیی و پارتیی هیچ کەمیان نەیان توانیوە ببنە معارەزە و ئەوی تریان بچێتە دەسەڵات، چونکە هەردەم هەدووکیان هەوڵی زیادکردن و زیادبوونی بەرژەوەندنی خۆیانیان داوە و دژایەتی تەواوی ئەو هێز و لایانانەش بوون کە خواستی بە ئۆپۆزیسیۆن بوونیان تیادا بووە. هەروەها لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ بەدوای کە بزوتنەوەی گۆڕان بووە ئۆپۆزیسیۆن لەناو پارلمانی کوردستان، لێرەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و کاریگەر دروست بوو، بەڵام یەکێتیی و پارتیی بە هەموو شێوەیەك دژایەتیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بوونی بزوتنەوەی گۆڕانیش ئەوەندە بڕی نەکرد تەنها چوار ساڵ بوو دواتر ئەویش چووە ڕیزی دەسەڵاتەوە.

> **لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزیسیۆن، بەو واتاییەی لە فیکری سیاسییدا بوونی هەیە ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕێژەیی تا ساڵی 2009 بوونی نەبووبێت**

جەخت لەوەدەکاتەوە، بەشێوەیەکی گشتیی لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزیسیۆن، بەو واتاییەی لە فیکری سیاسییدا بوونی هەیە ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕێژەیی تا ساڵی ٢٠٠٩ بوونی نەبووبێت، «بەڵکو لەدوای ساڵی ٢٠٠٩-وە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی وەکو بزوتنەوەی گۆڕان هاتە کایەوە، بەڵام ئەمیش زۆر بەردەوام نەبوو و چووە دەسەڵات. بۆ داهاتوویش لە هەڵبژاردنی داهاتووی پارلمانی کوردستاندا کە ڕەنگە هێزی نوێ و بۆچوونی نوێ و دیدی نوێ بێتەکایەوە، خۆی وەکو بەدیلی دەسەڵات پیشان بدات، بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە ئەو هێزەی کە لەداهاتوودا دەیەوێت ببێتە هێزی جێگرەوە یان بەدیل چۆن دەبێت و چۆن کار دەکات. هێزی نوێ باشتر وایە هەڵگری ئەو خواست و هیوایە بێت کە گەنجان و ژنان هەیانە بۆ ژیانی دوا ڕۆژی خۆیان، بۆیە داهاتوو خواست

و ویستی هێزە کۆن و نوێیەکان بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندیی دەردەخات، کە ئایا دەیانەوێت بۆ چ مەبەستێك كار بکەن؟»



**بڕوا ستار**، خوێندکاری زانستە سیاسییەکانی-زانکۆی سلێمانیی، بۆ ئازادیی کۆمەڵگە هێما بۆ ئەوەدەکات»لە بنەڕەتدا ئۆپۆزیسیۆن بزاڤێکە بۆ بەرهەڵستیی دەستەڵاتداریەتیی و نیشاندانی هەڵە و کەموکوڕیی دەستەڵات و دانانی میکانیزمی چارەسەرییە بۆ ئەو هەڵە و کەموکوڕییانەی کە دەستەڵات دەیهێنێتە کایەوە، ئەمەیش لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی تر و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت. جەوهەری ئۆپۆزیسیۆن بوون لە خودی ئەو تێڕوانینە فیکریانە دایە کە هەوڵی گۆڕین و باشترکردنی سیستم دەدەن ئەویش لە ڕێگەی ململانێی سیاسیی و ئابووریی دەکرێت.»

ئەو خوێندکارەی زانکۆی سلێمانیی، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات لە هەرێمی کوردستان ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ درووستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان، وتیشی»لە بنەمادا وەک حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن خۆی دەرخست، ئەمەش بەردەوام بوو تا قۆناغی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش بەم ڕەنگە مایەوە، لێرەدا ئەم قۆناغە سەرەتاییە بۆ ئۆپۆزیسیۆن بوون، شێوازێکی نا ڕێکخراوی پێوە دیارە و وای نیشاندەدات کە تاکە نارازییەکان بۆ خۆی رادەکێشێت و بەبێ بوونی پەروەردە و ڕێکخستن دەریان دەخاتە پێشەوە. بێگومان ئەمەیش ئەزموونێکە لە رووی تیۆرییەوە بەم چەشنە باش نەبوو کە مرۆ بتوانێت بیکاتە هێزی پشتیوان، بەڵام سەرەڕای هەموو کوم و کورییەکان بزاوتێکی ئۆپۆزیسۆن باش بوو بۆ قۆناغەکە.»

بڕوا، جەخت لەوەدەکاتەوە: لە ئێستادا هەرێمی باشووری کوردستان بەبێ ئۆپۆزیسیۆن گوزەری حکومڕانیی دەکات، ئەو حیزبانەی کە لە ڕابردوو ئۆپۆزسیۆن بوون لە ئێستادا لە دەستەڵاتدا بەشدارن و ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنیش تێیدا کۆتایی هاتووە! لە بری ئەوە ئێستا کۆمەڵگە بە ڕۆحیەتێکی ئۆپۆزیسیۆن جێگەی گرتەوەوە، تێکۆشانی ژینی شایستە و سیاسەتێکی ئەخلاقیی دەکات، دەتوانیین بە پێودانگی سیاسیی، ئێستا ئەم قۆناغە ناوبنێین قۆناغی نەبوونی دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا نە دەستەڵاتێکی شەرعیی هەیە و نە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕێکخراو و خاوەن پرەنسیپ، بۆیە باشترین هەل بۆ ئەوەی باشوور باتوانێت هەستانەوە لە ژیانی تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا بکات، پەنابباتە بەر ڕێکخستن و خۆ پەروەردەکردن، کە دوو میکانیزمی زانستیی و فیکریین بۆ دەربازبوون لە بێ چارەیی و بێ هیوایی.

وتـــار

# ئایا پێناسەیەك بۆ حیزب هەیە؟



★ ڕێبوار ڕەشید

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە سەدان ئیمایلم بۆ هاتووە کە دەپرسن ئایا کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان چ جۆرە پێناسەیەکی بۆ "حیزب/ پارت» هەیە. هەروەها کۆمەڵێک پرسیاری دیکەش دەکەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەو وەڵامەوە هەیە. هەرچەندە لەوەبەر وەڵامم بە چەندین لەو هاوڕێیانە داوەتەوە، بەڵام پێموایە کە وەڵامی ئەو پرسیارە بە ڕای گشتی بگەیەنرێت ئاسانترە، چونکە بۆ هەمیشە لەبەر دەستدا دەبێت.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان تا ئەورۆیش پێناسەیەکی نییە سەبارەت بەوەی "حیزب/ پارت» چییە، بەڵکو پرۆگرامێکی گشتی سەبارەت بە یەکیەتی نەتەوەیی و پێشخستنی ئەو یەکیەتییە هەیە و نەچووەتە ناو زۆر وردەکارییەوە.

لە سەر ئەو بناخەیەش هەر حیزب و پارتێک بە ئەندامی خۆی وەردەگرێت کە خۆی بە حیزب دابنێت بە مەرجێک پێڕەو و پرۆگرامی لەگەڵ پێڕەو و پرۆگرام و ئامانجەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان نەکەوێتە دژایەتییەوە، و هەروەها نازیستی و ڕەگەزپەرستی یان دژ بە ژنان یان پێکهاتەیەکی ئایینی نەبێت.

کەواتە هەبوونی حیزبێک لە ناو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستاندا نابێت بە کرێدیت بۆ بە ڕاستی حیزببوونی، یان لە ڕووی چوونایەتییەوە باشبوونی. هەروەکو چۆن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەرپرس نییە لە تاوانێک یان خراپکارییەک کە بیکات، هەرچەندە دۆخێکی وا حەتمەن سەرئەنجامی دەبێت و کۆنگرە بە پێی پێویست هەڵوێستی لەسەر دەگرێت.

بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارە تا ڕادەیەک بە ئاسانی

دەدرێتەوە چون نزیکەی هەموو دەوڵەتانی دونیا جۆرێک لە مەرجی پارلەمانییان بۆ ئەوە هەیە کە حیزبێک چییە و دەبێت بە کام مەرجانە بەشداریی لە هەڵبژاردن و حکومەت و ...هتد بکات.

لە زانستیی سیاسییشدا باسی چۆنیەتیی حیزب و ئایدیۆلۆژیای جیاواز و تایبەتمەندیی "حیزب/ پارت» دەکرێت. دیارە ئەو مەرجانە لە زۆربەی دەوڵەتاندا زۆر لێکچوون و لەبەرئەوە مرۆڤ دەتوانێت کۆی هەموو ئەو خاڵانە بکات بە پێناسەیەک بۆ ئەوەی بزانرێت "حیزب/ پارت» چییە.

**ئەو حیزبانەی لە ژێر سێبەری حکومەتێك دان، واتە لە مەترسیی سیاسییدا نیین، دەبێت ئاماری شەفاف و دروستیان هەبێت**

نموونە گشتییەکانی ئەو مەرجگەلانە ئەمانەن، واتە بۆ ئەوەی ڕێکخستنێک پێی بگوترێت "حیزب/ پارت» دەبێت ئەم مەرجانە پڕ بکاتەوە:

١. لە سەر ئاستی ناوچەیەکی دیاریکراو کار بکات و دەبێت بەرنامەکەی خەسڵەتێکی نیشتیمانیی هەبێت و بە پێی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەیەی قابیلی ڕەخنەلێگرتن و شکایەت و لێپرسینەوە و سزادان دەبێت.

واتە لانی کەم حیزبێک دەبێت مۆتۆڕێکی پۆزەتیفی بەرەو رووی باشەدا گۆڕانکار بێت.

٢. بەدەنەیەکی/ ساختارێکی تەواو دیموکراتیکی هەبێت، بە واتایەکی دیکە هەڵبژاردنی سکرتێر، کۆمیتەی ناوەندیی، جۆرەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی جیاواز و هتد. دەبێت لە سەرئەنجامی پرۆسەی دیموکراتیک دانرابن (پێچەوانەی لیستی فیکس و هتد) و جێگۆڕکێی دەسەڵات و وازهێنان و دووبارە بە ئەندامبوون دڵخوازانە و دوور لە هەر جۆرە فشارێک بێت.

٣. ئەندام بە دڵخوازی خۆی و بە خواستی خۆی دوور لە هەر جۆرە توندوتیژیی و ناچارکردن و فریودانێک بوو بێت بە ئەندام. ئەو حیزبانەی لە ژێر سێبەری حکومەتێک دان، واتە لە مەترسیی سیاسییدا نیین، دەبێت ئاماری شەفاف و دروستیان هەبێت، واتە دەبێت هاووڵاتیی ئاسایی بۆی هەبێت بزانێت فلان حیزب چەند ئەندامی هەیە، ڕێژەی ژنان و پیاوان، ئاستی خوێندەواریی و بەڵگەنامە و پیشە و هتد. ئەم فاکتانە بۆ سیستەمی دیموکراسیی و پێشخستنی سیستەمی دیموکراسیی زۆر گرینگن. تۆماری یاداشتنامە و پرۆتۆکۆڵی هەموو کۆبوونەوە و دیدارێکیش لە چوارچێوەی ئەرکداریی بە شەفافیەتی سیستەمی دیموکراسیی یان ئاوەڵەیە.

٤. هەموو ئەندامێک لە نوێترین ئەندامەوە تاوەکو پلەترین باڵای ئەو حیزبە دەبێت ئابوونەی مانگانە بەردەوام بدەن. هەروەها ئەندامێک بۆی هەبێت واز لەو حیزبە بهێنێت بێ ئەوەی بترسێت کە تەنها لەسەر وازهێنان دووچاری فشاری جیاواز بێتەوە.

٥. ئابوونەی حیزب تەنیا دەبێت بە گشتیی لە چوار (٤) سەرچاوە بێت: یەک: ئابوونەی ئەندامان، دوو: سپۆنسەری ڕەسمیی دیار و ئاشکرا، بۆ نموونە

دووکاندارێک خەرجی کۆنفەرانسێک دەکێشێت لەبەرئەوەی بڕووای بەو حیزبە، بەو کۆنفرانسەیە، سێ: ئەو سامانەی لە سەرئەنجامی کۆی ئابوونە و فرۆشتنی بەرهەمی حیزب کۆ دەبێتەوە، بۆ نموونە پارەی ئابوونە ئەوەندە زۆر بێت کە حیزبێک بتوانێت هوتێلێک بکرێت و بە ڕەسمیی بە کرێی بدات و بە قازانجەکەی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات، چوار: ئەو بڕە پارەیەی حکومەت بە پێی یاسای ڕوون و بڕیاری پارلەمان وەکوو کۆمەک بە هەموو حیزبێکی دەدات کە شایستەیەتین.

٦. حیزب دەبێت خەرجی هەموو کاروبارێکی خۆی بە کۆی پارەی ئەو چوار (٤) سەرچاوەیە بکێشێت.



٧. حیزب نابێت بهێڵێت هیچ ئەندامێکی کە لە حکومەت، وەزارەت، پارلەمان، جۆرەکانی بەڕێوەبەرایەتیی و خزمەتگوزاریی بەرپرسیاریی هەبێت و کار بکات، هاوکات سەرمایەگوزاریی یان کار لە کەرتی تایبەتییدا بکات.

هەروەها هیچ کەسێکی نزیکیشی وەکو هاوسەر، خوشک و برا، منداڵ، ئامۆزا و پورزا و هاوڕێی نزیک، هاوکات سەرمایەگوزاریی یان کار لە کەرتی تایبەتییدا بکەن. هەمان ئەو کەسانە بۆیان نییە لەو کاتانەدا کە پۆستی ڕەسمییان هەیە سەهمیان لە سەرمایەگوزارییدا هەبێت.

٨. حیزبێک بۆی نییە کە ڕێکخراوەی نهێنیی، چالاکیی پەنهان و شاردراوە، میلیسیا و چەکدار و چەک و تەقەمەنیی هەبێت. هەروەها بۆی نییە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە کاروباری حیزب و لایەنەکانی دیکەدا بکات.

٩. ئەندامانی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆیان هەیە ئەندام یان لایەنگری هەر حیزبێک بن کە دەیانەوێت، یاخود لە هەڵبژاردندا دەنگ بە هەر کەس و لایەنێک بدەن کە دەیانەوێت، بەڵام هیچ حیزبک بۆی نییە بیانکات بە ئەڵقەیەک/ شاخەیەک یان بەشێک لە نفوزی خۆی. سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان دەبێت بە تەواویی سەربەخۆ بن. ڕێکخراوە مەدەنیەکان و سەندیکاکان دەبێت لە پێڕەوی خۆیاندا میکانیزم و ڕێسایان بۆ سەرپێچیی لەو جۆرە دانابێت و ڕێگریی لە قۆرخی لەو شێوە بکەن.

١٠. حیزبێک بە هیچ شێوەیەک نابێت لە جۆرەکانی دزیی، تاڵانیی، گەندەڵیی، قاچاخچیەتی، بەرتیل، نیپۆتیزم/ خزمخزمێنە، نایاساییکردنەوە بگلێت.

دەبێت لە یاسای گشتییدا سزای دیار بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دیاری کرابن. بۆ نموونە لێستاندنەوەی مافی وەزیریی و پەرلەمێنتاریی و فەرمانبەریی و هەموو ئەو مافانەی پێوەندییان بەو پۆستەوە هەیە.

١١. ئەندامی حیزب تەنیا کاتێک کە پۆستی ڕەسمیی لە حکومەتدا هەبێت بۆی هەیە مووچە لە سەر حیسابی سامانی نەتەوەیی وەربگرێت. کاتێک

حیزبێک ژمارەیەک کادێری بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری خۆی پێویست بێت ئەوا دەبێت لە پارەی حیزب خۆی مووچەیان بداتێ، نەک لە سامانی نەتەوەیی. هەروەها گرینگە هەموو حیزبێک لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت. هەر حیزبێک لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێت بێ ئەملاولا دەبێت بە پاشکۆی لایەنی دیکە و لەبەرئەوە پێناسەی سەرەکیی "حیزببوون« نایگرێتەوە.

**لە جیهانی سێدا حیزب زۆرن کە پەروەردەی سیاسیی نیشتیمانییان نییە.**

١٢. هیچ حیزبێک نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە ساختەچیەتیی و گزیی لە هەڵبژاردندا بدات، بە پێچەوانەوە دەبێت هەموو جۆرە زەمینەیەک بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەیەکی خاوێن و دروست لە هەڵبژاردن خۆش بکات.

ڕۆشنە حیزب وشەیەکی عارەبییە و هێندەی من ئاگادارم ٢٦ جار لە قورئاندا هاتووە و بە گەلێک مانای جیاواز دێت، یەکێک لەو مانایانە ئەوەیە کە لێرە مەبەستە، واتە کۆی خەڵکێک بۆ خستنەگەڕی بەرنامەیەک. دەنا لە دونیادا زیاتر سوود لە وشەی "پارت/ پارتی» وەردەگیرێت.

دیارە لە دونیای ڕۆژهەڵاتیی و ڕۆژئاوای دیموکراسییدا جیاوازیی بنەڕەتیی و پرینسیپیی زۆر هەیە، بۆ نموونە لە دونیای دیموکراسییدا خەڵک بەرنامە و کردار و ساختاری دیموکراتیک و شەفافیان بە لاوە گرینگە، بەڵام لە دونیای ڕۆژهەڵاتییدا کەسان هەن لە حیزبێکدا دەبن بە ئەندام لەبەرئەوەی کەسێکی خۆشەویستیان لەو حیزبەدا بووە یان لەو پێناوەدا گیانی سپاردووە.

خەڵک زۆر هەن کە ئەسڵەن خوێندەوارییان نییە و تەنیا بە سەلیقەت و لە ڕێگای وەفادارییی بە گوایا ڕێبازی کەسێک دەبن بە ئەندامی حیزبێک. هەروەها گوێ بەوە نادرێت حیزبێک چەند "حیزبە» و چەند بە جیددی مۆتۆڕی کۆمەڵگایەکە و چەند نەخشی لە پێشخستن و گۆڕانکاریی پۆزەتیڤدا هەیە.

لە جیهانی سێدا حیزب زۆرن کە پەروەردەی سیاسیی نیشتیمانییان نییە یان بەرپرس و ئەندامانیان لە دەرەوەی پێڕەو و پرۆگرام و پرینسیپدا هەڵسوکەوت دەکات.

لەبەرئەوە لە زۆرینەی وڵاتانی دیموکراتیکدا ئەو خاڵانەی سەرێ بە پێی یاسای حیزبەکان و یاسای بنەڕەتیی گشتیی و یاسای تایبەتیی وەکو پێشمەرج بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی حیزبایەتیی، یان بە مانایەکی دیکە وەکو پێناسەیەک بۆ «حیزببوون» هەن.

بێلەوەش بەربەستێکی ڕێژەیی، بۆ نموونە چوار دەرسەد ٪ ٤ یان زیاتر دانراوە بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە حیزبی پارلەمان.

هەروەها ڕێژەیەکیش بۆ تۆمارکردنی ژمارەی ئەندامان، دیارە ژمارەی راستەقینە، نەک ناوی دروستکراو و هەڵبەستراو.

بەو هیوایەی بەشێک لە وەڵامم بەو پرسیارە دابێتەوە.

شرۆڤە

# کۆتایی گەمە، لە پێش ڕیفراندۆمەوە بۆ پاش ڕیفراندۆم



★ هاوار موحەمەد

**یەکەم: کۆنتێکست:**

**یەک:** لە سەدەی نۆزدە و بیستدا سێ کوچکەیەک هەبوو: ئیمپریالیزم، ناسیۆنالیزم، ئینتەرناسیۆنالیزم. ئیمپریالیزم پرۆژەی داگیرکاری دەوڵەتانی زلهێزی وڵاتانی جیهانی یەکەم بوو، ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا گەشەی کرد کە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی بوو، هەر کاتێکیش دەگەیشت بە سەرکەوتن، نەتەوەی سەردەست خۆیان دەسەپاند و کۆی پانتاییە جوگرافییەکەیان لە چوارچێوەی دەستووری و سەروەریی تۆکمەدا کۆدەکرەوە، ئینتەرناسیۆنالیش پرۆژەی وڵاتانی جیهانی دووەم بوو کە خەباتی دەکرد چین و نەتەوە چەوساوە و ژێردەستەکان لە چوارچێوەی خەباتێکی جیهانیدا، دژ بە پرۆژە ئیمپریالیستییە گەورەکان، کۆبکاتەوە. دیارە لە نەزمی نوێی جیهانیدا ئەم سێکوچکەیە لاواز بووە. جیهانگیری بووە واقیعێکی سەروو-دەوڵەتی، کە هەم ئیپمریالیزمی گۆڕی بۆ جۆرێک ئیمپراتۆریەت، هەم سنووری دەوڵەتانی تێپەڕاند و هەمیش ئینتەرناسیۆنالیشی پەرتوبڵاو کردەوە. جیهانگیری بە پێچەوانەی ئینتەرناسیۆنالەوە، لۆکاڵەکانی لە دۆخێکی جیهانیدا نەتواندەوە، بەڵکو خۆی بۆ سەر ئاستی لۆکاڵەکان وردکردەوە. لەم لۆژیکەدا، جیهانی-لۆکاڵی، یان گشت-بەش، جێگیریی خۆیان لەدەستدا. ئیدی هەر نەتەوەیەکی ژێر دەست، هەر گروپ و وردە شوناسێکیش دەتوانێت زەق بیێتەوە و داوای دانپێدانان بکات، تەنانەت لەسەر ئاستی خێڵ و شێوەزمان (دیالێکت)یکیش. بەمانایەکیتر، کاتێک شوناسە گەورەکان شکست دەهێنن، شوناسە

بچووکەکان خۆیان زەق دەکەنەوە. بۆ نموونە کورد لە چوارچێوەی عێراقدا لە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ فیدراڵی چوو، پاشانیش بەرەو داوای سەربەخۆیی. لەچوارچێوەی کوردستانیشدا ناوچەیەکی وەکو ”هەورامان“ جاروبار دەیەوێت باس لە ئۆتۆنۆمی بکات. لەم ساڵانەی دواییدا لەسەر ئاستی ئایین، کاکەیی و ئێزیدی و زەردەشتی و مەسیحی و هیتر، داوای دانپێدانانیان دەکرد. زەقبوونەوەی شوناسە ئێتنیکی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەکان، بە مانای بەهێزبوونی هەستی ناسیۆنالیستی و ئینتیمای نەتەوەیی نییە، بەڵکو بە مانای شکستی دەوڵەت-نەتەوەیە کە بڕیاربوو هەموو ئەم جیاوازییانە کۆبکاتەوە، بەڵام لەبری ئەوەی کۆیان بکاتەوە، سەرکوتیکردن، ئێستایش جیهانگیری دۆخێکی ڕەخساندووە کە ئەم سەرکوتکراوانە بێنەوە سەرێ (ئەم باسە ڕەهەندی دیکەی نێگەتیف و پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە).



تابلۆی هونەرمەند ئۆگین دیلاکروا – ئازادی ڕابەرایەتی گەل دەکات ١٨٣٠ – سەردەمی ناسیونالیزم لەئەوروپا

## عێراق وەك دەوڵەت-نەتەوەیەك، چوارچێوەیەكی سەروەری بوو بۆ كۆكردنەوەی چەندین نەتەوە و زمان و مەزهەبی جۆراو جۆر

دوو: لە جیهاندا نزیکەی ٢٠٠ دەوڵەتی نەتەوە هەیە، لە کاتێکدا ٨٠٠ زمانی نەتەوەیی هەیە، ئەمەیش واتای ئەوەیە دەوڵەتان لەسەر بنەمای فرە نەتەوەیی پێکهاتوون نەک تاک نەتەوەیی. عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانە. عێراق وەک دەوڵەت-نەتەوەیەک، چوارچێوەیەکی سەروەری بوو بۆ کۆکردنەوەی چەندین نەتەوە و زمان و مەزهەبی جۆراو جۆر. بە گوێرەی پرۆژەکانی سەدەی بیستەم دەبوو دەوڵەت، یەکێتیی زمانی و کولتووری، لە ڕێگەی دەستوور و پەروەردە و تۆلێرانسەوە، ئەگەر ئەمە سەرینەگرت لە ڕێگەی هێزەوە، بسەپێنێت. عێراق بۆ ئەم ئامانجە، بەردەوام بە دۆخی نالەباردا تێپەڕیوە، تاوەکو دەگات بە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتە قەومی-سوونییەکەی بەعس لە ٢٠٠٣دا. لەو کاتەیشەوە تاوەکو ئێستا عێراق چوارچێوەکانی خۆی بۆ دروست ناکرێتەوە. ”عروبە“ بنچینەی عێراق پێش ٢٠٠٣ بوو، ”مەزهەب“ بنچینەی عێراق پاش ٢٠٠٣یە. عێراقی ئێستا مەزهەبییە و چیتر لە دابەشبوونەکانی

ناوچەکەیش ناسیۆنالیستیی پەتیی نین، بەڵکو مەزهەبین. ئایدیۆلۆژیای عروبە لە بەرامبەر مەزهەبدا شکستی هێنا، ئەمە شکستی دەوڵەت نەتەوەیش بوو. شکستی ناسیۆنالیزم بە مانای نەمان و مردنی هەست و ئینتیمای نەتەوە نییە، بەڵکو بە مانای تێکچوونی ئەو چوارچێوە دەستوورییەیە کە دەیتوانی زیاتر لە نەتەوە و مەزهەب و زمانێک کۆبکاتەوە و خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. هەر لەم کۆنێکستەدا بوو کە "بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەیییەکان" سەریانهەڵدا و کوردیش یەکێک بوو لەوانە. ئێستا کە دەوڵەت-نەتەوە، لایەنیکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شکستی هێناوە، واتای ئەوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیش ئەو سەنگ و قورساییەی نامێنێت کە هەیبوو.

**سێ:** کاتێک دەڵێین دەوڵەتی نەتەوە شکستی هێناوە، واتای ئەوەیە دۆخی جەنگ لەناوخۆدا زاڵ دەبێت. سەدەی بیست کە سەدەی دیاریکردنی سنوورەکانی قەڵەمڕەوی و سەروەری دەوڵەتەکان بوو، جەنگە دەرەکییەکانیشی بەخۆیەوە بینی. دەوڵەتانی دراوسێ لەگەڵ یەکدیدا دەکەوتنە جەنگەوە و بگرە جاری واهەیە لە سنووری جەنگی دوو دەوڵەتیش تێدەپەڕی. لەم دۆخەدا ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکانیش بە زەبروزەنگ کپ دەکرانەوە، یان هەندێکیان لە ڕێگەی کودەتاوە دەسەڵاتەکانیان دەگۆڕدران. بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، سەقامگیری ناوخۆ تێکدەچێت و جەنگە ناوخۆییەکان زەق دەبنەوە، لە کاتێکدا جەنگی دەرەوەیش (بە زۆری) چیدی لەنێوان دوو دەوڵەتدا نییە، بەڵکو لەنێوان دەوڵەت و هێزێکی نا-دەوڵەتی دایە کە زۆرجار بە هەق و ناهەق بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێن. زاڵبوونی دۆخی جەنگ لە ناوخۆ دەرەنجامی شکستی کارگێڕی و سەربازی و پەروەردەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتییە، ئەمەیش هیچ دەلالەتێکی نییە جگە لە شکستی دەوڵەت- نەتەوە. زاڵبوونی دۆخی جەنگ مانایەکی زۆر سەرەکیی هەیە، ئەویش گۆڕانی باری دەوڵەتە لە دەوڵەتی یاساوە بۆ دەوڵەتی ئاسایش ]ئەمن[. لە دەوڵەتی ئەمندا دۆخی ئاوارتە زاڵ دەبێت و بەردەوامیش درێژ دەکرێتەوە، بە قەولی بنیامین، خۆی دەبێتە ڕێسا.

> **بە گرتنەوەی شاری ڕەققە، وەك بڵێی پێمانـنـایە نێو قۆناغی پۆست-داعشەوە."پۆست" بە مانای "دابڕان" نییە**

**چوار:** بە گرتنەوەی شاری ڕەققە، وەک بڵێی پێماننایە نێو قۆناغی پۆست-داعشەوە. "پۆست" بە مانای "دابڕان" نییە، بەڵکو بە مانای ئەوەیە خۆی نامێنێت، بەڵام سێبەر و کاریگەرییەکانی هەر دەمێنێت بەسەر ئاراستەی ڕووداوەکانەوە. قۆناغی داعش قۆناغی کۆبوونەوەی هێزە جیهانییەکان و خێراکردنی پرۆژە گەورەکان بوو. کۆبوونەوەی هێز، واتە بەشێکی زۆری هێزەکانی دنیا لەم ناوچەیەدا کۆبوونەوە و کردیانە گۆڕەپانی جەنگ و ململانێی خۆیان. زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە گەورەکان ڕۆڵیان هەبوو لە عێراق دوای سەدام حسێن، بەهاری عەرەبی، جەنگی ناوخۆی سوریا، جەنگ دژی داعشدا. هەندێک توێژەر کۆبوونەوەی ئەم هێزانە

وەک ئامادەکاریی دەبینن بۆ جەنگی گەورەتر. هەرچۆن هەبێت، واتای ئەوەیە زیاتر لە یاریکەرێک لەم ناوچەیەدا هەیە کە خەریکی پرۆژەکانی خۆیانن و پێناچێت هیچیان پرۆژەی ناسیۆنالیستی پەتیی بن. ئێران پرۆژەی هیلالی شیعی درێژە پێدەدات و هەنگاوی گەورەی هەڵناوە؛ ئەمریکا بە قەرزارکردنی ئەم وڵاتانەی لەمەڕ خۆمان دەیەوێت پرۆژەی نیولیبراڵیزم درێژ بکاتەوە و بازاڕی چەک گەرم بکات؛ ڕوسیا خەونی ئیمپراتۆریەتێکی هەیە کە بە قەولی "ئەلیکساندەر دیۆگین" نا-ئیمپریالیستییە؛ تورکیا خەون بە سوڵتان سلێمانەوە دەبینێت، بۆ ئەمەیش هەوڵدەدات ئەوروپا بە لێشاوی پەنابەر بترسێنێت و کوردەکان سەرکوت بکات؛ سعودییەیش دەیەوێت سوونەکان کۆبکاتەوە و لە یەمەن ئێران تێکبشکێنێت؛ لەولایشەوە یەهودییەکان نەخشەی ئیسرائیلی گەورەیان لەسەر مێزەکەیان داناوە. ئەم پرۆژانە ناسیۆنالیستی نین، بەڵکو دوو دیوویان هەیە: لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئیمپراتۆرین، لە ئاستی هەرێمیدا مەزهەبین. داعش زەقبوونەوە و بەرکەوتنی ئەم پرۆژانەی خێرا کرد. ئێستا کە خەریکە دەگەینە قۆناغی پۆست-داعش، هەریەک لەم پرۆژانە هەوڵ دەدات خۆی بچەسپێنێت.

**دووەم: تێکست:**

**یەک:** لە دوای ڕوخانی بەعسەوە، کوردی باشوور و، لە سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریایشەوە (کە دواتر شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە) کوردەکانی ڕۆژئاڤا، وەک گەمەکەرێکی هەرێمی لە ڕووداوەکاندا دەرکەوتن. کوردستانی باشوور هەر لە سەرەتاوە خۆی کردە بەشدار لە بونیاتنانەوەی عێراقدا کە گوایە دەبێتە عێراقێکی دیموکراسی، چونکە چاوەڕوان دەکرا بەرنامەی ئەمریکی عێراق بەڕێوە ببات. دواتر بینیمان عێراقێکی ناسەقامگیر و بێ ئاسایش هاتە ئاراوە کە لە ڕادەبەدەر مەزهەبی بوو. نەتەوەپەرستە سوونەکان کە زیاتر لە هەشتا ساڵ حوکمی عێراقیان دەکرد، دەسەڵاتیان لەدەستچوو، شیعەکان، بە کۆنە قینەوە، کەوتنە قەرەبووکردنەوەی ساڵانی ڕابردوویان. کورد دەیویست خۆی لەو ململانێیە بپارێزێت، بەڵام زیاتریش لە شیعەکانەوە نزیک بوون، چونکە بەرژەوەندی ئابووری و دەسەڵاتخوازییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. کاتێک دەرکەوت عێراق زیاتر بەرنامەی ئێرانی بەڕێوەی دەبات نەک ئەمریکی، کورد لەبەرامبەردا لە ئەمریکا نزیک بوویەوە، بە ئومێدی ئەوەی پێگەیەکی بەهێزی بۆ دابین بکات. لەئاستی پەیوەندیی هەرێمیشدا پارتی دیموکرات پاڵی دا بە تورکیاوە و یەکێتیی نیشتمانیش بە ئێرانەوە. ئەوەیشی هەر هەموویانی، بە بەرنامەی خۆیانەوە، پێکەوە کۆدەکردەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بوو. بە درێژایی ئەو ساڵانەی پێشوو کوردی باشوور وەک نوێنەری ناسیۆنالیزمی کوردی خۆی ناساند، بە بێ ئەوەی خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی جددی نەتەوەیی یان نیشتمانی یان سیاسی بێت. عێراقی نوێی لاوازی نەکردە دەرفەت بۆ قایمکردنی پێگەی کورد و بەرەوپێشبردنی دۆزەکەی، بەڵکو کردی بە هەل بۆ چەسپاندنی زیاتر دەسەڵاتی حزبی، وەرگرتنی پۆست، فرۆشتنی نەوت (بە یاسایی و نا-یاسایی، لەگەڵ عێراق یان بە بێ عێراق)، تاکڕەویی ناوخۆ. لە ئاستی ناوخۆش، دەسەڵاتدارانی باشوور هیچ بەرنامەیەکی نیشتمانییان نەبوو بۆ یەکخستنی کارگێڕی، دروستکردنی سوپای نیشتمانی، بەهێزکردنی دامەزراوەکان، کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و دابینکردنی لایەنی هەرە کەمی عەدالەت، کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵک. خەمی سەرەکییان دەستەبەرکردنی

ئاساییشی حزبەکانیان، سەرکوتکردنی نارەزایەتی، هێنانی کۆمپانیا نەوتییەکان، پرۆژەی بارزگانی و سەرمایەداریی (زۆربەیان بە نا-یاسایی) بوو. ئەم لۆژیکە دواجار گەیشت بە داخستنی پەرلەمان و شکستی چاکسازی.

لە ڕۆژئاڤا دۆخەکە جۆرێکی دیکە بوو. ئەوان لە جەنگی ناوخۆی سوریادا، هەر زوو هەوڵیاندا گەمەی ستراتیژی بکەن، لەمەیشدا ئەزموونی پەکەکە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو. ڕۆژئاوا هەر لە بنەڕەتەوە گوتاری ناسیۆنالیزمی کردە ئامانجی دووەم. ئامانجی یەکەم دروستکردنی فۆرمێکی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن بوو کە بتوانێت هەم لە ناوخۆدا تۆکمەبێت و هەم لە ڕووداوە هەرێمییەکاندا نەخشی هەبێت. بۆ ئەوەی بتوانێت ئەمە بکات دەبوو بیزانیایە چۆن لە جوگرافیادا بجوڵێتەوە. بۆ ئەوەی پۆلێنیش نەکرێت، نە خۆیان لەسەر پەکەکە ساغ کردەوە، نە لەسەر دەسەڵاتی سوریا، نە لەسەر داعش، نە لەسەر هیچ هێزێکی ناوچەکە. لە ناوچەکانی خۆیاندا، سوپای لە خەڵکی دروست کرد و پەیتا پەیتا پێشڕەویی کرد؛ ڕۆحیەتی دەستەجەمعی، بە جۆرێک تاکڕەوی و بڕیاری سەنترالیشەوە، پەرەپێدا. بە مانایەکی تر، یەپەگە لە سەرووی خەڵکەوە خۆی نەسەپاند، بەڵکو لە ناو خەڵکەوە کاری کرد. ژن لە سیاسەت و بەڕێوەبردن و جەنگدا بووە کارەکتەرێکی سەرەکی. لە جەنگیشدا دژ بە داعش و هێزەکانی دیکە، هەوڵیدا ڕاستەوخۆ زیان لە بەرژەوەندی ستراتیژیی زلهێزەکان نەدات. کاتێک پەلاماری کۆبانێ درا، ڕۆژئاڤا بەرەنگارییەکی هاوشێوەی تەڕوادەی کرد، بەبێ ئەوەی دواجار داگیر بکرێت. ئەو بەرەنگارییە جوامێرانەیە بووە هۆی بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژئاڤا، بەم جۆرە سەرەتا لە هێڵی ناتۆ نزیک بوویەوە و توانی کۆمەک و چەک بەدەستبهێنێت، دواتریش ئەمریکا کردییە هاوپەیمانێکی خۆی لەناوچەکەدا، یەکەکانی سوپای سوریای دیموکراتیشی بەجۆرێک دارشتەوە کە لایەنیکەم تا تەواوبوونی جەنگ دژی داعش، دەستەبەری بەردەوامی ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییە بکات (هەڵبەت دەشێت لە هەر ئان و ساتێکدا ئەمریکا پشت بکاتە ڕۆژئاڤایش، بە تایبەتی ئێستا کە ڕەقە کۆنترۆڵکراوەتەوە، مەترسی داهاتووی سوریا لەنێوان دەوڵەتی سوریا و کوردەکاندا دەبێت، چونکە بێگومان دەوڵەت دەیەوێت هەموو خاکەکەی پێش سەرهەڵدانی جەنگ بەدەستبهێنێتەوە). لەپاڵ ئەمانەیشەوە، ڕۆژئاڤا لەجیاتی ئەوەی دەوڵەت لەنێو دەوڵەتدا ڕابگەیەنێت، سیستەمی کانتۆنی ڕاگەیاند، واتە لە جیاتی سەربەخۆیی، پەیڕەوی لە "خۆ-سەریی دیموکراتی" کرد. بە بڕوای مایکڵ هارت، فەیلەسوفی دیاری چەپی نوێ، گرنگترین گۆڕانێک کە لە کوردستاندا هاتبێتە ئاراوە گۆڕانی ئامانجی خەباتی کورد بوو لە ڕۆژئاڤا، لە ڕزگاریخوازیی نیشتمانییەوە بۆ "خۆ-سەریی دیموکراتی".

**دوو:** تێکستی باشوور جیاواز بوو. لە ماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردووی هێزەکانی باشووردا، دوو حزبی دەسەڵاتدار، هیچ کات دەرفەتی یەک ئیدارەیی و یەک ئیرادەییان نەدا. "یەکڕیزی" بەردەوام وەک دروشم حزوری هەبووە، هەر شتێکیش وەک دروشم بە زەقی حزوری هەبوو مانای وایە ئامادەییەکی واقیعی نییە. تەنانەت لە وەختی حکومەتی بنکەفراوانیشدا و بگرە لە پەرلەمانی بەغدایشدا، ئەم یەکڕیزییە پڕبوو لە شلۆقی و دژیەکی. بۆ هەریەکێک لەم حزبانەی باشوور "یەکڕیزی" ئەوەیە هەمووان بچنە ڕیزی ئەو. بە هەرحاڵ لە

سەردەمی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوە تا کاتی ڕیفراندۆم، دوو ڕەوت بە ڕوونی دەبینرا: ڕەوتێک لەسەر هەموو ئاستەکان محافەزەکار، داخراو، تەقلیدی کە سەرجەم پێگەکانی داگیر کردووە و بە جۆرێک نوێنەرایەتی سەرمایەداریی خێلەکیی نەوتی کوردی دەکات؛ ڕەوتێکی ئۆپۆزسیۆن کە نوێنەرایەتی چاکسازیی و گۆڕانکاریی مەدەنی و پەرلەمانی دەکات (بەبێ ئەوەی بوێری هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیی هەبێت). ئەم دابەشکارییە لە کۆبوونەوە و بڕیار و بانگەشەکانی ڕیفراندۆمیشدا هەر هەبوو، ئەگەرچی ڕەوتی دووەمیان هەڵوێستی ڕوونی نەبوو دەربارەی "بەڵێ" یان "نەخێر". بەهۆی نەبوونی ئەم هەڵوێستە ڕوونەوە بوو کە بەرەیەک دروست دەبێت دەیەوێت خۆی ڕادیکاڵتر پیشان بدات، بۆ ئەمەیش یەکەمجار هێزی خۆی "لە نەخێری گەورە"دا تاقی کردەوە، بەڵام شکستی هێنا. دواجار ڕیفراندۆم کرا و هەمووانیش دەیانزانی دۆخەکە مەترسیدارە، بەڵام کەس مەترسییەکانی بە جددی وەرنەگرت. چەند ڕۆژێک لەمەوپێش وتەبێژی یەکێتی نیشتمانی وتی "ئێمە وەهامان نەخەمڵاندبوو کە مەسەلەکە ئاوا سەخت دەکەوێتەوە". لە کاتێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی حزبەکەیان لە وڵاتانی جیاواز لە ئاستی ئەم مەترسیانە بەردەوام ئاگاداریان کردبوونەوە. دواتر چی ڕوویدا؟ هەڵبەت کە پارتی و یەکێتیش زۆرباش دەیانزانی دەبێت بکشێنەوە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە گرەوەکەیان لەسەر ئەو ناوچانە بوو کە پێیاندەوترێت "ناوچەی جێناکۆک". خۆیشیان لە کۆبوونەوەکانی دوای ڕیفراندۆمدا و دواجار لە کۆبوونەوەی "دوکان"دا بەم بڕوایە گەیشتن. بەڵام دۆخەکە بەو جۆرە نەچووە پێش کە ئەوان چاوەڕوانی بوون.

ئەوەی ئەم گەمەیەی تێکدا هەندێک بەرگری و شەڕ بوو لەلایەن چەند بەرپرسێکی یەکێتییەوە کە هەر زوو پارتی بە هاندان و ڕوماڵێکی بەفراوانی میدیا گەورەکانی، ئەمەی وەک هەل قۆستەوە و، هۆکاری پاشەکشە و بەدەستەوەدانی کەرکووکی بەسەر باڵێکی دیکەی یەکێتیدا شکاندەوە، بەمەیش خۆی لە دۆخەکە هێنایە دەرەوە. لە ڕاستیدا یەکێتی گەمەیەکی کوشندەی لەگەڵ پارتیدا کرد، بەڵام پارتیش گەمەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ یەکێتیدا کرد. باڵی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ناو یەکێتی، لە پشتی پارتییەوە بڕیارێکی دیکەی دا و بە جۆرێک خۆی لە خنکان لەنێو گوشارەکانی دوای ڕیفراندۆم ڕزگارکرد؛ پارتیش بۆ ئەوەی شکستی کۆی سیاسەتەکانی خۆی لە کەرکوک و کوردستان و بە تایبەتیش دەرەنجامەکانی ڕیفراندۆم داپۆشێ، هەموو شکستەکانی تەرجەمەی شکستێکی سەربازیی کرد. بە مانایەکی تر، پارتی هەموو شکستەکانی دەیان ساڵی ڕابردووی لە بوارەکانی کارگێڕی، سیاسی، دیبلۆماسی، ئابووریدا، لە یەک شکستی ئەم دواییانەدا کورت کردەوە: شکستی سەربازیی لە کەرکوک. ئۆباڵی ئەم شکستە سەربازییەیشی بەسەرخۆی نەهێنا، بەڵکو گۆزەکەی لەسەری یەکێتیدا شکاند. لە ڕوماڵە میدیاییە گەورەکەیشیدا سەرنجی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی شەنگال و مەخمور لابرد و فۆکەسی زۆر گەورەی خستە سەر کەرکوک. یەکێتیش بۆ ئەوەی گزییەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە و ڕووی خۆی لای کورد و کەرکوکییەکان سپی بکاتەوە، تەقسیری نەکردووە لەوەی کەرکوک و دوزخورماتوو وەکو شامی شەریف نیشان بدات، لە کاتێکدا هەمووان دەزانن کە دەیان ماڵ سووتێنراون و سەدان ئاڵای حەشدی شەعبی هەڵکراون و مەترسیش لەسەر کۆی ئەو خەڵکانە هەیە کە ڕۆژێک وەک کوردێک، نارەزایەتییان دژ بە حەشد و

سوپای عێراق دەربڕبێت، بە تایبەتیش ئەوانەی کە وەک چەکداری خۆبەخش ئامادەی بەرگری بوون.

**سێ:** شکستی ڕیفراندۆم پێویستی بە فاڵگرتنەوە نەبوو، هیچ کەسیش پێویستی بە "شاسوار عەبدولواحید" نەبوو تا پێمان بڵێت "هۆ خەڵکینە، ئێوە نازانن، بەڵام من دەزانم ئەم شەڕە بەڕێوەیە و دوای ڕیفراندۆم نەهامەتی یەخەمان دەگرێت". ئەوەی وا بزانێ شاسوار بە بلیمەتی خۆی لە غەیبەوە هاتۆتەوە و قسەکانی بە ڕاست گەڕاون، ئەوا ڕەنگە تەخەلوفی عەقڵی هەبێت. هەر کەسێکی تۆزێک ژیر دەیزانی ڕیفراندۆم لەم دۆخەی ئێستادا و بە بێ هیچ ئامادەسازییەک، نەک نابێتە دەستکەوت، بەڵکو دەرەنجامی مەترسداری دەبێت و دەمانخاتە بەردەم هەڕەشە. چونکە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، زیاتر لەسەر "گوتاری مانەوە" کاری کردووە و هیچ کات "دەوڵەت" پرۆژە سەرەکییەکەی نەبووە. پرۆژە واتە کارکردن بە ئاراستەی ئامانج. ناسیۆنالیزمی کوردی هەرگیز بە ئاراستەی دەوڵەتدا کاری نەکردووە، ئەگەرچی وەک دروشم بەرزیشی کردبێتەوە (ڕۆژئاڤا پرۆژەیە، بە ئاراستەی شتێک کار دەکات، کە ئەویش دەوڵەت نییە، بەڵام ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەتە).

ئەنجامدانی هەر کارێکی وەک ڕیفراندۆم پێویستی بە هەڵسەنگاندنی هەموو ئەگەرەکانە، ئینجا لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەگەرانەدا دەشێت ڕێگاکان تاق بکرێنەوە. باشترین ئەگەری ئەم کارە ئەوەبوو کە دەشێت هەنگاوێکی گەورە لە دەوڵەتی سەربەخۆ نزیکمان بکاتەوە. دەوڵەتی سەربەخۆ مەحاڵ نییە، بەڵام لەم ڕۆژی دنیای سەرمایەداریدا دەبێت بزانیت چۆن ئەم ئامانجە لەگەڵ تۆڕی بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا گرێ بدەیت و هەوڵی دیبلۆماسی بخەیتە گەڕ؛ ئینجا چۆن ئامادەسازیی ناوخۆیی و بکەیت و نەخشەی دوورمەودا دابڕێژیت. خراپترین ئەگەریش ئەوانەبوو کە بینیمان: لەدەستدانی بەشێکی زۆریان هەموو دەستکەوتەکان، لەوانە: داخستنی سنوورەکان، لەشکرکێشی بۆ سەر خاکی کوردستان، لەدەستدانی "ناوچە جێناکۆکەکان"، گەڕانەوەی سەروەریی حکومەتی ناوەند بۆ دەزگاکانی هەرێم، هەڵگیرسانی جەنگ و برسێتی و هیتر. لەنێوان ئەم دوو ئەگەرەیشدا دەیان ئەگەری تر هەبوون کە پێویستبوو بخوێنرێنەوە.


ڕیفراندۆم لەئێراقدا

**چوار:** ئێستا ئیتر بە نزیکەیی هەمووان جگە لە پارتی، دان بە شکستی ڕیفراندۆمدا دەنێن، هەندێکیشیان بۆ پاککردنەوەی ئەستۆی خۆیان و خۆ بێبەریکردن لە دەرەنجامەکانی، شکستەکە دەخەنە سەر پارتی، بۆ نموونە باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی، لە دەیان بەیاننامەدا خۆیان بێبەریکرد، هەروەها یەکگرتوو کە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گوتاری پارتیدا بووە، ئێستا دەیەوێت پاکانە بۆ خۆی بکات، بانگەشەکەری سەرسەختی ڕیفراندۆم، لە وتارێکی زۆر دوو ڕووانە و ڕیاکارانەدا، داوای لە بارزانی دەکات دەستبەرداری پۆستەکەی ببێت، چونکە ئیتر گەیم ئۆڤەر.. لە کاتێکدا، هەر بە لۆژیکی

خۆی، پێویستە خۆیشی چاوڕووی دەرکەوتنی نەبێت و لە ماڵی خۆی دابنیشێت. لە ڕاستیدا ئەوەی کۆتایی هات تەنیا ڕیفراندۆم نەبوو بەڵکو گەمەیەکی گەورەتر بوو، یان کۆمەڵێک گەمەبوون لەنێو گەمەی گەورەتردا، بە جۆرێک وەک کۆمەڵێک بازنە لە بچووکەوە بۆ گەورەتر و بۆ گەورەتر لەنێو یەکتردا بوون. لەم قۆناغەدا هەندێک لە گەمەکان کۆتاییان هات، لەوانە گەمەی بەهاری عەرەبی، گەمەی دیموکراسیەت لە تورکیا، گەمەی داعش، گەمەی ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد، گەمەی ڕیفراندۆمی کوردستان. کۆتایی ئەم گەمانە سەرەتای قۆناغێکی دیکەیە کە ڕەنگە ترسناکتر و تاریکتریش بێت. ناونیشانی ئەم وتارەیش لە شانۆنامەیەکی "ساموێل بێکێت"ەوە وەرگیراوە، کە گەمە کۆتایی دێت، بە بێ ئەوەی هیچ ئاسۆیەک دیار بێت، بەمجۆرە کۆتایی گەمە کۆتایی گەمەیەکە، چونکە گەمەیەکی دیکە دەستپێدەکات. جا لەبەرئەوەی کۆتایی گەمەیەک، بە واتای سەرەتای گەمەیەکی دیکەیە، بۆیە تەنیا دەتوانین خۆمان ئامادەبکەینەوە بۆ گەڕی دواتر.

داخۆ ئەپۆکالیپس (قیامەت) کۆتایی بەم گەمەیە دەهێنێت یان ئەم گەمەیە خۆی دەگات بە ئەپۆکالیپس و قیامەت بەرپا دەکات؟ ئایا لە endgame ـەوە دەگەین بە lastgame؟ تەنیا یەک ڕەگەز هەیە بتوانێت مانایەکی دیکە بە کات بدات و ڕۆژژمێرێکی دیکە دابهێنێت، ئەویش "خەڵک" خۆیەتی. چیتر سیستەمی ئەمڕۆی دنیا هی ئەوە نیە چینێک، کاریزمایەک، حزبێک، بیگۆڕێت. چیدی پرۆلیتاریا، حزبی پێشڕەو، ڕابەری مەزن، دۆزی ڕەوا دەرەقەتی ئەم نەزمە جیهانییەی ئەمڕۆ نایەن. بە گوتەی ئاگامبێن، تەنیا ئەو وەختەی کە ماوەتەوە ساتێکی مەسیحییە، ئەمەیش کاتی کۆتاییە نەک کۆتایی کات. لەم کۆتایی کاتەوە دەکرێت ڕۆژژمێرێکی دیکە دابهێنرێت و زەمەنێکی دیکە سەرڕێ بخرێت، ئەوەیشی دەتوانێت ئەم کارە بکات هیچ کەس نییە جگە لە "خەڵک". خەڵکیش دالێکی بەتاڵە کە دەشێت زۆر گروپ و چین و توێژی هەمەجۆر و تەنانەت ئاژەڵیش تێیدا جێی ببێتەوە. خەڵک گشتێکی یەکڕەنگ نییە، بەڵکو هاوبەشییەکی هەمەڕەنگە؛ هاوبەندییەکی ئۆرگانیک نییە، بەڵکو جەستەیەکی بێ ئۆرگانە؛ گشت-بەش نییە، بەڵکو تاقانەییەکە لەم دووانە تێدەپەڕێت. ئێستا ئەمە زۆر ئەبستراکتە، کەوایە خەڵک چۆن کۆنکریت دەبێتەوە؟

> **لە ڕاستیدا لەم سەردەمی واقیعیی مەجازییەدا کۆنکریت بوونەوە و مەجازیبوونەوە هەمان مانای جارانیان نییە.**

لە ڕاستیدا لەم سەردەمی واقیعیی مەجازییەدا کۆنکریت بوونەوە و مەجازیبوونەوە هەمان مانای جارانیان نییە، ڕەنگە فەزای مەجازی خۆی دەرەنجامی کۆنکریتی هەبێت.

خەڵک زیاتر لە تەقینەوەیەکی نیمچە خۆڕسکەوە نزیکە نەک لە نەخشەوە. کەوایە کۆمەڵێک ڕەگەزی مرۆیی و نامرۆیی، سوبێکتیڤ و ئوبێکتیڤ، مێژوویی و ئێستایی، ئابووریی و سیاسی، ئێستاتیکی و تراژیدین، لە چرکەساتێکی مێژوویدا زەمینەی کۆبوونەوە و چڕبوونەوەیان دەڕەخسێت و شتێکی لێوە دەردەچێت کە دەستکاری سیستەم دەکات؛

ئەمە هیچ نییە جگە لە خەڵک.

خەڵک شتێک نییە پێشتر لە چوارچێوەیەکی پتەودا ڕێک بخرێت و تەواو پرۆژەیەکی ئامانجگەرا بێت، بەڵکو خەڵک زیاتر صیرورەیە کە دەشێت زیاتر لە چینێک و کۆمەڵێک و نەتەوەیەک و کێشەیەک بچینە نێوییەوە، ساتی دەرکەوتن و ناسینەوەیشی

**پێویستمان بە گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵە، گۆڕانێکی لەم جۆرە لە هەناوی ئەو حزب و هێزانەوە نایەت وا ئێستا لە گۆڕەپانەکە دان، بەڵکو ڕێك لە شوێنێکی دیکەوە دێت کە لە دەرەوەی ئەوانە**

یەک شتن.

ناشتوانین تا ئەبەد چاوەڕوانی ئەوە بین بە شێوەی خۆڕسک خەڵک دەربکەوێت، چونکە نیمچە خۆرسکە نەک خۆڕسکی تەواو، نیوەکەی تری نیمچە سیاسییە، پەیوەستە بە بەرەنگاری و حزوری ئێمەوە؛ لەمەدا دەتوانین بیر لە فۆڕمێکی حزبی ئاسۆیی بکەینەوە کە ئەبەدییەت ئامانجەکەی نەبێت؛ بەڵام لەمە گرنگتر گۆڕینی هەموو ئەو کەرەستە زۆرانەیە کە لەمرۆدا سەرمایەداریی ڕەخساندوونی بۆ کەرەستەی بەرەنگاری، بە قەوڵی مارکس "سوڕاندنی چەکی سەرمایەداری بەرەو ڕووی خۆی". بە کورتی دروشمێکی گرنگ ئەمەیە: هەموو شتێک کەرەستەی بەرەنگارییە. ئەمە ڕێگا خۆش دەکات بۆ کۆبوونەوەی ڕەگەزەکانی خاڵی دووەمیش.

ئەگەر لە ڕوانگەی خۆمەوە سەبارەت بە ناوخۆی کوردستانیش بدوێم، پێداگری لەسەر ئەوە ئەکەم کە پێویستمان بە گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵە، گۆڕانێکی لەم جۆرە لە هەناوی ئەو حزب و هێزانەوە نایەت وا ئێستا لە گۆڕەپانەکە دان، بەڵکو ڕێک لە شوێنێکی دیکەوە دێت کە لە دەرەوەی ئەوانە، واتە لە خودی "خەڵک"ەوە. ئێستا وەختی ئەوەیە خەڵک بێتەوە سەر شانۆ، بەڵام خەڵکیش لەنێوخۆیدا فرە و دابەشبووە، بۆیە ئەمەیش زۆر ئاسان نییە، بە تایبەتیش لەنێو ئەم دۆخە فاشیزمە گشتگیرەدا کە لەم ناوچەیەدا هەیە، بەم جۆرە ئەرکی خەڵک سەختە، یەکەمجار ئەبێ دژ فاشیزم بێت بە گشتی، ئینجا دژ بە دەسەڵات و سیستەم، دژ بە هێزەکانی ناوخۆ و هێزەکانی دەرەوە، دژ بە کۆنزەرڤەتیف و ڕیفۆرمیست، دژ بە ئیسلامی و کۆمۆنیست، بوەستێتەوە دیسانیش ئەمە ئەستەمە، بەڵام یەک ساتەوەخت هەیە کە تێیدا مەحاڵ دەبێتە مومکین، سیاسەت ئەوەیە کە لەم سەیرورەیەدا ئەم کەلێنە دەتەقێنێتەوە و ئاراستەی مێژوو دەگۆڕێت.

تەواو

هەڵسەنگاندن

# عەفرین، ئابڕوومەندیی کوردان و دواین کارتی قومارچییەکان



★ دارا مەحمود

فاشستەکان بەدیرۆکی خۆیان و وەک خەسڵەتێکی دیاریان هەمیشە پێیانوایە، دەستێکی غەیبی لەپشتیانەوەیە سەرکەوتنیان مسۆگەرە. لەبەر ئەمە لەسەر بنەمای ئارەزووەکانیان نەک واقیعەکانی سەرزەوی ڕەفتاردەکەن و بڕیاردەدەن. بۆیە هێشتا هیچ نەبووە شەهیەی داگیرکاریان کراوەتەوەو بەرنامەی دوای عەفرین، کە گوایا مینبەج و پاشان باشووری کوردستان، لەناوبردنی یەکجارەکی یەکەکە وکورد رادەگەیەنن. جیهانیش ئەوانەی لەبەرەی فاشستەکاندان، لەئێستاوە بەرنامەی ڕۆژی سەرکەوتن ئامادەدەکەن و ئەوانەش کەدژی ئەردۆغانن و ناخوازن بەدەستی خۆیان شتێک بکەن، چاوەڕوانن لەو بەرهەمە بچننەوە کە بەخوێنی کوردان بڕیارە بەدەست بێت.

لێرولەوێ، بەتایبەتی مێدیای عەرەب و هەندێ لەناو خۆشماندا، سەرکۆنەکەرانە یان بێهیوایانە، لەخۆشیيان یان لەخەمباریان، دەرڕینێک بڵاودەکەنەوە، کە گوایە ئەمە ئاکامی هاوپەیمانێتی کوردانە لەگەڵ ئەمەریکا و هەندێکیش ئەو حەسرەتەیانە کە کورد ئەمجارەشیان لەگۆڕەپانەکەدا بەتەنییایە. بەرلەهەرشت با ئەو ڕاستییە چەندبارە بکەمەوە، کە ئەمجۆرە شرۆڤەو لێکدانەوانە، پتر بۆ هێزە هەرەمەکیەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاستە، نەک هێزێکی هۆشیار و پتەو وسیاسەتمەداری وەک ڕۆژئاوای کوردستان. یەکێک لەخاڵە بەهێزەکانی شۆڕشی ڕۆژئاوا، ئەمەبووەو ئەمەیە کە هێزێکی باوەڕبەخۆی پشتبەستوو بەخۆیە، هیچکات بەتەمای هێزێکی



گەمارۆدانی تورکیای بۆ داگیرکردنی رۆژئاوا

بێگانەی فریادڕەس نەبووە و ئەگەر لەبەر بەرژەوەندییەکی تایبەت کە دژایەتیکردنی داعش بووە لەگەڵ چەند هێزێکی دەرەکی لەچەند قۆناغدا هاوکاری هەبووە. و رەنگە لەئایندەشدا هەبێت، ئەوە هیچکات ئەم پرەنسیپەی لەبیرنەبردوونەوە، کە بڕیاری کۆتایی و پرۆژەی کۆتایی.. هەر ئەمەیە کە خۆیان و لەپێناوی بەرژەوەندی رەهای نەتەوەو بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن.

کورد ئەگەر خاوەن پشتیوانی دەوڵەتانیش نەبێت (کە هێشتا زووە لەمڕووەوە داوەریی کۆتایی بکەین)، ئەوە بێ هیچ گومانێک خاوەن پشتیوانی مرۆڤایەتیی و ئازادیخوازانی جیهانە. با ئەمە بەکەم نەزانین و لەکاتی خۆیاندا ئاکامیان بەدیاردەکەوێت. چونکە رای گشتی لەخۆرئاوا لە ئاستێکدایە کەدەتوانێت سیاسەتی وڵاتان سەرلەبەر بگۆڕێت. بەڵام ئەمەش هەروا لەخۆڕاو بەئاسانی بەدینایەت، بەڵکو گۆڕەپانێکە کەدەبێ کاری لەسەر بکەین. لەبەرانبەردا دەوڵەتی تورک هەر ئەوەندەیە خاوەن سوپایەکی بەهێزو دامودەزگای دەوڵەتییە، کە بێگومان ناشێ بەکەمیان بگرین، بەڵام گۆشەگیرو ناشیرین و بێ دۆست وئاشنایە لە جیهاندا. چ لەسەر ئاستی دەوڵەتان و چ ئاستی رای گشتیش خاوەنی هیچ پشتیوانەیەک نییە. و بێدەنگی، یان سەوداو مامەڵەی سیاسیی روسیاو ئەمەریکا وئێرانیش لەگەڵ تورکیادا واتای پشتیوانی و هەڤاڵبەندیی نادات بەدەستەوە، بەڵکو هەر رۆژێک دەتوانێ گۆڕانکاریی دراماتیکیانەی بەسەردا بێت.

راستییەکی تریش هەیە کە ئەمیشیان لێرەدا پێویستە دووبارە بکەمەوە: جیهانی ئەمڕۆ و سیستەمە سیاسییەکەی، لەسەر هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی بەرێوەناچێت، وچاوەڕوانییەک لەم سیستەمە کەچارەسەری کێشە جیهانییەکان لەسەر بنەمای حەق، وناحەق بەڕێوەبچێت، خۆهەڵخەڵەتاندنێکی رەهایە. بەڵام لەم ناوەدا دووخاڵ جێگای جەخت لەسەرکردنەوەیە. یەکەم/ بزووتنەوەی ئازادییخوازی کورد لەرۆژئاوای کوردستان، بەر لەهەر شت بزووتنەوەیەکی ئەخلاقییە و بەهیچ شێوەیەک بەشێک نییە لەو بێ

> **شەری عەفرین، بەوجۆرە بەڕێوەناچێت، کە ئەردۆگان، نەخشەی بۆ کێشاوە، چونکە هەرشەڕێك لەجیهاندا خاڵی دەستپێکی بەدەست ئەو کەسانەیە کە هەڵی دەگیرسێنن، بەڵام مەرج نییە خاڵی کۆتاییشی هەر بەدەست ئەوان بێت**

ئەخلاقییە سیاسییەی لەسەر هەموو ئاستەکان لەجیهاندا بەڕێوەدەچێت. بەدوای هیچ سوود و دەستکەوتێکی سیاسییەوە نییە لەدەرەوەی ئەم پرەنسیپە. وباهیچ کەسیش چاوەڕوانییەکی وەها لەم بزووتنەوەیە نەکات. دووەم/ بێئەخلاقیبوونی سیستەمی سیاسیی جیهان، بەم واتایە نییە، کە هەموو شتەکان لەدژی ئێمەدەبن و هەرگیز شتی باش روونادات، چونکە لەپاڵ ئەمانەدا جیهانی بەرژەوەندییەکانیش هەیە. و پێموایە، هێزە جیهانییەکان تا کۆتایی تەنیا تەماشاکەرێک نابن. چونکە خەسڵەتی سیستەمی ئاکەپە لەوەی هەڵگری تەواوی خەسڵەتە فاشستییەکانە، شاراوە نییە و ناکرێ ئەم ڕاستییە نەبینن کە ئاکاپە مەترسییەکی جدییە بۆ تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. و نازیزمی هێتلەریی و فاشیزمی ئیتالیایی چی بەسەر ئەوروپادا هێنا، بەدڵنیاییەکی تەواوەوە ئەردۆگان لەمە خراپتر بەسەر ئەم ناوچەیەدا دەهێنێت. و لەم ناوەدا کورد بۆخۆی چەندە خۆراگرتر بێت و سەرکەوتن بەدەست بخات، بەهەمان ئەندازە، هاوکاریی جیهانیش مسۆگەر دەکات.

کورد لە رۆژئاوای کوردستان، وەک هەندێک پێیانوایە، هێندە بێچارە و پەککەوتوو نییە، کەئەگەر فریای نەکەون، تێکبشکێت. بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا کەخاوەن هێزێکی شەڕکەری مەزنە، خاون هێزی سیاسیشەو کۆمەڵێک کارتی لەدەستدایە، کەلەشوێنی خۆیاندا دەتوانێ بەکاریان بهێنێت. کورد چەندە پێویستی بە پشتیوانی هێزە هاوپەیمانەکان و بەتایبەتیش ئەمەریکا هەیە، ئەوان چەند ئەوەندە پتر پێویستیان بەکورد هەیە. و ئەگەر تاسەر لەبەرانبەر لەشکرکێشی و شەڕەنگێزی تورکیا بۆ سەر عەفرین هەروا خەمساری بنوێنن، کوردیش زۆر بەسادەیی دەتوانێت تەواوی هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ ئەواندا رابگرێت، وئەوکات ئەوان ئیتر بێ کورد چۆن دەتوانن لە باکوری سووریا درێژە بەهەبوونی خۆیان بدەن. و چۆن پرۆژەی رووبەڕووبوونەوەی ئێران بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە؟ هەروا کۆمەڵێک کارتی سیاسیی تریش هەیە لەدەست کوردا کەلەشوێنی گونجاوی خۆیاندا باسیان لێوەدەکرێت.

شەری عەفرین، بەوجۆرە بەڕێوەناچێت، کە ئەردۆگان، نەخشەی بۆ کێشاوە. چونکە هەرشەڕێک لەجیهاندا خاڵی دەستپێکی بەدەست ئەو کەسانەیە کە هەڵی دەگیرسێنن، بەڵام مەرج نییە خاڵی کۆتاییشی هەر بەدەست ئەوان بێت. لەسەرەتای شەڕی ناوخۆی سوریا، کە پێدەنێتە

حەوتەمین ساڵیەوە، تورکیا نەخشەیەکی وەهای لەسەردا بوو کە لەماوەی چەند مانگێکدا، رژێمی دیکتاتۆری بەعس بکەوێت و رژێمێکی دیکتاتۆری تری ئیخوانی لەم وڵاتەدا ئاوا بکات و ببێتە دەروازەی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریای لەدەستچووی عوسمانی و کوردانیش زۆر بەئاسانی پەرت وبڵاوبکات و شاروگوندێک بەناسنامەی کوردی نەهێڵێتەوە. بەڵام دیتمان چۆن ئەو خەونانە بوونە بڵقی سەرئاو و کوردان نەک هەر لەناو نەچوون بەڵکو بوونە هێزێک کە بەقەدەر دەوڵەتێک وپتریش حسابیان بۆ بکرێت. لێرە بەدواش هەروا دەبێت. هێزی داگیرکەر توانای وێرانکردن و خوێنڕشتنی هەیە ورەنگە لێرولەوێ گوندو شاریش داگیر بکات! بەڵام شکەست و سەرکەوتن لەشەڕدا بەمجۆرە ناپێورێت. بەڵکو پرۆسەیەکە چەندە بەزانست و تەکنیکەوە بەستراوەتەوە، کەدوژمن هەیەتی، لەوەزۆرتر بە ئیرادەو هێزی قوربانیدانەوە کەنییەتی. وبێگومان ئاکامی کۆتاییش لە گۆڕەپانی سیاسەتدا یەکلا دەبێتەوە، کەئەوەی تائێستا لە ئەردۆگانمان بینیوە، تەنیا گەوجایەتی و خۆکوشتن بووە. لەبەرانبەردا کوردان لەگەڵ واقیع، نەک خەون و خەیاڵدا سیاسەتیان پەیڕەوکردووە. و ئامادەن ئەو بەهایانە بدەن کە شایستەی دەستکەوتەکانن.

شتێک ماوە، دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان بیڵێم. پارتی نزیک بەدوو دەهەیە بەتەواوەتی خۆی لەبەرەی فاشیزمی تورکیادا ساغکردۆتەوە، نزیک بە بیست پایەگای سەربازیی ئەم وڵاتە لەژێر ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتەکیدایە، کەچی تورکیا دووجار ئەتکێکی وای بە پارتی کرد کەس نەیکردبێت، یەکەمیان کاتێک هاوکاریی وئاسانکاری بۆ داعش کرد، شەنگال و بەشێکی زۆری باوشووری کوردستانی داگیربکات، دووەمجاریش کاتێک ریفراندۆم ئەنجامدراو مەسعود بارزانی بە خائین ناوبرد. بەڵام بەجۆرێک کە مایەی تێگەیشتن نییە، پارتی هێشتا چاوی بەدوای تورکیاوەیە، فریای بکەوێت و لە قەیرانە قوڵەکانی دەری بهێنێت. عەفرین، هەلێکی زێڕینە بۆ ئەوانەی لەناو پرۆژەو بازاڕیی پۆخڵدان، تەکانێک بەخۆیان بدەن، ویژدانی کوردانەیان هۆشیارکەنەوە، غیرەتێک وەبەر خۆیان بنێن وهەڵوێستێک وەربگرن کە دەبێ وەریبگرن، عەفرین بەپشتیوانی رۆڵە راستەقینەکانی هەرسەردەکەوێت، باپارتیش عەفرین بکاتە ئەو تاڵە دەزووەی لەناو چاڵی خیانەتەوە خۆی پێ دەهێنێتە دەرەوە.

عەفرین سەردەکەوێت وئەردۆگانیش بەم پەلامارە سەرشێتانەیەی، لە قومارچییەک دەچێت کە لەسەر مێزی قومار تەواوی یارییەکانی دۆڕاندووەو تەنیا کارتێکی بەدەستەوەماوە کە ناوی عەفرینە و بەتەمایە موعجیزەیەک رووبدات وبەم کارتەی تەواوی شکەستەکانی رابردووی قەرەبوو بێتەوە.

گەرچی عەفرین بۆ کوردان قومار نییە، بەڵکو ئابڕوومەندیی و شکۆی نەتەوەیەک، وخاکێکی پیرۆزە. بەڵام کاتێک ئەردۆگان کردوێتی بەقومار بۆخۆی، ئەوە بەدڵنیاییەوە نەک هەردەیدۆڕۆنێت، بەڵکو وەک هەر قومارچیەکی دۆڕاو کەئابڕوومەندییەکانیشی دەخاتە گرەوەوە، دوادڵۆپی ئەو ئابڕمەندیانەی لەوێدا لەدەستدەدات. و ئەوڕۆژە دێت بۆ دەسەسڕێک بگەڕێت، تا دڵۆپە عارەقەکانی شەرمی شکەستی پێ بسڕێتەوە.

# ڕۆڵی پارتەکان لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا



★ دیارغەریب

لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پارتە سیاسیەکان هەمان ئەو ڕۆڵەیان نییە کە لە سیستەمی دەوڵەتدا هەیانە. بۆ نموونە لە سیستەمی سۆسیالیستی بونیادنراودا کە کوردستان و ئێراقیش زۆر لەبن کاریگەری مۆدێلی ئەم سیستەمەدان، پارتەکان پارتی سەرکردەو گشتگیرن و لە ئەقڵییەتدا باوەڕیان بە تێڕوانینی جیاواز نییەو ڕێگە نادەن لەدەرەوەی خۆیان ئیرادەی سیاسی جیاواز هەبێت. لەم مۆدێلەدا هەوڵدەدرێت هەموو کۆمەڵگە لەبن چەتری پارتێکدا ڕێکبخرێت و پارتی دەسەڵاتدار نوێنەرایەتی ئیرادەی سیاسی جەماوەر دەکات. ئەم مۆدیلە بە مۆدێلی ستالینیش بەناو دەکرێت. بەڵام ئەوەتا بۆ زۆر کەس دەرکەوت کە ئەم جۆرە پارتیبوونە ناتوانێت وەڵامی داخوازییەکانی گەل بداتەوە.

لە سیستەمی سەرمایەداریدا مۆدێلێکی تری پارتەکان بوونیان هەیە، لەم مۆدێلەدا پارتەکان لە ڕووخساردا جیاوازترن، فرە پارتایەتی هەیەو پارتەکان لە ڕێکخستندا گشتگیر نین و ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وابەستەی پارتەکان نین، بەڵام جارێکی تر هەر پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی ئیرادەی سیاسی گەل دەکەن و بڕیار لەسەر چارەنووسی گەل دەدەن. واتە لەسیستەمی دەوڵەتدا هەردوو جۆرە پارتەکە یەك ناوەڕۆکیان هەیە.

لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا ئەنجوومەنەکانی گەل جێی بڕیاردانن و نوێنەرایەتی ئیرادەی جەماوەر دەکەن. پارتە سیاسییەکان

بەشێکن لەو ئەنجوومەنانەو شانبەشانی نوێنەری چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بڕیار دەدەن. واتە پارتی سیاسی لەم سیستەمەدا نە لەرووی گشتگیرییەوە نە لەرووی نوێنەرایەتییەوە نە لەرووی بڕیاردانەوە ناتوانێت لەجێی گەل بڕیار بدات، بەڵکو دەتوانێت بۆجێبەجێکردنی بڕیارەکانی گەل خەباتێکی سیاسی و دیبلۆماسی بەڕێوە ببات.

> ”
> **ڕێکخراوەکان لە سیستەمی سۆسیالیستی بونیادنراودا بەشێکن لە ڕێکخستنی پارتەکان، نەبەشداری لە گەلاڵەکردنی بڕیاری سیاسیدا دەکەن و نە دەشتوانن بۆ بەدیهێنانی خواستی ئەو توێژەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن ببن بە فشار لەسەر دەسەڵات**

## ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا

هەروەك چۆن ڕۆڵی پارتەکان لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا هاوشێوەی ڕۆڵی پارتەکان نیە لە سیستەمی دەوڵەتدا، ڕێکخراوەکانیش ڕۆڵیان لەم سیستەمەدا هاوشێوەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان نییە لە سیستەمی دەوڵەتدا. ڕێکخراوەکان لە سیستەمی سۆسیالیستی بونیادنراودا بەشێکن لە ڕێکخستنی پارتەکان، نەبەشداری لە گەلاڵەکردنی بڕیاری سیاسیدا دەکەن و نە دەشتوانن بۆ بەدیهێنانی خواستی ئەو توێژەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن ببن بە فشار لەسەر دەسەڵات، بەپێچەوانەوە دەبنە نوێنەری پارتەکانی دەسەڵات بۆ بێدەنگکردن و دەستەمۆکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. هەرچی ڕێکخراوەکانی سیستەمی لیبراڵیزمە ڕاستەوخۆ وابەستەی پارتەکان نین بەڵام وابەستەی ناوەندەکانی سەرمایەدارین کە هەر ئەوانیشن پارتەکان ئاڕاستە دەکەن. لێرەدا ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی تر چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لە خۆبەڕێوەبردن و خۆ بە ئیرادەکردن دوور دەخەنەوە، ئەویش بەوەی کە دەخوازن ئەو چەمکە حاکم بکەن کە ڕێکخراوەکان پێویستە تێکەڵاوی سیاسەت نەبن. گومانی تێدا نییە ئەمەش بۆخۆی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان ڕۆڵ دەداتە پارتەکانی سیستەمی سەرمایەداری کە سیستەمی سۆسیالیستی بونیادنراو داویەتی بە پارتەکان. ئەمەش بۆخۆی پێچەوانەی ئەو بانگەشەیە کە لیبراڵیزم دەیکات و دەڵێت دیموکراتی بریتییە لە خۆبەڕێوەبردنی گەل چونکە بەو ڕەنگە بەشێکی زۆری گەل لە خۆبەڕێوەبردن دوور دەخرێتەوە. هەربۆیە لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پێویست دەبینرێت کە ڕێکخراوەکان نە سەر بەپارتە سیاسییەکان بن و نە لەدەرەوەی

سیاسەتیش بن، بەڵکو هاوشانی پارتە سیاسییەکان بەشداری لە دارشتنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بکەن و لەم پێناوەشدا بەشداری لە ئەنجوومەنەکانی گەل و کۆنگرەی گەلدا دەکەن. رێکخراوەکان لەم سیستەمەدا بەگوێرەی پێویستی چین و توێژەکانی گەل دروست دەبن ئەو چەمکە تێپەڕ دەکرێت کە رێکخراو وەکو سەرچاوەیەك بۆ بژێوی یاخود خۆ دەوڵەمەندکردن یان دەسەڵاتخوازی دروست بکرێت.

## پێگەی ماف لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا

لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پرەنسیپەکانی ماف، ئەخلاق و ڕەوایەتی بە بنەما وەردەگیرێت و پێوانەکانیش لەسەر ئەم بنەمایانە دادەرێژرێن. ئەمە پێچەوانەی سیستەمی دەوڵەتە کە یاساو بەرژوەندییەکان دەبنە پێوانە. هەرئەمەش وایکردووە ئەمڕۆ لە سیستەمی دەوڵەتدا دوو جۆر ماف یان دووجۆر پرەنسیپ هەبن. کە ئەوانیش پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتی، پرەنسیپەکانی دەوڵەتە لۆکاڵییەکان. بەڵام لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا وەکو لە پرەنسیپەکاندا باسمان کرد سێ جۆر ماف و پرەنسیپ بوونیان هەیە، ئەوانیش : یەکەم؛ پرەنسیپەکانی کۆمەڵگە. دووەم؛ پرەنسیپەکانی دەوڵەتی لۆکالی. سێیەم؛ پرەنسیپە جیهانییەکان. واتە چۆن پرەنسیپە جیهانی و دەوڵەتە لۆکاڵییەکان لەناو پەیوەندیدان و یەکتری کۆنترۆڵ دەکەن، پێویستە پرەنسیپ و مافەکانی گەلیش لەناو ئەو هاوکێشەیەدا جێگە بگرێت. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە لەنێوان دیموکراتی لیبراڵ و دیموکراتی ڕادیکاڵ کەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بەبنەمای وەردەگرێت. هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکییە کە سیستەمی لیبراڵیزم و دەوڵەت نەتەوەکان ناخوازن مافی پێکهاتە جیاوازەکان وەکو خۆی پەسند بکەن و هەموو مافەکان لە مافی تاکە کەسدا قەتیس دەکەن.

## رێبازی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بۆ چارەسەری پرسەکان

لەسەرەتا باسکرا کە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی هەوڵدانێکە بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکانی سیستەم و کۆمەڵگە، واتە دەتوانێت ببێتە وەڵام بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان. بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت دەوڵەتی نەتەوەیی چارەسەری پرسی نەتەوەیی ناکات ئەمە تەنیا بۆ کورد ناگوترێت یاخود لەبەرخاتری ڕازی کردنی دڵی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان ناگوترێت. بەڵکو داننانە بەڕاستیەکدا کە زۆر کەس و نەتەوە دەیزانن یاخود درکیان پێ کردووە بەڵام لەبەرژەوەندیاندا نییە کە باسی لێوە بکەن. ئەوەتا ئەمڕۆ دەبینین ئەو میللەتانەی دەوڵەتیان هەیەو ئەو میللەتانەی دەوڵەتیشیان نییە هەموویان کێشەی نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیان هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات. هەروەك چۆن لە سەدەی شازدەو حەڤدەو هەژدەی زایینیدا دەوڵەتە ئیمپراتۆرییە بەرفراوانەکان ئیتر نەیانتوانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسانە ببنە وەڵام و بەردەوامی بە بوونی خۆیان بدەن و لە جێگەی ئەوان مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی وەکو ئەلتەرناتیف نیشانداو سیستەمی جیهانیش لەسەر ئەم مۆدێلە خۆی رێکخست. ئەمڕۆ دەبینین ئەم مۆدێلەش بێچارە

بووەو بنەماکانی ڕەوابوونی لەدەستداوە. وەك دەزانرێت یەك زمان، یەك کولتوور، یەك مێژوو، یەك بازاڕ و یەك جوگرافیا بنەمای سەرەکی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بوون. ئەمڕۆ دەبینین ئابووری سنووری نەتەوەی تێپەڕکردووەو ئەو بۆرژوازییەتەی کە خۆی بانگەشەی ئابووری نەتەوەیی دەکرد ئێستا لە ڕێی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانەوە گەیشتۆتە قۆناخی قۆرخکاری و ئابووری نەتەوەی تێپەڕ کردووە. ئەمەش بۆخۆی زەمینەی ئابووری نەتەوەیی سنوورداری تارادەیەك نەهێڵاوەو ئیتر ئەو کۆمپانیایانە هەوڵدەدەن سنوورەکان بسڕنەوە. هەر نەتەوەیەکیش بخوازێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت دەبێت ئابووری پێشبخات و خۆی بگەیەنێتە ئاستێك کە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە بناسرێتەوە. لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و گواستنەوەدا لەم پەنجا ساڵەی رابردوودا ڕوویاندا گەلێك نەتەوە لە ڕووی کولتوور و جوگرافیا و مێژووەوە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا دروست بوون یاخود پێشکەوتن. ئەمەش وایکردووە کە نەتەوەکان لە ڕووی کولتوورییەوە زیاتر تێکەڵی یەکتر بن و لە ڕووی جوگرافیاشەوە گەلێك جوگرافیا ببێتە شوێنی ژیانی هاوبەشی زیاتر لەیەك پێکهاتە. ئەمانەش لەگەڵ خۆیاندا تا ڕادەیەك پێویستی بوونی دەوڵەتی نەتەوەییان پووچەڵکردۆتەوە. چونکە ئیتر کار گەیشتۆتە ئەوەی کە زۆربەی نەتەوەکان گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێت گوزارە لە ئیرادە، کولتوور و راستی نەتەوەیەك بکات. نموونەی هەرە بەرچاو ئەمڕۆ دەبینین نەتەوەی عەرەب خاوەنی ٢٢ دەوڵەتن بەڵام ئەم دەوڵەتانە ناتوانن گوزارە لە ڕاستی عەرەب بکەن. یاخود ئەوەتا فەرەنسا زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە هەوڵدەدا لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە زمانی فەرەنسی زمانی دووەمیانە لەچوارچێوەی (ڕێکخراوی فرانکۆفۆنی)دا زمان و کولتووری خۆی پێشبخات. ڕووسیا لەگەڵ میللەتانی ناوەڕاستی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا لە ڕێگەی ڕێکخراوی ئۆراسیاوە لە هەوڵی ئەوەدایە کولتووری خۆی و کولتووری ئەم دەڤەرانە لەبەرامبەر کولتووری ڕۆژئاوادا بپارێزێت و پێشیبخات. لەلایەکی ترەوە دەبینین دەوڵەتانی وەکو ئەڵمانیا، ژاپۆن، چین، هیند، بەرازیل، ئێران و تورکیا بەوپێگەیەی ئەمڕۆ تێیدان ڕازی نین و دەخوازن سیستەم بەشێوەیەك ڕێکبخرێتەوە ڕۆڵیان زیاتر بێت. ئەگەر سەیری باشووری کوردستانیش بکەین دەبینین کە ٢٤ ساڵ زیاترە خاوەنی دەسەڵات و حکومەتی کوردین بەڵام بەبەراوورد بە ڕابردوو سەیر بکەین دەبینین کە کێشەکانی کۆمەڵگەکەمان لە ڕووی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، دیموکراتی، ئابووری و ئیدارییەوە چارەسەر نەبوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و چەمکی دەوڵەت نەتەوە ناتوانێت پرسەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، هەر ئەمەشە وایکردووە لە ڕووی کولتووری، سیاسی و ئابوورییەوە ئەم سیستەمەی ئەمڕۆ پێویستی بە گۆڕانکاری بێت.

سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دەتوانێت لەچوارچێوەی ڕێکخستنی نەتەوەی دیموکراتدا پرسی ئیرادەو ناسنامەی نەتەوەیی چارەسەر بکات و لەسەر ئاستی ناوچەکان و جیهانیش لە سەکۆی ناوچەیی و جیهانیدا دەتوانرێت ڕێکخستنی وەها دروستبکرێت کە نوێنەرایەتی ئیرادەی نەتەوەکان بکات و ناسنامەو

کولتووریان بەهەند وەربگرێت. لەم کاتەدا هاووڵاتییەك کە ئەندامە لە نەتەوەیەکدا هەم دەتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لە ڕێگەی ناسنامەی نەتەوەی دیموکراتەوە گوزارە لێ بکات و نوێنەرایەتی ناسنامەی نەتەوەکەشی لە زەمینەی ناوچەیی و جیهانیدا لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراو و ڕێکخستنانەوە بکات کە بە پرەنسیپی نەتەوەی دیموکرات بونیاد دەنرێن. بە واتایەکی تر لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا ناسنامەی هاووڵاتی و نەتەوەیەك نابەسترێت بە بوونی دەوڵەتێك یاخود جوگرافیایەکەوە. لێرەوە دەتوانرێت بەشێکی زۆری ئەو کێشانە تێپەڕبکرێت کە نەبوونی دەوڵەت یاخود جوگرافیا ناکۆکی لەسەرەکان دروستیان کردوون.

> ئەنجوومەنی گەل لەو زەمینەیەی کە تێیدا دروست دەبێت خۆی لەبەرامبەر هەموو کێشەکانی جەماوەر بەرپرسیار دەبینێت

**ئەرکی ئەنجوومەنەکانی گەل لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا**

ئەنجوومەنی گەل لەو زەمینەیەی کە تێیدا دروست دەبێت خۆی لەبەرامبەر هەموو کێشەکانی جەماوەر بەرپرسیار دەبینێت و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دەسەڵات و دەوڵەت بکات پرۆژە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان گەڵاڵە دەکات. بۆ نموونە ئەگەر لە گوندێکدا یان کۆڵانێکدا ئەنجوومەن هەبێت لەو جێگەیەدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەوا ئەنجوومەن خۆی لەبەرامبەری بەرپرسیار دەبینێت و کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئەویش لە ڕێی دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی کێشەکەداو دواتر بڕیاردان لەسەر ئەو کێشەیە لە زەمینەی ئەنجوومەندا. واتە ئەگەر ئەنجوومەن ڕۆڵی خۆی باش ببینێت پێویست ناکات ئەو پرسە ڕووبەڕووی پۆلیس و دادگای دەوڵەت بکرێتەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە دەبێت لەچارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا چەمکی ئازادیی، یەکسانی و دیموکراتی بە بنەما وەربگیرێت و ئەو چەمکەی کە زۆر جار ژن وەکو بەدەلی خوێن سەیر دەکرێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت تێپەڕێندرێت. هەروەها ئەگەر لەو جێگەیەدا پرسی کەمی خزمەتگوزاری هەبێت ئەوا ئەنجوومەن هەوڵدەدات جەماوەر ڕێکبخات بۆ ئەوەی کە خۆیان ئەو بۆشاییە خزمەتگوزارییە پڕبکەنەوەو چارەسەری بکەن. یاخود ئەگەر لەو هەرێمەدا کەسانێکی نەدار و بێ توانا هەبن ئەوا ئەنجوومەن هەوڵدەدات لە ڕێگەی پێشخستنی پرۆژەی هاوبەش و ئابووری هاوبەشەوە ئەو کەسانە لە بێ کاری رزگار بکات و بیانکاتە کەسی بەرهەمهێن. لێرەدا گرنگە باسی ئەوە بکەین کە لە ڕابردووودا لەگوندەکانی کوردستاندا ئەنجومەنی ڕیش سپیان هەبووە بۆ چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێنیشاندانی هاووڵاتیان بۆ یارمەتیدانی یەکتری. لەپێناو ئابووریەکی هاوبەشیشدا هەمووکەس دەکەوتە ناو کارەوەو سوود لە کەسانی بە ئەزموون و بەساڵاچووش

## ئەمڕۆ لە کوردستاندا کێشەی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆرەو هەرلایەك بەشێوەیەك هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی

وەردەگیرا. ئاشکرایە هەتا ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناو هەندێك گوندو تیرەو خزمدا سندوقی هاوکاری هەیە و زۆرجار کێشەکانی خۆشیان لەناوخۆیاندا چارەسەر دەکەن و ڕووبەڕووی دەوڵەتی ناکەنەوە یاخود لە بەرهەمهێنانی ئابووری و چارەسەرکردنی پرسە ئابوورییەکاندا پشت بەخۆیان دەبەستن و چاویان لەدەستی دەوڵەت نییەو دامەزراندن و فەرمانبەربوونی دەوڵەت وەکو کۆتکردنی ئازادییەکانیان دەبینن. مسۆگەر ئەم بارودۆخە راستی سیستەمی خۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دیاری دەکات و زەمینەیەکی باشیشە بۆ سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی. ئەویش بەڕەنگێك دەبێت کە چەمکی ئازادیی، یەکسانی، دیموکراتی، هاوسەنگی نێوان ژن و پیاو، تاك و کۆمەڵگە و خزمەتکردن بەبنەما بگیرێت سنووری خزم و گوندو خێڵ تێپەڕبکات.

**سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لە باشووری کوردستاندا**

ئەمرۆ لە کوردستاندا کێشەی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆرەو هەرلایەك بەشێوەیەك هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە. ئەوەتا هەندێك بەتێڕوانینی سۆسیالیزمی بونیادنراو، هەندێك بەتێڕوانینی ئایینی سیاسی، هەندێکی تر بەتێڕوانینی دەوڵەت نەتەوەو چەمکی لیبراڵیزم کار دەکەن بۆ چارەسەری ئەم پرسانە، بەڵام ئەمانە سەلماندویانە کە ناتوانن شتێك چارەسەربکەن. گومانی تێدا نییە ئەو قەیرانەی ئەمڕۆ سیستەمی ئیداری، ئابووری، سیاسی، پارتایەتی و ڕێکخراوبوون تێیدا دەژین هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پشت بەو تێزانە دەبەستن کە لەکات و جێگەی تر تاقیکراونەتەوەو نەیانتوانیوە ببنە چارەسەری بۆ پرسەکان. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا پارچە بوون و بێ هێزی دەهێنێت. هەر بۆیە گرنگە کەهەوڵ بدەین میتۆدێك پەیڕەو بکەین کە تاقی نەکرابێتەوە، بەڵام لەگەڵ راستینەی ئێمەدا بگونجێت. سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتییش ئەو سیستەمەیە کە دەتوانێت بۆ کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ببێتە چارەسەری. دیارە ئەم سیستەمەش بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی داخوازییەکانی گەل بداتەوەو کێشەکان چارەسەر بکات، ئەوا دەبێت لەزەمینی کرداریدا تێڕوانینی خۆی بۆ چارەسەری بخاتە ڕوو. لێرەوە هەڵسوکەوت بکەین دەتوانین بەپێی پرەنسیپەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بەمشێوەیە کاربکەین بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان.

**یەکەم:** سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی، ئەمڕۆ لەباشووری کوردستاندا پرسی نەتەوەیی چارەسەر نەبووە، ئەوەتا هەتا ئێستا بابەتی ئەو ناوچانەی کە

بە ناوچەکێشە لەسەرەکان ناسێندراوە چارەسەر نەبووە، پرسی چۆنێتی رێکخستنی پەیوەندی هەرێمی کوردستان و ناوەندی ئێراق لەڕووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە لە ڕووی ئابووری و پێشمەرگەوە چارەسەر نەبووە. لەلایەکی ترەوە نەبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتدا لەباشووری کوردستانداو سیاسەت کردن لەسەر بنەمای حزبایەتی بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە هەم پرسە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان چارەسەر نەبێت، هەم کاریگەری نێگەتیڤ بکاتە سەر هۆشیاری نەتەوەیی و ئینتمای نەتەوەیی، ئەمەش گرفتێکی مەزنە ئەمڕۆ رووبەڕووی دەبینەوە.

بۆیە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی پرسی نەتەوەیی بەیەکێك لەپرسە سەرەکیەکانی خۆی دادەنێت و لەو سۆنگەیەشەوە جموجۆڵێکی فراوان دەکات لەپێناو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو پەروەردەکردنی بەڕێبازی نەتەوەیی دیموکراتیانە کە پشت بە ئیرادەی گەل دەبەستێت و چەمکی پێکەوە ژیانی دیموکراتیانە بەبنەما وەردەگرێت، کێشەی سنور، دەسەلات، پارتایەتی، بەزۆر خۆ سەپاندن بەلاوە دەنێت. کێشەی کورد بەیەك کێشە دەبینێت، هەروەها پرۆژەیەکی چارەسەری بۆ کێشەکانی جەماوەریش گەڵاڵە دەکات و لە کۆنگرەو کۆنفرانسی دیموکراتیانەی نەتەوەیدا یەکلایی دەکاتەوە. هەمانکات چۆنیەتی ژیانکردن لەگەڵ گەلانی تر لێرەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت. لەسەر ئەو بنەمایە لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا کاردەکرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەپارچەبوون ڕزگاربکرێت و یەکێتی ڕیزەکان لەسەر هەمان پرەنسیپ دەپارێزێت. خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دەتوانێت هەوڵبدات هۆشیاری نەتەوەیی لەم پارچەیەی کوردستاندا پەرە پێبدات و لە ڕێگەی کۆنگرەی دیموکراتیەوە کۆمەڵگەی کورد رێك بخات و بیکات بە ئیرادەیەکی ئازادو لەم کۆنگرەیەدا تەنیا کوردی هەرێمی کوردستان نا بەڵکو کوردانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش جێگەیان دەبێتەوە. بەمڕەنگە ئەو کۆنگرەیە دەتوانێت نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە باشووری کوردستان وئێراقدا بکات. ئەم کۆنگرەیە لەسەر ئاستی ئێراق دەتوانێت لەگەڵ کۆنگرەی هاوشێوەی گەلانی تری ئێراقدا لەچوارچێوەی کۆنفیدراسیۆنێکی دیموکراتیانەی گەلاندا سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لە ئێراقدا بونیاد بنێت. بەمڕەنگە دەتوانێت ئەو کێشانەی کە گوزارە لە ناسنامەی نەتەوەیی و ئیرادەی نەتەوەیی گەلانی ئێراق دەکات چارەسەر بکات. لەم سیستەمەدا دەبێت ئەوە دەرك پێ بکەین کە نەتەوەکان لەناو تەبایی و یەکتر ناسین و پەسەندکردنی ئیرادەی بەرامبەردا خۆیان رێکدەخەن. ژمارە و هێز نابنە هۆکار بۆ ئەوەی پارسەنگی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی تردا بشکێتەوە. لەلایەکی ترەوە کۆنگرەی دیموکراسی لە کوردستان دەتوانێت لەگەڵ هاوشێوەی خۆی لە پارچەکانی تری کوردستاندا کۆنگرەیەکی دیموکراتی گشتی بۆ گەلی کوردستان دابمەزرێنن کە بتوانێت نوێنەرایەتی ئیرادەو ناسنامەی نەتەوەیی کورد بکات ئەم ئیرادەیەش لەسەر ئاستی جیهانی و لەو زەمینەیەدا کە نوێنەری نەتەوەکان لە کۆنفیدراسیۆنێکی جیهانیدا دێنە لای یەك نوێنەرایەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردە. بەمڕەنگە دەتوانین هەم لەسەر ئاستی ئێراق هەم لەسەر ئاستی جیهان پرسی ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان چارەسەر بکەین.

**دووەم:** ئەمڕۆ کۆمەڵگەکەمان رووبەڕووی ڕەوشێکی قەیراناوی بووەتەوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو سیاسەتانەی کە لەڕابردوودا ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراق لەسەر گەلەکەمان پەیڕەویان کردووەو ئیدارەی کوردیش لەماوەی ٢٤ ساڵ ئەزمونی بەڕێوەبردنیدا نەیتوانیوە چارەسەریان بکات. ماوەی ڕابردوو لە ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستاندا دەرکەوت کەئەو شێوە بەڕێوەبەرایەتیە ناتوانێت قەیرانەکان چارەسەر بکات، بەڵکو قەیرانەکان قوڵتر دەکاتەوە. ئەمە وایکردووە سیستەم و کۆمەڵگە رووبەڕووی نەخۆشی گەندەڵی ببنەوە. ئەم بارودۆخە لەدوای ساڵانی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ دەرهاویشتەکانی زیاتر دەرکەوت و ئەمڕۆ دەبینین کە ناعەدالەتیەکی گەورە هەیە لەسیستەمی دابەشکردنی ماف و ئەرکدا. لە ئەو شێوە بەڕێوەبردنەدا ئەمڕۆ دووچین لەکۆمەڵگەدا درووست بوون، دەسەڵاتداران و توێژێکی کەمی دەوروبەریان چینی یەکەمی سوودمەندو سەرمایەدارن، چینی دووەم کە لەزۆرینەی خەڵك پێك دێت چەوساوەی دەستی ئەو ڕەوشەن کەبەناوی بەڕێوەبەرایەتی خۆماڵی بەڕێوەدەچێت، بەتایبەتی ژنان لەهەر کەسێکی تر زیاتر رووبەڕووی چەوسانەوەو زوڵم و زۆری دەبنەوە. گەنجان و لاوانیش کەبەشیان بۆتە کۆچ کردن لەوڵات و بێ کاری و چەك هەڵگرتن، ناتوانن هیچ کاریگەریەکیان لەسەر گۆڕانکاریەکان هەبێت، منداڵانی چینی سەردەست لەناو خۆشترین ژیاندا گوزەران دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە منداڵانی چینی خوارەوە لەهەموو خۆشیەکانی ژیان بێبەشن. هەمانکات تەواوی توێژەکانی تری کۆمەڵگە لەناو ڕەوشێکی بێ بەرهەمیدان و کەوتوونەتە چاوەڕێی ڕەحمەتی مووچەی مانگانەی

> ”
> ## ئەمڕۆ دەبینین دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراقداو لە هەرێمی کوردستانیشدا گرنگییەکی ئەوتۆ بە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە نادەن

دەسەڵات، ئەمەش توێژەکانی کۆمەڵگەی خستۆتە ناو بێ ئیرادەیی. لەپێناسەی دیموکراتیدا ئەوە ئاشکرایە کە دیموکراتی بەواتای خۆ بەڕێوەبردنی گەلەو ناتوانین نکۆڵی لەوەش بکەین کە گەلێك هۆشیار نەبێت یاخود بەرهەمهێن نەبێت ناتوانێت خۆی خۆی بەڕێوەببات و هەمیشە دەبێت چاوی لە دەرەوە بێت. ئەمڕۆ دەبینین دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراقداو لە هەرێمی کوردستانیشدا گرنگییەکی ئەوتۆ بە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە نادەن و بەرهەمهێنان وەکو مژارێکی سەرەکی سەیر ناکەن و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی هەناردەکردنی پەترۆڵ و بە فەرمانبەرکردنی کۆمەڵگەوە کۆمەڵگە بە خۆیانەوە ببەستنەوە، لەئەنجامی ئەمەدا کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر دروستبووە. هەربۆیە ئەرکێکی سەرەکی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی ئەوەیە کە تاك و کۆمەڵگە لەو حاڵەتە رزگار بکات. واتە تاك بگەیەنێتە ئەو ئاستە وشیارییەی کە ئازادیی و بەرهەمهێنان وابەستەی یەکترین و کەسێکی بێ بەرهەم ناتوانێت بانگەشەی ئازادیی بکات. بۆ

ئەمەش لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی هاووڵاتی ئازاد و سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پەروەردەکردنی هاووڵاتیان ئەرکی یەکەمەو دوا بەدوای ئەمە پێشخستنی پرۆژەی بەرهەمهێنان لەچوارچێوەی ئابووری هاوبەشدا ئەرکی دووەمەو رێکخستنی کۆمین، ئەنجوومەنی گوندو کۆڵان و گەڕەك و شارەکان ئەرکی سێیەمینەو کاتێك ئەم هەنگاوانە نرا هەنگاوی چوارەمیش بونیادنانی کۆنگرەی دیموکراتی گەلە. کە دەتوانرێت گوزارە لە ناسنامەی دیموکراتیانەی گەل بکات.

**سێیەم:** پێویستە ئەو ڕاستییە دەرك پێ بکەین بۆ دروستکردنی ئەم سیستەمەو چارەسەرکردنی کێشەکانمان دەبێت چاوەڕێی ئەوە نەبین کە دەسەڵات لەسەر ئاستی ئێراق و هەرێمی کوردستان و شار و شارۆچکەیەك کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکات. چونکە ئەگەر بەخەیاڵێکی بەو ڕەنگەوە هەڵسوکەوت بکەین نە دەتوانین سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بونیاد بنێین نە دەتوانین کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین. ئەمە بەو واتایە نایەت کە ئێمەو دەسەڵات هیچ پەیوەندیمان بەیەکەوە نابێت، بەڵکو زۆر جار ئەنجوومەنەکانی گەل لە گوندو کۆڵانەکاندا سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمەتگوزارییەکان پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومیدا دەبێت و فشاری بەردەوام دەخەنە سەر دەسەڵات لەپێناوی ئەوەی کە تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەری کێشەکان. بۆ نموونە کاتێك لە گوندێکدا خزمەتگوزاری کەمە کۆمین یان ئەنجومەنی گەل لەو شوێنەدا ئەوەی خۆی پێی کرا دەیکات، ئەوەشی کە خۆی پێی ناکرێت یاخود توانای پێی نەگەیشتووە لە ڕێگەی چالاکی جەماوەرییەوە فشاری بەردەوام دەخاتە سەر دەسەڵات بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات. یاخود لە کۆڵانێکدا دەبینرێت ماڵە بەرپرسێك هەیە خزمەتگوزاری ئەو کۆڵانە زیاترە لەئەو کۆڵانەی کە بەرپرسی تێدا نییە، ئەنجومەنی گەل ڕێگە لەم ناعەدالەتییە دەگرێت. یاخود زۆر جار دەبینرێت کە کەسانی باڵادەست مافی کەسانی تر دەخۆن یان پێشێلی دەکەن ئەنجومەنی گەل تەنها لە ڕێگەی بڵاوکراوەوە نا، بەڵکو لە ڕێگەی چالاکی جەماوەریشەوە فشار دەخاتە سەر دەسەڵات تا ماف بگەڕێنێتەوە بۆخاوەن ماف. یان زۆر جار دەبینین لەبن ناوی شەرەف و ناموسدا ژنان دەکوژرێن، هاووڵاتی ئازاد لە رێی چالاکی دیموکراتییەوە بکەرانی ئەم کردەوانە ئاشکرا دەکات و کار دەکات بۆ ئەوەی کە بەپێی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و سزا بدرێن. هەندێك جار لە هەندێك جێگەدا حکومەت یاخود کەسانێك لەشوێنێك پرۆژە ئەنجام دەدەن زیان بە ژینگە و شوێنەوار و ژیانی گەل دەگەیەنێت کۆمین و ئەنجومەنەکان سەبارەت بەم بابەتانەش بەدواداچوون دەکەن و خاوەن هەڵوێست دەبن و فشار دەخەنە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە. سەبارەت بەو بابەتانەش کە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو دەکرێنەوە سەبارەت بە گەندەڵی و بن پێکردنی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە، خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی تەنیا وەکو هەواڵێك سەیری ناکات و بە دواداچوونی بۆ دەکات و لە ڕێی چالاکی جەماوەرییەوە راستی و ناڕاستی هەواڵەکە ئاشکرا دەکات ودوای ئەوەش پێداویستیەکانی هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو بابەتە دەستەبەر دەکات.

وەرگێڕان

# دۆغان: هونەرەکەمان دەبێت زادەی خاکێك بێت کە ژیانمان پێدەبەخشێت



★ ستۆری: دۆیغویەڵدز



لە ئینگلیزییەوە: دیار عەزیز شەریف

تابلۆیەکانی زەهرا دۆغان لە زیندانی دیاربەکرەوە بۆ جنێف

لە هەر کوێیەک توانیبێتی قوماشی تابلۆکەی دەست بکەوێت، ئەو بە بەکارهێنانی بەرهەمە رووەکیەکان تابلۆیەکی لەسەر دروستی کردووە و دەستی خۆیشی فڵچەکەی بووە.

رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (ئەمنیستی ئینتەرناسیۆنال) پێشانگایەکی هونەری بۆ نمایشکردنی کارەکانی رۆژنامەوان و هونەرمەندی زیندانیکراو زەهرا دۆغان دەکاتەوە. لە رۆژی کردنەوەی پێشانگایەکە هەریەکە لە شارەداری جنێف، رامی پاگانی و فاتیمە سیکی هاوشارەداری پێشووی سووری ئامەد تێیدا ئامادە بوون.

کارە هونەرییەکانی زەهرا دۆغان لە زیندانی دیاربەکرەوە دەگاتە ئەوروپا و تا ١٠ی دیسێمبەر نمایشەکە بەردەوام دەبێت. نوێنەری رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئیمێلی باود جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زیندانیکردنی زەهرا دۆغان نەبوونی دیموکراسی لە تورکیا دەردەخات. دۆغان بەهۆی تابلۆکانییەوە دەستگیرکرا.

زەهرا دۆغان یەکێکە لەو دەیان رۆژنامەنووسە زیندانیکراوەی کە تەمسیلی ژیانێکی پڕ لە ئێش و ئازار دەکات لە تورکیا وەک یەکێک لە گەورەترین زیندانی بۆ رۆژنامەنووسان. زەهرا هەروەها هونەرمەندی شێوەکاریشە لە تورکیا، کە زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکانی لەبارەی شوناس، کولتوور و بەرخۆدانی کوردییە.

ئەو لە ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٦ لە شاری نوسەیبین-ی سەر بە پارێزگای ماردین دەستگیر دەکرێت. ئەو تۆمەتەی کە دەوڵەت دایە پاڵی،

ئەوە تۆمەتێکە بەلای زۆر لە کوردە یاخییەکان تۆمەتێکی زانراوە و بووەتە شتێکی باو، ئەو کەسە یاخیانەی کە نادادپەروەرانە خراونەتە زیندانەوە. ئەو تۆمەتبار کرا بەوەی «ئەندامی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیە» و «پروپاگەندە بۆ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەکات». بەمانایەکی تر، ئەو بەوە تۆمەتبارکراوە کە پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستان-ەوە هەبووە.

ئەو کاتەی کە دەستگیرکرا، زەهرا لە ئاژانسی ڕۆژنامەوانی ژنان (JINHA)، وەک ئاژانسێکی ڕۆژنامەوانی کوردیی تایبەت بە ژنان، کاری دەکرد، کە دوای ئەوەی تورکیا باری نائاسایی دوای شکستی کودەتاکەی ١٥ تەمموزی ٢٠١٦ ڕاگەیاند ئەو ئاژانسە هەواڵییەش داخرا.

وەک ڕۆژنامەوان، هونەرمەند، ژن، و فێمینیستێکی کوردی، ئەو بەرجەستەی هەموو ئەو شتانەی کردووە کە ئاکپارتی فەرمانڕەوا رقی لێیانە. داواکاری گشتی دەوڵەت تابلۆیەکانی زەهرای بەوە وەسف کرد کە تابلۆی «بێبەری» نین. بەهەرحاڵ ئەوە مەعقوڵ دەبێت کە ئەو باوەڕمان

**لە تورکیا، ئابلۆقەی سەربازی ئەو کاتە ڕادەگەیەندرێت کە هێزە چەکدارەکانی تورك شتێکیان هەیە دەیانەوێت بیشارنەوە**


هونەرمەند زەهرا دۆغان

هەبێت هۆکاری ڕاستەقینەی دەستگیرکردنی زەهرا ئەوە بوو کە ئەو ڕاپۆرتی لەسەر نوسەیبین کرد، کە لەکاتی پێکدادانی نێوان پەکەکە و هێزەکانی سوپای تورکی، دەوڵەت قەدەغەی هاتووچۆی بەسەرداسەپاند.

لە تورکیا، ئابلۆقەی سەربازی ئەو کاتە ڕادەگەیەندرێت کە هێزە چەکدارەکانی تورک شتێکیان هەیە دەیانەوێت بیشارنەوە، ئینجا ئەو شتە شاردنەوەی خاپوورکردنی تەواو شارەکان بێت یانیش گوللەبارانکردنی خەڵکی مەدەنی لەدەرەوەی دادگا، بۆیە ڕوماڵکردنی ڕۆژنامەوانی لە شوێنێکی ئاوا نەک هەر وەک ئاژاوەچێتی، بەڵکو وەک تاوانیش دەبینرێت. لە ئابی ٢٠١٥ هەتا ئازاری ٢٠١٦، زیاتر لە ٦٠ ئابلۆقەی سەربازی لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکییەوە ڕاگەیاندرا، و بەگوێرەی ڕاپۆرتی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپ)، بەلای کەمی ٤٨٧ مرۆڤی مەدەنی بێ چەک لە ناوچەکانی ئابلۆقەدراو بە هێزی سەربازی لەم ماوەیەدا کوژران.

وەک لە ڕاپۆرتەکەی هەدەپە هاتووە «سیاسەتی شەڕ کە لەلایەن حکومەتی ئاکپارتییەوە



وێنەیەکی تر لە کارە هونەرییەکانی زەهرا دۆغان

دەسپێشخەری بۆ کرا بەلای کەم مەرگی ٧٤٩ مرۆڤی سڤیلی لێکەوتەوە، کە لەنێو ئەم قوربانیانەدا ٩ منداڵ و ٩٦ ژن هەبوون. زەهرا بڕیاردەدات کە رووماڵی ئەو رووداوانە بکات کە بەڕاستی لەوێ روویان دەدا. بەڵام کاتێک حکومەت نەیانتوانی لەڕێی کاری رۆژنامەوانییەوە دەستیان بکەوێت، ئەوە بڕیاریاندا لەشوێنی ئەوە لەڕێی کارە هونەرییەکانەوە دەستگیری بکەن.

دواجار زەهرا لەرێگەی کارە هونەرییەکانیەوە دەستگیرکرا. لەو کاتەی لەسەر زەمینەی واقیع، کاتێک سەرجەم مافەکانی مرۆڤ هەڵپەسێردرا بوو، ئەو دوودڵ نەبوو لە گوزارشتکردن لە چیرۆکە راستەقینە ئینسانیەکان لەڕێی نووسین و تابلۆکانییەوە ئەو چیرۆکانەی کە لە شەڕەکە روویان دەدا. ئەم بەیەکەوەبەستنەوەیە بوو، بەیەکەوە گرێدانی حەقیقەت و هونەر، کە وای لێکرد ببێتە جێگەی هەڕەشە بۆ دەوڵەت.

ئەو تابلۆی تایبەت ئینان، دایکی یانزە منداڵی، کێشا، ئەو ژنەی کە لەلایەن هێزە ئەمنیە قەناس بەدەستەکانەوە دەپێکرێت و لە ناوەڕاستی شەقام دەمێنێتەوە تاوەکو دەمرێت. خانەوادەکەی هەوڵدەدەن بەهانایەوە بچن، بەڵام لەلایەن بەرپرسە ئەمنیەکانەوە رێگەیان لێدەگیرێت. لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا، تایبەت ئینان بەم تراژیدیایە گیان لە دەست دەدات و تەرمەکەیشی بۆ ماوەی خەفت رۆژ لەسەر شەقامەکەدا دەکەوێت.

زەهرا هەروەها وێنەی کەمال کورکوتیش دەکێشێت، ئەو خوێندکارەی زانکۆ کە لە ئاهەنگی نەورۆز لە ٢١ ٢٠١٧ لە ئامەد لەلایەن پۆلیسەوە دەسترێژی گوللەی لێدەکرێت و دەکوژرێت. لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا، کورکوت کە کەسێکی مەدەنی بێ چەک بوو و هەروەها رزگاربووی دەستی ئەو هێرشە تیرۆریستیە بوو کە پێشتر دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە وێستگەی شەمەندەفەری ئەنکەرا ئەنجامی دابوو.

زەهرا بەرهەمی نووسین و تابلۆی هەر بەتەنها لەبارەی باکووری کوردستان نەبووە، بەڵکو ئەو بەهۆی نووسینەکانییەوە لەبارەی ژنانی ئێزیدی وەک قوربانیەکی دەستی داعش، خەڵاتی مەتین گۆکتەپەی بۆ رۆژنامەوانی پێبەخشرا.

زەهرا لە ٩ی دیسێمبەری ٢٠١٦ دوای ئامادەبوونی لەبەردەم دادگا ئازاد کرا، بەڵام دواتر جارێکی تر لە تەمموزی ٢٠١٧ دەستگیر دەکرێتەوە. ئەو ماوەی سێ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕێتەوە. ئەو تاکە تاوانێکی کردبێتی یەک شتە، ئەویش ئاشکراکردنی ئەوەی کە ئەوان هەوڵیاندا بیشارنەوە: تاوانەکانی جەنگ.

زەهرا دەبێتە یەکەم کەس کە لە تورکیا بەهۆی کاری شێوەکارییەوە بخرێتە زیندانەوە. ئەو ئێستا لەودیو شیشە ئاسنینەکانی زیندانی دیاربەکر دایە. ئەو ماتریالەکانی کاری هونەری شێوەکاریی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زیندان لێ قەدەغەکراوە، لەبەرئەوە ناچارە بۆ وێنەکێشان سوود لەو شتانە وەربگرێت کە لەوێدا لەبەردەستی دایە.

قوماشی تابلۆکەی رەنگە رووژێک لە رۆژان رۆژنامە و کۆکراوەیەک لە کاغەزەکانی بسکیوت بوو بێت. ئەو پەنجەکانی لەبری فڵچە بەکاردەهێنێت و هەوڵدەدات لەجیاتی بەکارهێنانی رەنگیش، قاوە، هەنگوین و زەنجەبیل، میوەجات و رووەکەکان بەکاربهێنێت.

رەنگە دەسەڵاتدارانی زیندان بتوانن زەهرا بخەنە نێو زیندانەوە، بەڵام ناتوانن هونەرەکەی کۆت و بەند بکەن.

هونەرمەندان نابێت لە دروستکردنی تابلۆ لەبارەی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین بوەستن. هونەرەکەمان دەبێت زادەی خاکێک بێت کە ژیانمان پێدەبەخشێت» زەهرا جارێکیان لە دیمانەیەکدا ئاوای وت. «تەنیا ژنان و هونەرمەندان دەتوانن ئەو رۆحە هەژموونخوازانە تێکبشکێنن و لەناوبەن کە رۆح گەلێکی هەژموونگەرای تینوون بۆ خوێن و چەوساندنەوە» زەهرا ئەو قسەیەی لەو شوێنەدا کرد کە تێیدا جەختی لەسەر رۆڵی گرنگی بەرخودانی ژنان دەکردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی Theregion



فیکریی

# دەسەڵات لە دیدی میشێڵ فۆکۆدا



★ ئا: هێمن عەلی

تێگەیشتن لە ئەندێشەی فۆکۆ، پێویستی بە تێگەیشتنە لە چەمک و پێگەی و وێژەکانی لە بەرهەمەکانیدا. بە واتایەکی تر، تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی زانست و دەسەڵات، بێ ڕەچاوکردنی وتووێژ نالواوە. فۆکۆ لە ژێر کاریگەری «هایدگر» و «ئیمەیل بنونیست» ئەم چەمکەی هێنایە ئاراوە.

لە روانگەی ئەودا، «جیاوازی نێوان ئەوەی لە قۆناغێکی دیاریکراو (بەپێی رێسا دەستوری و لۆژیکییەکان) بە شێوەیەکی راست بوترێ و ئەوەی لە راستیدا دەوترێت» وتووێژی پێ دەوترێت. کەواتە وتووێژ لە نێوان دوو کایەدا، «چوارچێوە و رێساکانی زمان و ئەو دەرفەتانەی شاراوە لە سیستەمی زماندا» دێتە ئاراوە. وتووێژ لە کاتی ئێستا رەواڵەت دەگرێت، لەو ساتەیەدا کە هەڵگری وتووێژ لە رێگای سیستەمی زمان و لە پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجی عەینی دێتە کایەوە. فۆکۆش وەک هایدگر و بنونیست، لەو بڕوایەدایە کە زهنیەت و عەینیەت لە رێگای پێکهاتەی زمانەوە ئافرێنەری یەکترن. لەم پێناوەدا، فۆکۆ لە ژێر کاریگەری هایدگر و بنونیست، مادی بوونی زمان لە چوارچێوەی وتووێژدا ئەرێ دەکات و بەم شێوە، بیرکردنەوە نە وەک دیاردەیەکی زهنی یان کایەیەکی بڵندتر لە ئاستی نرخدا، بەڵکو وەک دیاردەیەکی وتووێژی و مێژوویی دەژمێردرێت. ئەو بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی «سیستەمە فکرییەکان» و ناسینی، وتووێژبوونی بیرکردنەوە تاوتوێ دەکات. سیستەمە فکرییەکان، رێساگەلێکی نائاگان کە لە رێگەی ئەوانەوە وشەکان، شتەکان و کردەوەکان لە یەکتردا تێکەڵ دەبن. واتە وتووێژەکان لە

پەیوەندی لەگەڵ کارداکەیان دەپیوێت. فۆکۆ هەروەها وتووێژەکان لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵات و زانستدا دەپێوێت. وتووێژەکان نە دەربڕی ئایدیۆلۆژیکی پێگەی چینایەتی یان دەربڕی ئایدیالیستی گریمانەکانن، بەڵکو بەشێک لە پێکهاتەی دەسەڵاتن لە ناو کۆمەڵگادا و یاری دەسەڵات لە پێگەتایبەتەکان ئاشکرا دەکەن و لە چوارچێوەیەکی بە تەواوەتی ماتریالیستیدا ڕەواڵەت دەگرن. ئەوان کاردانەوەی دەسەڵاتێکن کە شێوە دەداتە ژیانی تاکەکان. بۆیە وتووێژەکان نە لە ڕوانگەی نووسەر و خوێنەرەکان، بەڵکو لەم ڕوانگەیەوە دەبێ گرنگی پێ بدرێت کە چۆن ڕەواڵەت دەدات بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات. فۆکۆ بە بیرکردنەوە لە ڕەهەندە دەرەکییەکانی وتووێژ، بە دوای هەلومەرجێکە کە وتووێژ تێدا دەژی. تیمارخانە، نەخۆشخانە، گرتووخانە و قوتابخانە وەک شوێنی بەرهەمهێنەری وتووێژی تایبەتی مێژوویی دەژمێردرێن. سیستمی پەروەردە، ئەم پەیوەندیانەی زانست و دەسەڵات لە ناو وتووێژی فەرمانڕەوادا لە ڕێگەی پەیوەندی پزیشک و نەخۆش، پیسکوئانالۆگ و شێت، مامۆستا و قوتابی، زیندانبان و زیندانی جێبەجێ دەکات. بە واتایەکی تر، بەڕای فۆکۆ، «دەسەڵات و زانست لەناو وتووێژدا پێکەوە دەبنە یەک» و لەبەر ئەوەی زانست و دەسەڵات نەگۆڕ و بەردەوام نین، وتووێژەکان دەبێ وەک بازنەگەلێکی دابڕاو بزانین کە کردەوەی تاکتیکیان نە یەکسانە و نە هەمیشەیی.

لە ڕوانگەی فۆکۆدا، ئێمە دەبێ «ئالۆزی و نابەردەوامی دەسەڵات قبوڵ بکەین لەو شوێنەی وا وتووێژەکان دەتوانن هەم ئامێر و هەم ئاستی دەسەڵات بن، هەروەها ئاستەنگییەک،



میشێل فۆکۆ

لەرزانێک، خاڵێکی بەرخۆدانی و خاڵێکی دەستپێکردن بۆ ستراتیژییەکی دژبەر بن.» فۆکۆ لە نامیلکەیەکی بە ناوی «وتووێژێک سەبارەت بە زیان» چوار ڕەگەزی سەرەکی ڕێبازناسی خۆی بە ڕەچاوکردنی وتووێژ پێناسە دەکات. ئەم چوار ڕەگەزە بریتین لە: «سەرەونخوونی، دابڕان، لێکبڕانەوە، تایبەتمەندی و دەرەکیبوون.

فۆکۆ لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەگەزی سەرەونخونی، دانەر لە پێگەی خوڵقێنەری بەرز و سەرووومێژوویی دەهێنێتە خوارەوە و وەک بەرهەمێکی ئایدیۆلۆژیکی و مێژوویی پێناسە دەکات. ئەو لە تەواوی بەرهەمەکانیدا، لەگەڵ خستنە ژێر پرسیاری ئەو بابەتانەی گریمانە دەکرێن ئاشکران، واتە ڕەوتی بەرەپێشچوونی زانستە مرۆییەکان لە گۆڕەپانی جۆراوجۆر وەک پزیشکی، پیسکوئانالیز، سیستەمی حقوقی، دادوەری و

ڕەگەزێتی بە دوای ئەوەیە کە ئەم زانستە مرۆییانە لە شوێنی وەک دەرمانگا، تیمارستان، گرتووخانە، قۆتابخانە و... لە پێناو دیاریکردنی ناسنامەی تاکەکان و پتەوکردنی دەسەڵات و لە ئەنجامدا کەڵک وەرگرتن هەنگاو هەڵدەگرن نەک لە پێناو باشکردنی پەیوەندییە ئینسانییەکان، جیاوازی نێوان شێتی و عاقڵبوون، پێودان و ناپێودان، ڕەوشتی و نارەوشتی سەرچاوەگرتوو لەم پەیوەندییە دوولایەنەی زانست و دەسەڵاتە. بۆیە فۆکۆ بڕوای وابوو کە ئەم ڕوانینە سەرەونخوونە دەتوانێ نیشاندەری شێتی، پزیشکی، پیسکۆناسی، سزاناسی و ڕەگەزێتی بێت.

دابڕان، بنەمای دوو ڕێبازی دێرینەناسی و نەژادناسی فۆکۆیە. بە پێچەوانەی کەسانێک وەک مارکس و هیگل کە بڕوایان بە ڕەوتی خەتی و ئامانجداری مێژوو هەیە، فۆکۆ لە ژێر کاریگەری نیچە، دابڕانەکان و ناپەیوەستەییەکان بە بنەمای کاری خۆی دەزانێت کە لە ڕەوتی مێژوودا تووشی خافڵان ببوون. فۆکۆ لە ناملیکەی «نیچە، نەژادناسی و مێژوو»دا دەڵێت ئەگەر ڕاڤەکردن بریتی بوایە لەوەی کە بنەمایەکی نهێنی لە سەرچاوگەدا بە هێواشی ڕۆشن و ئاشکرا بێت، تەنیا میتافیزیک دەیتوانی گەوهەری مرۆڤ ڕاڤە بکات. بەڵام ئەگەر ڕاڤەکردن بریتی بێ لە زەوتی توندوتێژئامێزانەی نیزامێک لە ڕێساکان کە لە نەفسدا واتایەکی گەوهەرین و سەپاندنی ئاراستە لە سەر ئەم نیزامە ڕێسایانە، هاندان بۆ پەیرەویکردنی لە دروستکردنی ئیرادەیەکی نوێ، خستنەناو یارییەکی تر و هاندان بۆ پەیرەویکردن لە ڕێسای دووەمین و دواتر گەوهەری مرۆڤایەتی، زنجیرەیەکە لە ڕاڤەکان و نەژادناسی کە دەبێ مێژووی ئەم زنجیرەڕاڤانە بێت.

دێرینەناسی لە هەوڵدایە سیستەمی زانایی هەر سەردەمێک لە سەر بنەما زانستی، کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەمان سەردەم تاوتوێ بکات و لەبەر ئەوەی سیستەمەی هێماناسی هەر قۆناغێک لەگەڵ قۆناغەکانی تر جیاوازە، ناتوانرێ سیستەمی وتووێژی چاخێک بۆ چاخێکی تر بەکار بهێندرێت. «وشەکان و شتەکان» دیارترین بەرهەمی فۆکۆیە لەم بارەیەوە کە بە بنەماگرتنی سێ ڕەواڵەتبەندی زانایی، سێ سەردەمی مێژوویی لە یەکتر جیا دەکاتەوە. هاوشێوەیی و یەکسانی، ڕەنگدانەوە و سیستەمی کاردایی سە پێوانی مەعریفەیی تایبەت بە ئەو سەردەمە، وتووێژێکی تایبەت لە سەر هەڵسوکەوت و کردەوەی تاکەکان زاڵ دەبێ کە تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی زانایی هەمان سەردەم تاوتوێ دەکرێت.

ڕەگەزی تایبەتمەندی یا دگرسانی وتووێژ یا ڕەواڵەتبەندییەکانی تایبەتی مێژوویی، ئەم گریمانە ئاسایییە کە وتووێژ هێمای ڕاستینەیەکی بان وتووێژییە سەروبن دەکات. لە ڕوانگەی فۆکۆدا وتووێژ شتێک نیە جگە لە ئەو توندوتیژییەی کە ئێمە لە سەر دیاردەکان ڕەوای دەکەین. بە واتایەکی تر ئێمە خواستەکانی خۆمان پەیوەند دەدەین بە دیاردەکانەوە. لەبەر ئەم هۆکارە ناوەڕۆک و کاردای وتووێژی هەر چاخێک تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە.

(ئەپیستمە) وەک «ئەو کۆمەڵە پەیوەندیانەی کە لە چاخێکی تایبەتدا، یەکگرکەری بەشی کاردانەوە وتووێژییەکانە» و پێکهێنەری سیستەمە مەعریفییەکانە، بۆ دەربڕینی سەردەمە مێژووییەکان لە چوارچێوەی وتووێژ بە کار دەهێندرێت. بەڕای فۆکۆ ئەپیستمە و نیزامی زانایی فەرمانڕەوا لەو سەردەمەدا، زانستە تایبەتییەکانی

هەمان سەردەم دروست دەکات. کەواتە لە هەر قۆناغێکدا، پەیوەندییەکانی زانست و دەسەڵات لە نیزامی وتووێژدا بە شێوەیەکی تایبەت رەنگ دەداتەوە کە لە سەردەمانی پێشوو و دواتر جیاوازتر دەبێت.

رەگەزی دەرەکیبوون، بە پێچەوانەی شێوەگەلی ئاساییە لە ناو بیرمەندە کلاسیک و مۆدێرنەکانی رۆژئاوا کە بە جۆرێک بڕوایان بە دووانەیی نێوان زهن و عەینبوون، وەک نمونە تیۆری ئەفلاتون، دکارت «من بیر دەکەم کەواتە هەم»، «جیهانی ئاشکرا و نائاشکرا» چاند، رەگەزی ژێرخان و سەرخانی مارکس، حەقیقەتە پیسکۆیەکان کە لە روانگەی (فرۆید)ەوە لە پشتەوەی دیاردەکانەوەیە و ریشەی لە غەریزەگەلی رەگەزی هەیە، تەواوی ئەم بۆچوونانە کە بە جۆرێک پەیوەندی بە بوونی حەقیقەتێکی قووڵە لە پشتی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانن و دەبیندرێنەوە، بە پێچەوانەی رێبازی برون بودگی فۆکۆست. چۆنکە فۆکۆ وەک فیلسوفەکانی دیکەی پۆستمۆدێرن، حەزی لە لێکۆڵینەوە لە قووڵاییدا نیە و تەنیا بە لایەنە دەرەکییەکان، وردەکاری پرش و بڵاو و ورد و بابەتە بچوکەکانەوە سەرقاڵە. چۆنکە لێکۆڵینەوە لە قووڵاییەکاندا بە واتای شرۆڤە و دیاریکردنی بۆچوونێکی گشتییە. بۆیە لە (چاوەدێری و سزادان)دا، فۆکۆ بە «وردەفیزیکی دەسەڵات»ەوە سەرقاڵە، نەک تیۆری دەسەڵات و لەگەڵ تاوتوێکردنی وتووێژە زاڵەکان لە سەر هەر یەکە لە نیزامەکانی سزادان، دیسیپلینی و لێکدانەوەی پەیوەندییەکانی زانست و دەسەڵاتی ناو وتووێژ، تەنیا لە سەر سنوورەکان و ئەو هەلومەرجەی کە وتووێژەکان رووبەڕووی دەبنەوە بیر دەکەنەوە و هەر حەقیقەتێکی قووڵ و نهێنی لە سەروی ئەم ئەشکەنجەوە، کۆنترۆڵ و سزادان دەبینێت.

### دەروونناسی و دەسەڵات

(مێژووی شێتی) لە چاخی کلاسیک کە لە راستیدا نامیلکەی دکتۆرای فۆکۆ بوو لە ساڵی (١٩٦١)دا بڵاو بووەوە و «مەدالیا ناوەندی نەتەوەیی توێژینەوە زانستییەکان»ی وەرگرت. دەقی دوایی بەرهەمی مێژووی شێتی، بە ناوی «شێتی و شارستانیەت» بە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە.

فۆکۆ لەم بەرهەمەدا چۆنێتی دەرکەوتنی عەقڵ و شێتی لە چاخی رۆشنگەریدا نیشان دەدات و خەریکی وەسفی «روانین بۆ پێودانسازی» دەبێت کە لەبەر دەرکەوتنی عەقڵی یەکوتاری شێتی و نەخۆشیدا پەیوەندییەک دروست دەکات.

فۆکۆ لە سەرەتای ئەم بەرهەمەدا باس لە مەسەلەی دوورخستنەوەی کۆلێرا و زیندانیکردنیان لە کۆلێراخانە گەورەکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەراستدا دەکات. تووشبووانی کۆلێرا لە ناو ئەم کۆلێراخانەدا دوور لە دانیشتوانی شار رادەگیردرێن و لە هەمان کاتدا لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریدا بوون. جۆزامیەکان لە لایەکەوە لە لای خەڵک بە بوونەوەرگەلێکی مەترسیدار و شەڕەنگێز دادەنران کە سزای خوداوەندی گرتبوویانەوە و لە لایەکی ترەوە ئەم مەسەلە ئاماژەی فیزیکی هێزی خوداوەند دەزانرا کە ئەرکی مەسیحییەکانی بۆ هاوکاری بە ئەوان دەست نیشان دەکرد. بۆیە لە سەدەکانی ناویندا هەلوێستێکی دوولایەنە سەبارەت بە تووشبووانی کۆلێرا هەبوو.

بەڵام لە کۆتایی سەدەکانی ناویندا شێتەکان شوێنی تووشبووانی کۆلێرا دەگرنەوە. هەر چەند هێشتا هەمان هەڵوێستی دوولایەنە سەبارەت بە ئەوان لە ئارادا بوو، واتە دوورخستنەوەی

و راکێشانی کلتووری. فۆکۆ لێرەدا لە «کشتی شێتەکان» ناوی دەبرد. لە سەردەمی رینێسانسدا شێتەکانیان سواری کشتی دەکرد و دەخرانە چەمەکانی شار تا بە دوای لێکۆڵینەوەی عەقڵ و زانایی برۆن. لە راستیدا لەم سەردەمەدا دیاردەی شێتی بە پێچەوانەی کۆلێرا مەسەلەیەکی مەترسیدار و نائاسایی نەبوو، بەڵکو دەبووە هۆی سەرسوورمان و بەدواداچوونی بیرمەند و نووسەرەکان. لە بەرهەمەکانی «شکسپیەر» و «سروانتس»دا شێتی لە لووتکەدایە، چۆن مسۆگەر و هەرمانییە؛ شێت ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ عەقڵ و حەقیقەت. شێتی دەبێتە هۆی شڵەژانی دەروونی و مەرگی ئەو. هەڵبەت مردنی «دۆن کیشۆت» بە هێمنی روویدا، چۆن لە دواین ساتدا لەگەڵ حەقیقەتدا گرێ خوارد. بە واتەیەکی تر ئەم نووسەرانە سەرنجیان لە سەر چیرۆکی تراژیکی شێتی هەبوو. کەواتە لەو کاتدا هێشتا شێتی نەبوو بە مەسەلەیەکی نەرێنی و دژەنرخ؛ چۆنکە لە بەرهەمەکانی شکسپیەردا زمانی تیژ و کتێبی شوێنی زمانی حەقێقی دەگرێتەوە و باس لە جۆرێکی جیاواز لە عەقڵانیەت دەکات.

### چەمکناسی دەسەڵات

فۆکۆ دەسەڵات وەک پێکهاتەیەک لە پەیوەندییەکان دەزانێت. بەو واتایە کە بڕوای وایە پەیوەندی دەسەڵات لە تەواوی جۆرەکانی پەیوەندی بە شێوەی دەروونی هەیە و پەیوەندی مرۆیی دەبێ لە سەر بنەمای دەسەڵات لێک بدرێتەوە. بۆیە دەسەڵات لە روانگەی فۆکۆدا وەک نیچە بە واتای زیادبوونی هێزەکان لە پەیوەندییەکانی «من .ئەوی تر» دێتە ئاراوە.

دەسەڵات بەڕای فۆکۆ دوو کار ئەنجام دەدات. یەکەم: دەسەڵات پەیوەندی نێوان تاکەکان نیشان دەدات و دووەم: دەسەڵات رەوالەت دەدات هەم بە سوژە هەم بە ئۆبژە.

دەسەڵات پەیوەندی نێوان تاکەکان نیشان دەدات. چۆنکە چەمکی دەسەڵات ئاماژە دەکات بە پەیوەندی نێوان ئەو تاکانەی لە پێکدادانداان. دەسەڵات کۆمەڵێک کردەوەن کە کردەوەکانی تر دەورووژێنێت و لە یەکتر دروست دەبن. لە حاڵێکدا لە روانگەی نەریتیدا، دەسەڵات، دزەی دەرەکی لە سەر مرۆڤەکان دەژمێردرێت. کۆمەڵ لە سەر بنەمای ئەو پەیوەندیانەی رێک دەخرێت کە لە ناوەڕۆکی خۆیدا شتێک جگە لە دەسەڵات نیە، بۆیە دەبێ کۆمەڵگا لە سەر بنەمای زێدەیی هێز. پەیوەندی و یاری نێوان هێزەکان لێک بدرێتەوە.

دووەمین کارێک وا دەسەڵات ئەنجامی دەدات ئەوەیە کە هەم سوژەسازە هەم ئۆبژەساز. سوژە شتێک جگە لە دەسەڵات نیە. دەسەڵات لە هەموو شوێنێکدا هەیە و سوژە دروست دەکات و لەو رێگاوە جێگیر دەبێت. بۆیە وەها گریمانەیەک راست نیە کە هەندێک فەرمان دەدەن و ئەوانی تر جێبەجێ دەکەن. ئەو فەرماندانەی کە لایەنی نەرێنی هەیە و خوازیاری سنووردارکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانە، ئەنجامدانی پێویستی بە سەرکوتە وەک رەوالەتی سەرەکی دەسەڵات. واتە دەسەڵاتی فۆکۆیی نیگەرانی هەزاران مرۆڤی گوێڕایەڵە کە لەشیان لە رێگای دەسەڵاتەوە رەوالەت دەگرێت.

ئابووری

# شکستی سیاسەتی ئابووری باشوری کوردستان لە ژێر سێبەری بوونی وزەدا



★ د. مەدیحە سۆفی

وزە ئەو ناوبژیکەرەی، کە هەرگیز دادپەروەر نەبووە، ئەو بەها ئابوورییەی، هەرگیز لە خزمەتی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی خۆی نەبووە، ئەو گەنجینەیەی ڕێژەیەکی زۆری دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە شەڕ و ئاشوب و نائارامی، کەچی وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەخزێنێتە نێو کێبرکێی ریزبەندی یەکەمی ئابووری جیهانیەوە لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و بەرهەمهێنان و داهێنانەوە و دەبن بە سودمەندی یەکەمی ئەو سامانە سروشتیەی، بێ ئەو هەموو دەرگاکانی داهێنان و تەکنەلۆژیا و گەشەی ئابووری و پەرەسەندنی زانستی لێ دادەخرێ.

وزە ئەو سامانە سروشتیەی، یەک بارەیە و لە مەودای ژیاری مرۆڤایەتیدا دوبارە دروست نابێتەوە و بناغەی پیشەسازی وتەکنەلۆژیا و ئابووری جیهانە و پایەیەکی گرنگ و بێ وێنەی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و داهێنان و بەردەوامی و گەشەسەندن و پەرەپێداندا هەیە، بەتایبەت لەم سەدویەنجا ساڵەی دواییەی دوای شۆڕشی پیشەسازی، پایە و سەنگی بوونی ئەم سامانە سروشتیە بووە مەرجی سەرەکی بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیا و بەرهەم و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و ژیاری مرۆڤایەتی، لەلایەکیترەوە بووە مەحەکی بریارە سیاسیەکان بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و وەستاندنی، بۆ هاوپەیمانێتی و دژایەتی، بۆ پۆلین کردن و قۆرخکردن، بۆ هەنگاونان بەرەو پلیکانەی دیکتاتۆریەت، گرنگترین ئەو سامانە سروشتیانەش کە ڕۆڵی سەرەکی و ستراتیژی لە پیشەسازی و بەرهەمهێنان دەبینن بریتین لە(نەوت و غازی سروشتی).

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو دەروازەیەی دەبێتە پارووی گەرمی وڵاتە زلهێزەکان و بوژانەوەی بواری شارستانێتی دەڤەری خۆیان و مانەوەی زۆربەی وڵاتە خاوەن وزەکانیش لە زونگاوی دواکەوتوویی و بێ ئاگایی و کورتبینی و بێ دەسەڵاتی و چەق بەستنیان لە قاوغی دواکەوتن و ژێردەستەییدا، ژێرخانێکی ڕوخاوە و بە بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی هەژار و نەخوێندەوار و کۆمەڵگایەکی پەراوێزکەوتوو و سامانێکی مرۆیی بێ ئیرادە و بێ توانا.

> زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە ڕێکخراوی هەناردەی نەوتن وەکو ( عیڕاق و ئێران و قەتەر و سعودیە و میرنشینەکانی ئیمارات و کوێت و لیبیا و جەزائیر) دەکەونە ناوچەی MENA-Region،

### وزە و جیۆپۆلیتیک

تەنها هۆکارێک بۆ هەوڵدان بۆ پاراستنی ئارامی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا MENA-Region (Middle East & North Africa)، بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بواری بەرهەمهێنانی وزە و گوازتنەوەی لەلایەکەوە و پاراستنی پێگەی ئیسرائیل لەلایەکیترەوە، وە تەنها هۆکاریش بۆ ئاڵوگۆڕی ڕۆڵ و تێهەڵکێشکردنی کارتی گەمەکردنیان هەر لەبەر بوونی ئەو دەرامەتە و ئەو سەرچاوەی وزەیەیە کە ئابووری جیهانی لەسەر وەستاوە، چونکە ئەم ناوچەیە نزیکەی ٧٠٪ ی یەدەگی نەوت و ٤٤٪ ی یەدەگی غازی جیهانی تێدایە، باشوری کوردستانیش چووەتە نێو ئەو نەخشە نێودەوڵەتیەی وزەوە، بۆیە ئەم ناوچەیە بۆ ئێستا و داهاتوویەکی دوور سەنگی جیۆپۆلیتیکی خۆی هەیە و هەوڵدان بۆ گەیشتنە سەر سەردەریا لە دەروازەیەکی دی جگە لە تورکیا هاوێنەی دوربینێکی درێژخایەن و پلانێکی تۆکمەی زلهێزەکانە بۆ دوارۆژ، کە کورد وەکو یاریزانێکی ئەو گۆڕەپانە، پێویستی بە سیاسی خوێندەوار و بە کەسی لێهاتوو هەیە، کە بتوانێ لە ژێر سێبەری ڕۆژئاوادا دروێنەی ڕەنجی خۆی بکات لە جیاتی بەئاودا دانی.

زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە ڕێکخراوی هەناردەی نەوتن وەکو ( عیڕاق و ئێران و قەتەر و سعودیە و میرنشینەکانی ئیمارات و کوێت و لیبیا و جەزائیر) دەکەونە ناوچەی MENA-Region، ئەم ڕاستیە گەمەی زلهێز و وڵاتە پیشەسازیەکان لەو ناوچەیەدا، ئاڵۆز بەڵام جیددی دەکات، هیچ ڕێکەوتنێک لەگەڵ یەکتردا گەرەنتی نیە، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەموو گۆڕانێکی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکەدا، گۆڕانێک لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانێتی بەدوای خۆیدا دێنێ، لە دوا نسکۆی کورد لە باشوری کوردستاندا تەواو ئەم هەڵبەزودابەزەی هاوپەیمانێتی لە نێوان ئێران و عیراق و تورکیا و ئەمریکادا ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ.

سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کاتێکدا لە نێو وڵاتەکانی خۆیاندا، بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردندا، بە دوای کەلێنێکی نەبوونی دیموکراتیدا دەگەڕێن تا وەکو تانە و تەشەر بیکەنە ڕەخنەیەکی ڕوخێنەر بۆ ڕکابەرەکانیان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، کێبڕکێ لە پەیڕەوکردنی دیموکراتی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتی و ئارامی ئاسایشی نێوخۆ لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، لە کارە گرنگ و سەرەکیەکانی ئەوانە، کەچی کە ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و هەر شوێنێکی جیهان دەکەن بۆ قۆرخکردنی داهاتی سوتەمەنی و وزە سروشتیەکەی، هەرچەند دیکتاتۆری تێدا حوکم بکات و نادادپەروەریش چەتری زاڵ بێت، تا بتوانن نایەڵن پشێوێ و شەڕ و هەڵسانەوە و بەرەنگاری و کودەتا بەسەر بارودۆخەکەدا بکرێ، ئیتر ئایا لەوێ ماف و یەکسانی و دادپەروەری خەوشدار بێ، کۆمەڵگا دواکەوتوو بێ، یا نەخوێندەواری و نەبوونی بیری نوێ و کۆنەپەرستی و برسێتی زاڵ بێ، ئەمانە هیچی کاری ئەوان نین، گرنگ ئاسایش بەرقەرار بێ و ئەوان بتوانن بە بێ دەنگی ژێر خاکەکەی تاڵان بکەن، چونکە شێواندنی بارودۆخی نێوخۆی ئەو وڵاتانە ستراتیژی کاری کۆمپانیاکانی ئەوان و دەرهێنانی وزەی تێدا، تێکدەدا و بەرنامەکانیان ئاڵۆزتر دەکات.

نمونەیەک لەسەر ڕەتکردنەوەی دیموکراتی و پەیڕەوکردنی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەن سامانی وزە لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە، بریتیە لە سەرکوتکردن و بەئەنجام گەیاندنی کودەتا لەسەر سەرۆکێکی بە دیموکراتی هەڵبژێرراوی وەکو موسەددیق لە ١٩٥٣/٨/١٩ لە ئێران، لەم بارەیەوە ئوباما لە سەردانێکیدا بۆ وڵاتی میسر و قسەکردن بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی لە ٢٠٠٩/٦/٤ دا وتی:

[ ئەمریکا لە گەرمەی شەڕی ساردا، ڕۆڵی هەبوو لە ڕوخان و کودەتای سەربازی بۆ سەر سەرۆکێکی بە دیموکراتی هەڵبژێرراوی ئێراندا] کاتێ موسەددیقی بە دیموکراتی هەڵبژێرراو، نەوتی خۆماڵی کرد و ئیتر بەڕیتانیا و ئەمریکا نەیاندەتوانی بەو شێوەیەی کە سیاسەت و ئابووری خۆیان دەخوازێ، وزەکەی قۆرخ بکەن و لەوکاتەی ڕۆژئاوا هەستیان بە بوونی بنەماکانی سۆسیال و ئاماژەکانی لەدایکبوونی دیموکراتی کرد لەو دەڤەرەدا، دەبوو تەڵەیەک بۆ لەناوبردنی دانێنەوە، دوای تێپەڕبوونی شەست ساڵ و لە ساڵی ٢٠١٣ دا سی ئای ئەی ،دانپێدانانی خۆی، بە بەشداربوونی خۆی و بەڕیتانیا لە هۆنینەوە و بەئەنجام گەیاندنی ئەو گەمە نهێنیەی ئەو کودەتایە لەسەر موسەدیق، ئاشکرا کرد و وتی:

[ ئەو کودەتا سەربازیەی لەسەر موسەددیق و کابینەکەی کرا، بە پێی ئەو دوکۆمێنتانەی هێشتا هەندێکی ڕوون و ڕۆشن نین، بەسەرپەرشتی سی ئای ئەی بوو و وەکو ئەکتێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا جێبەجێ کرا] چەندەها نمونەی وا کە پێمان دەڵێت، جوڵەی نێو کایەی جیهان بە ئاماژەی پەنجەی زلهێزەکان و بە پێی پلان و پیلانی بەرژەوەندیانە بۆ گەیشتن بە کانی وزە و بە شادەماری تەکنەلۆژیا و فابریکەکانی بەرهەمی کاڵا و پیشەسازی چەک و ئەتۆم، هەنگاونانیش پێچەوانەی حەز و خولیای ئەوانیش، هەر داڕوخان و داڕمان و داتەپینە، نمونەی ڤێنزوئێللا کە خاوەنی داهاتێکی زۆری نەوت و گازی سروشتی و بیر و بۆچوونی چەپگەری بوو ،کاتێ لەگەڵ کوبا هاوڕای یەکتر و هاودوژمنی ئەمریکا بوون، شاڤێز ویستی هەژمونی چەپگەری و سوشیالیستی لە نێو

وڵاتدا بسەپێنێ و لەگەڵ نەیارەکانی ئەمریکا کەوتە فراوانکردنی پەیوەندیە دیپلۆماتی و ئابووریەکانی، هەر لەسەردەمی ئەودا بوو، ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتر بووە جێ سەرنج و پرسیار بۆ ئەمریکا، کاتێ کوبا باشترین دکتۆرەکانی بۆ ڤێنزوێللا دەنارد و ئەوانیش نەوتی هەرزان بەهایان بۆ کوبا دەنارد، پاشتر ئەو نائارامیەی لە ڤێنزوێللا کەوتەوە ئێستاش نەڕەواوەتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٥ دا ڕێژەی بەکاربردنی نەوت لە چاو جۆرەکانی دیکەی وزە زۆرتر بوو، نزیکەی ٣٥٪ ی هەموو وزەی بەکارهاتووی جیهان بوو کە دەکاتە ٤٣٤٦ ملیۆن تەن نەوت، بە ڕێژەی ٢،٥٪ زیاتر لە ساڵی پێشتر، گرنگترین وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانیش ئەمریکا و سعودیە و ڕوسیا بوون، وە گرنگترین دەوڵەتە بەکاربەرەکانیش ئەمریکا و وڵاتی چین بوون

پەرەسەندن و گەشەندنی وڵاتە بوژاوەکان، بەتایبەتی چین کە بە فابریکی جیهان ناودەبرێت، هۆیەکی زیاترە بۆ نائارامی و جێگۆڕکێی بڕیاری هاوپەیمانیەکان، ئەم گەشەی ئابووریەی چین وا لە ئەمریکا دەکات نائارام بێت و ترسی لە لەدەستدانی پێگەی جیهانی خۆی هەبێت لە ڕووی ئابووری ئینجا سیاسیەوە، ئەمڕۆ دەسەڵات دەسەڵاتی ئابووریە، هەر ئەو دەسەڵاتەش دەبێتە بڕیاردەری دەسەڵات و هەیمەنەی سیاسی، کاتێ چین لە ساڵی ٢٠٠١ دا چووە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیەوە، لەو کاتەوە چەندێتی بەرهەمهێنان و بەو تێچووە کەمەی، بووەتە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو جیهان، ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە زۆربەی کۆمپانیاکانی وەکو ڤۆلکسڤاگن و ئەپڵ و سیمینس لقی بەرهەمهێنانیان لەوێ بکەنەوە تا بتوانن بڕێک لە تێچووەکان پاشەکەوت بکەن و قازانجەکانیان بەرەو هەڵکشان ببەن.

شانزەی ئۆکتۆبەر و شەڕی وزەی نێوان جەمسەرەکان

دەستپێکی بڵاوکردنەوەی دەنگۆیەک، بۆ مۆرکردنی گرێبەستی وزە لە نێوان کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕوسی و هەرێمی کوردستان، نەخوێندەواری ئەم حکومەتە- یا بێ ئاگابوونی- یا وروژاندنی چەتری زاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، چونکە گەمەی ئەمڕۆ گەمەی نێوان دوو تای ئاڵۆزی ترازو یا دوو جەمسەری تێهەڵکێشی هەمیشە گۆڕڕاو و ناهاوسەنگە لە ناوچەکە.

ئاماژەکانی ئەم جارەی هەرەسی کوردستان، لە دانیشتنی( پاریس- واشنتن- لندن ) لە فەرەنسا و لەگەڵ عەبادی دەستی پێکرد، ئامۆژگاری ئەمریکا و فڕەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و نێونەتەوەیی و هەندێ حیزب و بزوتنەوەی نێوخۆ وەکو گۆڕان و کۆمەڵ، بەوەی کە کاتی ڕیفراندۆم دروست نیە، لە خۆڕا نەبوو، بۆیە شانۆگەری شەڕی پێشمەرگەش لەگەڵ ناوەندا، هەر دەچێتە قاڵبی فریودان و تەڵەکەبازی و فڕوفێڵەوە.

لێرەدا ئاماژە بۆ دوو فاکتەری زۆر گرنگ دەدەین کە ڕۆڵی لە هاتنەکایەوەی دوا نسکۆی کورد هەبوو لە باشوری کوردستاندا.

**یەکەم : پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەخوازراوی وزە**

بوونی وزە لەهەر شوێنێکی دونیادا، دەبوایە بە مانای، بوژانەوە و ڕەخساندنی هەلی نایاب بێ بۆ بنیاتنانی بنەما و ژێرخانی دەوڵەت و کردنەوەی دەرگا داخراوەکان بە ڕووی بوارە سڕبووەکانی گەشەسەندن و برەودان بێ بە سەرچاوەی نوێ و مۆدێرنی ژیان و دەستپێکی پەروەردەی

زانستی بۆ سامانی مرۆیی و فەراهەمکردن و ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێی بە توانا، کە بتوانێ ڕۆڵی سەرەکی هەبێ لە گەشەکردن و پێشکەوتنی بوارە جیاجیاکان لە نێوخۆی وڵاتدا و بتوانێ لە سێکتەری پیشەسازی نەوتدا ئەوەندە قاڵ بێتەوە و ئەوەندە دەستی واڵا بێت، کە پشکی زۆری لە داهێنان و پەرەپیدانی ئەو بوارە بەرکەوێ، بە کورتی حوکمڕانەکان بتوانن لەسەر دەستی داهاتی سامانی سروشتیدا سامانێکی مرۆیی مۆدێرن و بەتوانا و وشیار و دڵسۆز پەروەردە بکەن، کە داهاتێکی زانستی خۆماڵی زیاتر بە نێوخۆی وڵات ببەخشێ، بە پێچەوانەوە، هەرچی وڵاتی خاوەن وزە هەیە ئەگەرچی خاوەن سامانێکی مرۆیی گەنج و بەتوانایە، کەچی خاوەنی هیچ فابریک و بەرهەمی پیشەسازی وزە نیە.

کوردستان جگە لە یەدەگی نەوت کە بە ١٦٠ ملیار بەرمیل نەوت دەخەمڵێنرێت، یەدەگی لە غازی سروشتیش هەیە و پاش روسیا و ئێران و قەتەر و سعودیە و ئیمارات و ئەمریکا دێت کە و دەکاتە نزیکەی ٣٪ ی یەدەگی غازی هەموو دونیا، لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دانا غاز بەست، بۆ هەڵکۆڵینی کێڵگەی غازی چەمچەماڵ و کۆرمۆر، پاشان هەر وەزیری وزە لە هەرێمی کوردستان، لە کۆڕبەندی ساڵی ٢٠١٥ بۆ ئابووری و وزەی ئەتلانتیک لە ئەستەمبول ئاماژەی بەوەداوە کە هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕی بیست ملیار مەتر سێجاغازی سروشتی ڕەوانەی تورکیا و ئەورووپا دەکات.

لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم گەنجینەیە لە ژێر پێی خەڵکی ماندووی کوردستاندا، داکوتینی سنگی کۆمپانیا تورکیەکانیش دەستی پێکرد، یەکەم کۆمپانیای تورکی کە دەستی بەکارکردن کرد گەنەڵ ئینێرجی بوو، دوابەدوای ئەو کۆمەڵێ کۆمپانیای دیکە بۆ هەڵکۆڵینی کێڵگە هاتن، کە ڕاگەیاندنی ئەڵمانیا بێ سڵ کردنەوە دەڵێن: ئەوان پشکە کێڵگەیان هەیە نەک کرێکاری کێڵگە، تانەر یەڵدزی وەزیری وزەی تورکیا خۆی وتبووی کە ئەوان هەر کاری دۆزینەوە و گوازتنەوەی وزە ناکەن، دەبێ پشک و بەشیان لە کێڵگەکان هەبێ.

## سەرکردایەتی هەرێم لەگەڵ پێگرتن و دارەدارەی وزە، لەسەر پێشنیازی تورکیا، دەستی کرد بە دژایەتی کردنی ناوەند لە بەغدا

سەرکردایەتی هەرێم لەگەڵ پێگرتن و دارەدارەی وزە، لەسەر پێشنیازی تورکیا، دەستی کرد بە دژایەتی کردنی ناوەند لە بەغدا و ئاماژەکردن بە ئابووری سەربەخۆ، هەتا توانی کێشە و قەیرانی دروست کرد، بێ منەتی خۆی لە هەموو شت دەربڕی، دەستی کرد بە ئیمزاکردنی گرێبەستی وزە و بێ ئەوەی هیچ ڕاوێژێک بە ناوەند بکا و هیچ بژێرێ، تا بودجەکەی بڕی، نە بودجەی هێشت و نە داهاتی وزەی بۆ ناوەند و خەڵکی کوردستان بوو، تا وای لە خەڵک کرد، هەندێ لە برسا خۆیان کوشت، هەندێ ماڵی بۆ فرۆشتن خستە ئارا و هەندێ مڵک و ماڵی هەراج کرد و لە دەریاچەی ئیجە خنکا و هەندێ بوونە چەپڵە

لێدەری حزبە نابەرپرسیارەکان و کۆمەڵگا درزی تێکەوت و تا دەهات بۆشایی و مەودا دەکەوتە نێوان چینە بێ پارەو پولەکان و چینی سەرەوەی خاوەن چاڵەنەوت و گرێبەستەکان، جەماوەری برسی لە دەسەڵات تورە و دەسەڵاتیش بێ پلان و چارەسەر.

**تورکیا وەکو خاوەن وزەی هەرێم مامەڵەی دەکرد، وزە بۆ تورکیا لەو کات و زەمەنەدا کە هێدی هێدی بێ هیوا دەبوو لە یەکێتی ئەوروپا، بۆ تورکیا گرنگ بوو**

لەگەڵ دۆزینەوەی وزە لە کوردستان، پێش ئەوەی خانەخوێ بیر لە بەرنامەی مامەڵەکردنی بکاتەوە، تورکیا بووە رێ نیشاندەر و زۆرجار زانیاریەکانی لەبارەی چاڵەنەوت و هەناردە و زۆر کاری پەیوەست بەو بوارەمان لە وەزارەتی وزەی تورکیاوە دەزانی، گرێبەستێکی پەنجا ساڵەیان مۆر کرد، لە پێنج کەس زیاتر کەس نەیزانی ناواخنەکەی چی تیایە، رۆژانە بە نەوتی کەرکوکەوە یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشرا، خەڵکیش نەک هەر گیرفانیان بەتاڵ بوو بەڵکو باجی هەموو بێ هیوایی و بێ پلانی ژیانیان کەوتە سەرشان، لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٤ دا کاتێ بیرەنەوتەکانی کەرکوک ( هاڤانا و بای حەسەن خەباز و زەمبور ) لە لایەن هێزی پارتیەوە گیرا، مەسعود بارزانی وتی : ئیتر ماددەی ١٤٠ تەواو، ئیتر ئێمە باسی ناکەین.

تورکیا وەکو خاوەن وزەی هەرێم مامەڵەی دەکرد، وزە بۆ تورکیا لەو کات و زەمەنەدا کە هێدی هێدی بێ هیوا دەبوو لە یەکێتی ئەوروپا، ئەوەندە بۆ تورکیا گرنگ بوو، کە بە هیوایەکی زۆرەوە نەک هەر پشتی خۆی لە ئەوروپا کرد، بەڵکو بە سیاسەتی کۆچبەران فشاریشی خستە سەر یەکێتی ئەوروپا بە تایبەت ئەڵمانیا، بەڵام هەڵویستە نامرۆڤایەتی و نابەرپرسیارێتیەکەی بەرامبەر شۆڕشی رۆژئاڤا بە تایبەت لە کاتی شەڕی کۆبانی، وای کرد وردە وردە رووی ڕاستی دراوی ئوردوگان بۆ ئەوروپا دەرکەوێ، لەگەڵ یارمەتیدانی ئەمریکاش بۆ شۆڕشی رۆژئاوا، و ترسی تورکیا لەوەی رێی پەڕینەوەی وزە بگوازرێتەوە بۆ رۆژئاوا و لەوێوە بەرەو دەریای سپی، تورکیای ڕاچڵەکاند و زانی ئیتر ناتوانێ ئەوەندە ناز بەسەر جیۆپۆلیتیکی خۆیەوە بکات.

پابەندبوونی سیاسەتی وزەی هەرێم بە بڕیار و سیاسەتی حوکمڕانی تورکیاوە و پشت کردن لە ناوەندی حوکمڕانی بەغدا کێشەی زۆری بۆ هەرێم دروست کرد، لە کاتێکدا بەغدا خۆی ئەگەرچی وەکو حکومەتێکی زۆربە شیعی بوو، بەڵام پابەند و هاوپەیمانی سیاسەتی رۆژئاوا بوو بەتایبەت لەگەڵ حوکمڕانی عەبادیدا، لەکاتێکدا تورکیا، بە تێپەڕبوونی کات و پشتگوێ خستنی لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە و بەهۆی دەرچوونی لە رێسا و یاسای مرۆڤایەتی و گرتن و پابەندنەبوون بە مافەکانی

مرۆڤ و مامەڵەی ناپەسەندی لەگەڵ جەماوەری خۆی پاش کودەتا سەرنەگرتووەکەی تەموزی ساڵی ٢٠١٥، بە ناچاری ڕووی لە ڕوسیا کرد، تەنها پارتی نەبێ بووە پاشکۆی ئەو حزب و حکومەتە فاشیستەی تورکیا.

لە شەڕی ١٠/١٦ کە کەرکوکی تێدا بووە قوربانی و پاشان ناوچە جێ ناکۆکەکانی گرتەوە، بەشێکی زۆری، کە پێشمەرگە تیایدا جێگیرکرابوون، کەوتەوە دەست سوپای عیراق، ئەمەش بەرهەمی کۆمەڵێ دیدار و بڕیار و ڕێکەوتنی پێش وەخت بوو لەگەڵ چ حکومەتی عەبادی و چ هاوپەیمانی دژ بە شەڕی داعش، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزێکی سەربازی یەکگرتوو و یەک دیسپلین نەبوو و لە ژێر یەک چەترا ڕێنمایی و هۆشداری پێ نەئەدرا، زیاتر ڕکابەرایەتی و کێبڕکێی حزب و سەرکردەکانی پەیڕەو دەکرد، وەلەبەر ئەوەی سەرکردایەتی هەرگیز ڕاستیەکانی بۆ جەماوەر و سێکتەرەکان ڕوون نەکردووەتەوە، بۆیە هەموو تاک و لۆ کەوتن و هەموو یەکتر بە ئەرگومێنتی جیاوازەوە تاوانبار دەکەن، یەک هەرێمە، بەڵام لە دارایی و هێزی سەربازی و ئاسایش و پەروەردە و زۆر بواری دیکە دوو ڕەنگی جودان، ڕێکەوتن لەگەڵ هاوپەیمانان و بەغدا لەسەر کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە کرا بوو، قوربانیەکانی ئەو شەڕانە، قوربانی شکانی هێزی پێشمەرگە نەبوو، قوربانی بێ ئیرادەیی و چەقبەستووی سەرکردایەتیەکەی بوو.

لە ئەگەر و نەگەری تەواوبوونی شەڕی داعشدا، وەزیری دەرەوە و بەرگری ٢٤ وڵاتی هاوپەیمان لە شەڕی دژ بە داعشدا، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٦/٢١ لە واشنتن کۆبوونەوە، بەڵام بێ بەشداریکردنی نوێنەری هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەی دوای ئەوە کە لە ٢٠١٧/٣/٢٢ هەر

## باڵیۆزی ئەمریکا بە بارزانی ڕادەگەیەنێ کە دەبێ هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە سەر ئەو خاڵانەی پێش شەڕی داعش

لە واشنتن کرا، ئەم جارە بە ئامادەبوونی نوێنەری هەرێمی کوردستانیش بوو، ئەم هاوپەیمانێتیە لە ساڵی ٢٠١٤ دا و پاش بەهێزبوونی داعیش و گرتنی چەندەها شار و شارۆچکە لە عیراق، لە لایەن ٦٨ وڵاتی جیهانەوە پێکهێنرا.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممەی ٢٠١٦/١١/١٤ بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی شەڕو دەرئەنجامەکانی، باڵیۆزی ئەمریکا بە بارزانی ڕادەگەیەنێ کە دەبێ هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە سەر ئەو خاڵانەی پێش شەڕی داعش، واتە پێشتر و لەگەڵ بارزانی ئەم بابەتە تاوتوێ کراوە و ئاگادار بوونە.

### دووەم : گرێبەستی نێوان هەرێم و ڕۆژنەفتی ڕوسیا

لە مەراسیمی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە، لە ڕۆژی یەکی مانگی یونی ٢٠٠٩ دا، مام جەلال بە دڵنیاییەوە باسی یاسایی بوونی ئەو گرێبەستانەی کرد، کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان لەمەڕ هەناردەی وزەی کوردستانەوە، مۆر دەکرێن، و بڕیاردرا کە وەکو ئەزمونێک

سەرەتا ڕۆژانە سەد هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەی تەقتەق و تاوکی لە زاخۆ، هەنارده بکرێن و لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بفرۆشرێن و داهاتەکەی بچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، واتە خەزێنەی عیراقەوە.

لەگەڵ نائارامی و هەڵگیرسانی شەڕی داعش و پاش جێهێشتنی هەندێ لە کێڵگەکانی نەوت و غاز لەلایەن کۆمپانیاکانی ڕۆژئاواوە وەکو ( ئیکسۆن مابایل و تۆتال ) ەوە، کۆمپانیای ڕۆزنەفت دزەی کردە ئەو دەڤەرە و لە کۆبەندی ئابووری لە پیتەرسبورگ لە مانگی یونی ٢٠١٧ دا دەستپێکی بڵاوکردنەوەی دەنگۆیەک، بۆ مۆرکردنی گرێبەستی وزە لە نێوان کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕوسی و هەرێمی کوردستاندا بڵاوکرایەوە، ئەم هەواڵە زۆر خێرا و گەرماوگەرم لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکاندا ئاڵوگۆڕ کرا وڕا و بۆچوون و خوێندنەوەی جیاوازی لێ کەوتەوە، بەتایبەت لە ڕاگەیاندنی تایبەت بە وزەی جیهانیدا.

مۆرکردنی ئەم گرێبەستە ئابووریە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕوسی و لەمەڕ وزەوە، واتە جێ پێ کردنەوەی ڕوسیا بە سەنگی ئابووریەوە و بۆ دەسپێکێکی سیاسی، واتە سەلماندنی نەخوێندەواری سیاسی حکومەتی هەرێم، یا بێ ئاگابوون لە ڕۆژەڤی جیهان و وروژاندنی چەتری زاڵی سەر مەداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە گەمەی ئەمڕۆ گەمەی نێوان دوو تای ئاڵۆزی ترازو یا دوو جەمسەری تێهەڵکێشی هەمیشە گۆڕڕاو و ناهاوسەنگە لە ناوچەکە و لەوەتەی شەڕی سوریاش سەریهەڵداوە، بوونی ڕوسیا و هەوڵدانی بۆ گەڕانەوەی هەیمەنەی خۆی لەسەر ئاستی جیهانی و چوونە سەر سەکۆی ڕکابەری ئەمریکا، سەرنجی شانۆی سیاسەتی جیهانی ڕاکێشاوە.

بە پێی ئەو یادداشتەی کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕوسی لە ڕۆژی دووشەممەی ١٨ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا بڵاویکردووەتەوە، کە ڕێکەوتنێک لە نێوان ئەوان و کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا کراوە کە لە ساڵی ٢٠١٩ دا لوولەی گاز بۆ هەناردەی غازی کوردستان بەرەو تورکیا و لەوێوە بەرەو ئەوروپا دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، وەبەرهێنانەکەش لەسەر بناغە و پەیڕەوکردنی مۆدێلی هەر سێ ڕەهەندی کاری ( بنیاتنان- بەگەڕخستن – گوازتنەوە) دەبێت و وا بڕیارە هەناردەی ساڵانەی بگاتە سی ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا.

هەر بە پێی وتەی عیزەت سابیر سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان:

" ئەم گرێبەستەی نێوان کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕوسی و هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە سێ ملیار دۆلار دەخەملێنرێت"

ئەم پرۆژەیە، دەبوایە عەمبارەکانی ڕۆزنەفت لە ئەوروپا پڕکاتەوە و پاش مامەڵەکردنی بەرەو وڵاتانی ئەوروپا و لەوانە ئەڵمانیا ببرێت، وە بڕیار وابوو کە پشکی ڕۆزنەفت ٦٠٪ ی ئەو بەرهەمە بێت، لەهەندێ سەرچاوەش پشکەکەی دەبووە ٨٠٪ [ ] دەمێکە حکومەتی هەرێم و ناوەند لەسەر بواری وزە لە کێشەدان، لەسەر گرێبەست و هەناردە و کرێی کۆمپانیا و داهاتی فرۆشتن و زۆر وردەکاری دیکەش ناتەبایی و گرژی کەوتووەتە نێوانیان، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش لە ٩/٢٥/ ٢٠١٧ دا هۆکارێکی زیاتری ئاڵۆزی نێوانیان بوو، بەڵام ئەمە تەنها هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی ئەم دواییەی نیوانیان نەبوو، بەڵکو هۆکارێکی دی، ئەو گرێبەستەی نیوان ڕۆزنەفت

و کەرتی وزەی هەرێم بوو، بە پێی ئەو گرێبەستە، ڕۆزنەفت لە پێنج کێڵگەی وزەدا بەشدار دەبوو و بە پشکی سەرەکی لە نێوان ٦٠- ٨٠٪، ئەم پرۆژە و دەستبەکاربوونە ئابووریە بۆ ڕوسیا و لەم ساتە وەختەی کە ڕکابەری بەرامبەر بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە لایەکەوە و هەوڵدانی ئێران بۆ زیادبوونی هەژموونی لە عیراق و سوریا و لوبنان لەلایەکیترەوە و بۆ قورس کردنی تای ترازووی ڕوسیا وەکو پەرجوویەک وایە، وەکو بارستایەک بۆ هەیمەنە و دەسەڵاتی لەسەر ئەو ناوچەیە، کە لەهەمان کاتدا پشکێکی زۆری لە کۆمپانیا ئەمریکی و بەریتانیەکانیش هەر لەو دەڤەرەدا نیشتەجێن.

بەرکەوتن یا زیادبوونی هەر پشکێک لە کێڵگەکانی نەوت و غاز بۆ هەر جەمسەرێک لەو جەمسەرانە، واتە بەرزبوونەوەی کێرڤی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەکەدا، قسەکەرێکی ڕۆزنەفت لە یەکێک لە لاپەڕە ئابووریەکانی ئەڵمانیا لە ٢٢ی ئۆکتۆبەر لەمەڕ ئەم ڕێکەوتنەوە دەڵێت : " ئەم ڕێکەوتنە یەکێکە لەو ڕێکەوتنە گرنگانەی کە مەودامان بۆ فراوانتر دەکات بۆ داچەقاندنی مەرامەکانمان لە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژی و پڕ لە گۆڕان و پایەی دەسەڵات بۆ داهاتوو"

ماوەیەک پێش ڕیفرانڕاندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥ ی کوردستان، ڕوسیا ڕیفرانڕاندۆمەکەی کوردستانی زۆر بە ئەرێنی لەقەڵەم دەدا، ڕوسیا لەم ساتەوەختەی کە دەیویست پێگەی جیهانی خۆی زیندوو کاتەوە و وەکو هێزێکی خاوەن وزەی زیاتر و خاوەن دەسەڵاتێکی جیهانی لە ڕیزبەندەکانی یەکەم بێت و بتوانێ کێبڕکێی ئابووری و سیاسی بنوێنێ، پێویستی بە داکوتینی سەنگێکی نوێ بوو لەو ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا وەکو ببێتە کارتێکی فشار و هاوتای هێزێکی جیهانی بتوانێ بەرامبەر ڕۆژئاوا بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێ، بوونی وزەیەکی زۆریش لە کوردستاندا و بەشداری کۆمپانیاکانی ڕوسیاش پێشتر لە پشکنین و دۆزینەوەی یەدەگی وزە، ئەو پێشبینی و هیوایەی لای ڕوسەکان دروست کرد کە پلانێکی درێژ خایەن بۆ قۆڕخکردنی وزە و بەتایبەت غازی سروشتی دابڕێژن. هاندان و بۆجوونی ئەرێنی ڕوسیاش بۆ ڕیفرابدۆم بۆ بوونە دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆبوونی ئابووریەکەی، هەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ئابووری و ستراتیژی خۆیەوە سەرجاوەی گرتبوو، بۆیە سێرجی لاڤرۆڤ لەمەڕ سەربەخۆیی کوردستانەوە وتی" دەبێ خواستی نەتەوەی کورد و هەر نەتەوەیەکی دیکەش بۆ سەربەخۆیی، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا بە ڕەوا ببینرێ "

ئەگەر بوونی ئەو سامان و گەنجینە زۆر و بەبەهایەی کوردستان نەبوایە، چ پاسەوانێکی ئەم دەوڵەت و کیشوەرانە، باسی ڕەوایەتی سەربەخۆیی ئەم بستە خاکەی دەکرد، بەڵام ئەوەی لێرە لەنگ و ناڕەوایە ئەوەیە کە گەمەی خاوەن دۆزی سەربەخۆییەکە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای وڵاتە زلهێزەکاندا گەمەیەکی نادروست و دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و هەنوکەیی و ستراتیژی ئەمڕۆی کوردستانە، لەکاتێکدا لە ژێر سێبەری هەر ئەم پرۆژەیەی کە توانای هەناردەی سی ملیار مەتر سێجا غازی هەیە لە ساڵێکدا، دەکرا لەگەڵ تەنها جەمسەرێک کە وڵاتانی ڕۆژئاوایە، پرۆژەکانی هاوپێچ بکات و نەچێ یاری بە دوو جەمسەری ئاڵۆز بکات لەسەر خاکەکەی، حکومەتی هەرێم لە کاتێکدا کە ناوەند بە پێی ڕێنمایی ڕۆژئاوا دەجوڵێ، ئەو دەچێت جەمسەرێکی دژ بەو لە سەر خاکی خۆی قوت دەکاتەوە و کێرڤی هەیمەنەی ڕوسیا و

ئێران زیندوو دەکاتەوە و دنە بە شەڕی نێوان دوو نەیار دەدات لەسەر خاکی خۆی.

بەڕیتانیا، کە خۆی بە خاوەنی پرۆژەکانی نەوت و غازی عیراق دادەنێ و لە ساڵی ١٩٢٧ وە کۆمپانیا و پرۆژە و پلانە ئابووریەکانی تیادا داکوتراوە، ئێستا ڕۆزنەفت هەر لەو سنوورەی، یەکپارچەیی عیراقی تیادا پارێزراوە، بێت و سەنگی خۆی بسەپێنێ و شەش یەکی هەناردەی غازی خۆی بۆ ئەوروپا، لە بەرهەم و داهاتی کوردستان پڕکاتەوە و پێگە داکوتێ و ببێتە ڕکابەری بەڕیتانیا و ئەمریکا!، ئەمە هاوکێشەیەکی تا بڵێ ناهاوسەنگە و نەخوێندەواری سیاسی کورد و سەرکردەکانی تیادا دەسەلمێنێ، پشتکردن لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا واتە پەلکێشکردنی بەرژەوەندی دژ بەو بەرەو ئەو جوگرافیایەی ئەو سەرمایەی تیادا هەڵدەڕێژێ، بۆیە لێرەدا ڕۆژئاوا زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ڕێسەکەت لێ بکەنەوە بە سفر وەکو کردیان و لە چوارچێوەی نمایشی خیانەتی حزبی و تەخوینکردن، کە نەک هەر لەلایەن جەماوەری سادە و کورتبینی کورد ئاوا لێکدەدرێتەوە بەڵکو هەموو سەرکردایەتی کورد دەخاتە ڕیزبەندی نەخوێندەواری سیاسیەوە، ئەوەی لێرەدا پارتی ویستی بۆ جەماوەری بخاتەڕوو، لەلایەکەوە لەقەڵەمدانی یەکێتی وەکو خائین، لەلایەکیترەوە وێناکردنی خۆی وەکو قوربانی.

ڕۆزنەفت، ئەو پێنج بلۆک یا کێڵگەی وزەیەی پلان وابوو کاری تێدا بکات، بە شەش سەد و حەفتا ملیۆن بەرمیل نەوت خەمڵێنرا بوو وە لەبەر ئەوەی ڕیفراندۆم لە کەرکوکیش کرابوو، لە کاتێکدا کە گریمانی سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەکە هەبوایە، ئەوسا کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوکیش کە زۆر دەوڵەمەندن بە وزە، دەچووە سنووری ئەو سەرکەوتنەوە، وەلەبەر ئەوەی ڕۆزنەفت لەو سنوورە پێگەی هەبوو، ئەو کاتە پشکی کاری لەسەر وزە زیاتر دەبوو و دەسەڵاتیشی بەسەر جیۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیەش زۆرتر دەبوو، بۆیە دەبوو فشاری سەر بەغدا زیادبکرێ بۆ گرتنەوەی ئەو کێڵگانەی کە بەتایبەت کەوتوونەتە دەوروبەری کەرکوکەوە و پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی دەرهێنانی دەکەن.

کاتێ وەزیری وزەی عیراق لە ١٩ی ئۆکتۆبەر وتی " کارێکی نابەرپرسیارانەیە، حکومەتی فیدراڵی عیراق و وەزارەتی نەوت، تەنها دامەزراوە و لایەنن کە ئیمزا لەسەر ستراتیژی پەرەپێدان و گەشە کردنی سێکتەری وزە دەدەن، تەنها لایەنن کە لێپرسراون لە ئیمزاکردنی گرێبەست و مامەڵەکردن لەگەڵ وڵات و کۆمپانیاکانی وزە و دەرهێنانی وزە"

ئەم پرۆژەیە ئەگەرچی وەکو پرۆژەیەکی ئابووری خۆی دەرخستووە، بەڵام کەس گومانی لە ڕەهەندە سیاسیە نێودەوڵەتیەکەی ئەم پرۆژەیە نیە، وە ڕۆزنەفتیش، تەنها کۆمپانیایەکی ڕوسی نیە لە کوردستان، کۆمپانیای گازپرۆمیش دەمێکە کاری لە سێ کێڵگەی وزەی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، ئەوەی لێرەدا کارئاسانی بۆ ئەم پرۆژەیە دەکات ئەوەیە کە : ڕوسیا و تورکیا و حکومەتی هەرێم، یا باشتر وایە بوترێ پارتی دیموکراتی کوردستان، هەرسێکیان دەکەونە یەک بۆتەی بڕیاردانەوە لە بارەی پرۆژە سیاسی و ئاوبووریەکانی ئەو دەڤەرەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ململانێ و ڕکابەرایەتی پرۆژەکەی وڵاتانی ڕۆژئاوایە لەو ناوچەیەدا.

دڵنیابوون لە بوونی بڕێکی زۆر لە غازی سروشتی لە باشوری کوردستان، چ دەسەڵاتی

سەرحوکم و چ کۆمپانیا جیهانیەکانی والێکردووە وابەستەی یەکتر بن، چونکە بوونی توانای گوازتنەوەی سی ملیار مەتر سێجا غاز لە ساڵێکدا، بەڵگەی بوونی گەورەترین کێڵگەی یەدەگی غازە لە جیهاندا، نیۆیۆرک تایمس لەو بڕوایەدایە کە ڕۆژنەفت ئامادەکاری بۆ هەناردەدەرەوەی ئەو غازە دەکات، وە ئەو غازە دەتوانێ ٦٪ ی پێداویستی هەموو ئەوروپا پڕکاتەوە کە دەکاتە شەشیەکی ٦/١ ی هەناردەی غازی ڕوسیا بەرەو ئەوروپا.

توینێتی تورکیا بۆ غازی سروشتی و بۆبەردەوامیدانی پەرەپێدانی بواری پیشەسازی خۆی و تێکچوونی پەیوەندیە دپلۆماتی و ئابووری و سنووریەکانی و ڕێخۆشکردن بۆ زیاتر قۆرخکردنی سامانی وزەی کوردستان لەلایەکەوە و ویستی بۆ تێوەگلانی باشوری کوردستان و ئابووریەکەی بە شێوەیەک کە لەگەڵ ڕۆژئاوا بکەوێتە قەیرانەوە و سەنگی نەبێ و هەڵەی پێ بکات و زیاتر بەرەو باوەشی ڕوسیای پەلکێش بکات لەلایەکیترەوە، ئەگەری پەلکێشکردنی سوپای تورکیای لە حاڵەتی کردنی ڕیفراندۆمدا، ڕەتکردووەتەوە و هیچ نەبێ گوزارشتی لێ نەکردووە، وە لەمەڕ بوونی وزەیەکی زۆر لە کوردستان و هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ ڕوسیا و تێپەڕبوونی لوولەکانی وزە بە خاکەکەیدا و پێداویستی نێوخۆیی بۆ پەرەسەندنی پیشەسازی و بەرژەوەندیە ئابووریەکەی بە گشتی، وای کردووە خۆیان لەم ڕێکەوتنەدا وەکو براوە ببیننەوە.

لەکاتێکدا ڕۆژنەفت دەیویست وەبەرهەمهێنانەکانی لە بواری وزەدا و بەتایبەت غازی سروشتی لە باشوری کوردستان پەرەپێبدات، لە ڕۆژی ١٨ ی سێبتەمبەری ٢٠١٧ دا و پیش ڕیفراندۆمەکە، بڕیاری خستنەئەستۆی تێچووی هێڵی گوازتنەوەی غازی سروشتی باشوری کوردستانی دا، کە تێچووەکەی، بە پێی هەواڵەکانی نیۆیۆرک تایمس و بە پشت بەستن بە هەواڵە نێوخۆییەکانی، نزیکەی یەک ملیار دۆلارە.

لەڕۆژی ١٠ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ دا، بابەتێک لەژێر ناونیشانی ( بۆ کۆتایهێنانی دەسەڵاتی کورد بەسەر نەوتی کەرکوک، بەغدا هێلی گوازتنەوەی نەوت بەرەو تورکیا دەکاتەوە) ی وەزارەتی نەوتی عیراق بڵاوکراوەتەوە، تیایدا وەزیری نەوتی عیڕاق جەبار اللعیبی داوای لە کۆمپانیای نەوتی باکور کردووە کە کاری وەبەرهەمهێنان و هەنارده و چاککردنی هێڵی گوازتنەوەی نەوتی کێڵگەکانی کەرکوک کە لە ساڵی ٢٠١٤ وە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەرەو بەندەری جیهان لە تورکیا هەنارده دەکرێ، بخاتە ئەستۆی خۆی، هەروەها پێش ئەم بڕیارەش وەزیری نەوتی عیڕاقی لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا دانیشتنێکیان لەمەڕ هێورکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و عیراق کردووە و بابەتی نەوت و وزەیان بە گشتی باس کردووە و ڕێوشوێنی هەناردەیان لە بەندەری جیهانەوە خستووەتە ئارا .

لە کۆبەندی ئابووری جیهان لە پیترسبورغ لە سەرەتای مانگی یونی ٢٠١٧ دا، کە کۆمەڵێ کەسایەتی سیاسی و ئابووری جیهانی تیایدا بەشداربوون، قسەکەری کۆمپانیای ڕۆژنەفتی ڕوسی میخائیل لیونتیف باسی لە کۆمەڵێ ڕێکەوتنی ئابووری کردووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە بوارەکانی پشکنینی وزە و دەرهێنانی و گوازتنەوەی و بنیاتنان و بوژانەوەی ژێرخان دەگرێتەوە، هەر لەمەڕ ئەو گرێبەستانەی کە بیست ساڵ دەخایەنێ، کۆمپانیای ڕۆژنەفت بەشداری لە دامەزراندن و پەرەسەندنی هێڵی سەرەکی هەناردەی نەوت دەکات لە کوردستانەوە

بۆ تورکیا لە ڕێی کۆمپانیای ڕۆزنەفتەوە کە قەبەترین کۆمپانیای ڕوسیایە، دەتوانرێ زۆربەی وزەی باشوری کوردستان ( نەوت و غازی سروشتیەکەی ) لەلایەن ڕوسیاوە قۆرخ بکرێت، هەر یەدەگی نەوتەکەی بە بڕی نزیکەی ٤٥ ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت، هەناردەی ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە نیو ملیۆن بەرمیل/ ڕۆژ و لە ساڵی ٢٠١٧ دا گەیشتە شەش سەد ملیۆن بەرمیل/ ڕۆژ، کە دەکاتە نزیکەی ١٢٪ ی سەرجەم بەرهەمهێنانی هەموو عیراق، ئەم ڕێژەی وەبەرهەمهێنانە، بووە جێ سەرنجی ڕوسیا و وەکو خەونیک بۆ زیادکردنی پێگەی خۆی لە ئەوروپا و بوونی وەکو فریاڕەسێکی یەدەگی وزە لە ناوچەکە و کەمکردنەوەی هەیمەنەی ڕۆژئاوا و لێدانی بەرژەوەندیەکانیان و داکوتانی سەنگی ئابووری و پاشان سیاسی خۆی، لە هەوڵی هەرچی زوتری گەیشتن بوو بەو گەنجینەیەی باشوری کوردستان، وەوا بڕیار بوو، کە ڕوسیا پێشەکی قەرزێکی زۆر بە کوردستان ببەخشێ و کوردستانیش لەگەڵ هەناردە و فرۆشتنی نەوت و غازیش، کە بۆ ئێستا باری ئابووریەکەی زۆر ناهەموارە و نێوخۆی شێواوە و بودجەی لەنگە و ئاسایشی نائارامە، مەودای دانەوەی ئەو قەرزەی بۆ کاتی فرۆشتنی وزەکە و هاتنەوە دەستی داهاتەکەی دوابخات، هەر لەو کاتەدا، کۆمەڵێ کۆمپانیای دەرهێنان و گەڕان بەشوێن وزەدا، لە کوردستان بنکەیان هەبوو، لەوانە گۆلف کیستۆن پیترۆلیۆم لە کێڵگەی شێخان و دی ئین ئۆ ی نەرویجی لە کێڵگەی تاوکی و کۆمپانیای کاریش لە کێڵگەکانی خورماڵە و بای حەسەن و هاڤانا دەست بەکاربوون، بەڵام ڕۆزنەفت، ئەو کۆمپانیا گەورەیەی کە لەژێر دەسەڵاتی بڕیارەکانی حکومەتی ڕوسیایە و مەودایەکی فراوانی هەیە لە یاریکردن بە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان و دەتوانێ لە شوێنێکی ستراتیژی خاوەن وزەی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە پشتیوانی سەرچاوەکانی وزەی باشوری کوردستان، تای ترازووی هێزی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەنگ و ناهاوسەنگ بکات و لە کێبڕکێی بازاڕی غازیشدا بەهێزتر دەبێت، تەنها چەکی ڕوسیاش کە لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا شەڕی خۆسەپاندنی پێ بکات وزەکەی و پێداویستی ئەوروپایە بە غازە سروشتیەکەی ڕوسیا، قۆزتنەوەی غازی باشوری کوردستانیش ئەوەندەیتر ئەوروپا وابەستەی ڕێژەیەکی زۆرتری ئەو وزەیە دەکات و لە ناوچەکەش دەسەڵاتێکی ئابووری دەبێ کە دسەڵاتە سیاسیەکەی پتەوتر دەکات، وە بودجەی ڕوسیا خۆیشی هەر بە پشتبەستن بە داهاتی وزەکەیەتی، بوونی تورکیاش لەو ناوەندەدا وەکو هاوپەیمان، چ بۆ ڕوسیا و چ بۆ حکومەتی هەرێم، هەر بە ئەرێنی دەگەڕێتەوە بۆ خۆی.

ڕوسیا بە تەنها خاوەنی ٢٧٪ ی غازی سروشتی هەموو جیهانە، ٤٠٪ ی پێداویستی ئەوروپا لە غازی ڕوسیا پڕدەکاتەوە، واتە وزەکەی سەنگ و قورسایی خۆی هەیە لەسەر بازاڕی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەگەر بەدواچوون بۆ ترسی ڕوسیا بکرێ، بەتایبەت پاش ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و چاوێک بە نەخشەی سنورەکەی بکێشرێ، دەبینین پاش ساڵی ١٩٩٠ وە و پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکێتیە و سەربەخۆبوونیان، زۆربەیان نەک هەر بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بەڵکو بوونە ئەندامی ناتۆش، ئەمەش بۆ ڕوسیا وەکو تەلبەند و تەنگ پێهەڵچنینی بوو لەلایەن ڕۆژئاواوە، بۆیە تەنها بوونی وزەکەی و بەتایبەت غازەکەی بووە چەک بۆ فشارخستنە سەر ڕۆژئاوا، فراوانکردنی

بازاڕی غازەکەی واتە دەسەڵاتێکی فراوانتر، لێرەدا جگە لەو هەڵپەکردنەی بۆ ئیدارەدانی دەرهێنانی غازی باشوری کوردستان، دەمێکە هەڵپەی قۆرخکردنی وزەی بەستەڵەکی باکوریەتی، ئەویش بە دیاریکردنی سنووری ئاوی خۆی لە جەمسەری بەستەڵەکی باکور بەپێی یاسای سنووری دەریایی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە لەو ناوچە بەستەڵەکەدا بڕی نزیکەی ٢٠٪ ی یەدەگی هەموو وزەی جیهانی تیادا حەشاردراوە.

لە بەیانامەیەکی کۆمپانیای ڕۆژنەفتدا هاتووە کە لەو پێنج کێڵگەیەی لە پلانی ئەوندایە لە باشوری کوردستاندا، ئەگەری خەمڵاندنی ٦٧٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی لێ دەکرێت ولە کاتی دڵنیابوونیان لە بوونی ئەو برە وزەیە، لە ساڵی ٢٠٢١ دا دەست بە بەرهەمهێنانی دەکەن، بەڵام لە لایەکەوە ڕیفراندۆمەکەی باشوری کوردستان، زۆر لە بەرنامە و خەونەکانی ڕۆژنەفتی پوچەڵ کردەوە، لەلایەکیترەوە بوونی ئەو ( بەریتانیا عوزمایەی ) کە پیش سەدەیەک جڵەوی وزەی کەرکوکی بە دەستەوە بوو، دوبارە چرایەکی سوری بۆ پوکانەوەی بوێریەکانی ڕوسیا هەڵکرد، هەر کە ڕیفراندوم کرا و سوپای عیراق زۆربەی ناوچەکانی، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کۆمپانیای نەوت و غازی لێ بوو بە کەرکوکیشەوە، داگیرکردەوە و شکستی بە مۆرکردنی گرێبەستی وزەی نێوان ڕۆژنەفت و هەرێمی کوردستان بۆ پشکنین و هەڵکۆڵین و دەرهێنانی نەوت و غاز لەو پێنج کێڵگەیە هێنا، وەزارەتی نەوتی عیراق بەیانامەیەکی هەڕەشەئامێزی بڵاوکردەوە، کە هیچ لایەنێک ناتوانێ هیچ جۆرە گرێبەست و ڕێکەوتنێک لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا مۆر بکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا

لەم دواییەشدا لە کۆتایی مانگی دیسەمبەری ٢٠١٧ دا، کۆمپانیای پرۆژە نەوتیەکانی عیراق، ئاشکرای کرد کە هێڵێکی نوێی گوازتنەوەی وزە لە کەرکوکەوە و بە درێژایی ٣٥٠ کم بەرەو بەندەری جیهان ڕادەکێشرێت و دەتوانرێ ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بگوازرێتەوە، بۆیە دەتوانین هەڵەکانی سیاسەتی هەرێم لە سێ خاڵدا کورتکەینەوە:

١. پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ناشەفافی ئابووری،بەتایبەت لە بواری وزەدا.

٢. تاریکی ڕێکەوتنی ستراتیژی نیوان یەکێتی و پارتی.

٣. برسیکردنی جەماوەری کوردستان بە گشتی.

٤. سوربوونی هەرێم لەسەر جێبەجێکردنی ڕێفراندۆم و بەبێ ڕەزامەندی نێو دەوڵەتی و بەبێ پشتیوانی وڵاتە زلهێزەکان، هەڵەیەکی گەورە بوو، بەڵام بەڕای دەسەڵاتی هەرێم سەرکەوتن و دۆڕاندنی ڕیفراندۆم هەر بە ئەرێنی بۆ بارزانی و بە خاڵێکی نەتەوەیی بۆ ئەولە مێژوودا دەنووسرێتەوە.

٥. بوونی بە پاشکۆی تورکیا و خزمەتکاری ئابووری تورکیا.

٦. پاشان گرێبەستی وزەی هەرێم لەگەڵ ڕۆژنەفت بووە خاڵی کڵپەکردنی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بەریتانیا

دەرئەنجامەکانی جاڕدانی ئابووری سەربەخۆ لە ساڵی ٢٠١٣ دا گرێبەستێ لە نێوان وەزارەتی نەوتی عیراق و ڕاوێژکارانی سەر بە کۆمپانیای ( بریتیش پترۆلیۆم ) مۆرکرا سەبارەت بە گەشەپێکردن و زیندووکردنەوەی هەردوو کێڵگەی هاڤانا و باباگوڕگوڕی سەربە کۆمپانیای

نەوتی باکور لە کەرکوک، کە پێش سەدەیەک لەژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بەریتانیادا بوو، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی داعش و نائارامی ناوچەکە، ئەو ڕێکەتنە هیچ کارێکی لەسەر نەکرا، لە ساڵی ٢٠١٤ وەش لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی داعشدا، باشوری کوردستان سەرقاڵی پرۆژەی ئابووری سەربەخۆیە و لەگەڵ ناوەندا کەشوهەوایەکی گرژ و بەریەکەوتنێکی بارگاوی هەیە لە بۆچوون و بڕیارەکاندا، دوای دەست بەسەرداگرتنی کێڵگەکانی وزەی دەوروپشتی کەرکوکیش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەرهەمی وزەی کەرکوکیشی چووە سەر ئەو برە وزەیەی، پێشتر بەرەو بەندەری جیهانی تورکیا هەنارده دەکرا، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەش، ئەوەندەیتر پەیوەندیەکەی لەگەڵ ناوەندا ئاڵۆزتر کردەوە، هاوپشتی ڕوسیاش بۆ پرۆژەکەی ڕیفراندۆمیش، بێ ئەوەی وڵاتانی دەوروبەر و بەغدا بەهەند وەربگرێ. پێشبینیەکی هەڵەی ڕوسیا بوو، کە وای وێنا کردبوو، کە بە ئەگەری سەرکەوتنی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی ئابووری و سنووری کوردستان، ئەگەری بازاڕی ئەویش بچێتە پلانە داڕێژراوەکەیەوە و بتوانێ جڵەوی ئیدارەی وزەی دەستگیر بکەوێ، پاش هاتنی کۆمپانیای ڕۆزنەفت کۆمپانیای گازپرۆمیش لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی کێڵگەی سەرکالە لە گەرمیان نیشتەجێ بوو.

هەڵوێستی ئەمریکا، جیاواز لە روسیا، هەمیشە دەوڵەمەند بوو بە پێشنیارەکانی بۆ نەکردنی ڕیفراندۆم، بوونی عەبادیش بە سەرۆک وەزیرانی عیراق و زیاتر چوونە ژێر سیبەری چەتری ڕۆژئاواوە، ئەمریکا توانی باشتر و ڕاشکاوانەتر، جەخت لەسەر هەڵەکانی حکومەتی هەرێم بکات، هەر لەمەڕ کردن و نەکردنی ڕیفراندۆم، چەندەها هەواڵ و زانیاری چ ئەوانەی دزەیان کردە نێو میدیاکان، چ ئەوانەی بە ئاشکرا بڵاودەبوونەوە، هەمووی بێ پێچ و پەنا حکومەتی هەرێمیان لەوە ئاگادار کردبێتەوە کە باشترە و لە قازانجی کوردە کە ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرێ، هەروەها پێشنیاری کردووە کە وا باشترە لە گەڵ ناوەند مامەڵە ڕێکەوتن بکەن و بودجەی خۆتان مسۆگەر بکەن و قسەی خۆتان لە وەرگرتنی بەشی خۆتان لە نەوتی هەموو عیراق هەبێ، شەڕ لەسەر بەشە ئابووری خۆتان بکەن لەسەر ئاستی عیراق و ئێمەش پشتیوانتان دەبین، چونکە بۆ ڕۆژئاوا مەرجی پاراستنی یەک پارچەیی عیراق، مەرجی سەرەکی مانەوەی باشوری کوردستان بوو لە ژیاندا.

ئەمڕۆ لە تەواوی دونیا شەڕ شەڕی ئابووریە، شەڕی جەمسەرەکانە، شەڕی هەیمەنە و هەیبەت و مانەوە و ڕکابەری و کێبڕکێ و قۆزتنەوەی هەل و هێڵی وزەیە، لەگەڵ سووربوونی حکومەتی هەرێم بۆ پەرەوکردنی ئابووری سەربەخۆ و بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، دڵەڕاوکێی نەک هەر لای حکومەتی ناوەندی، بەڵکو دڵەڕاوکێی لای کۆمپانیای بریتیش پیترۆلیۆمیش، بەتایبەتی لە بوونی کۆمپانیای ڕۆزنەفت لە کوردستان زیاتر کرد، لەگەڵ داگیرکردنی کەرکوک کۆمپانیای ڕۆزنەفتیش کودەتای بەسەردا هات، ئەویش بە هانابردنی وەزارەتی نەوتی عیراق بۆ کۆمپانیای بریتیش پیترپلیۆمی بەریتانی، کە لە ساڵی ١٩٢٧ وەو لەگەڵ دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوکدا وەکو هاوبەشێکی سەرەکی کاری لە کۆمپانیای نەوتی عیراقدا کردووە.

ئەکت و مەلەفی وزە، یەکێکە لە بنەما ستراتیژ و ئەرکەکانی سیاسەتی رۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا، کە دینەمۆی دروستکردن و ئاراستەکردنی قەیران و گروپ و دژایەتی و هاوپەیمانی و زۆر ڕوانگەی دیکەی لە خۆ گرتووە، پاش هەڵگیرسانی شەڕ لە سوریا، ڕوسیا هاتە مەیدان و شەڕی سوریاش تەزووی هەستانەوەی ڕوسیا بوو لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی، هەر لەسەر ئەو شانۆیەوە بەرنامەڕێژی بۆ سەرهەڵدانەوەی پێگەی خۆی کرد و زەنگێکی هۆشیار کردنەوەی بە ڕۆژئاوا دا، کە ڕوسیا هێشتا مەترسی و جەمسەر و قورسایی و هەیبەتە لەسەر بلۆکی ڕۆژئاوا، ڕوسیا خاوەن وزەیە، واتە خاوەن هێزی ئابووری و سیاسیە.

ئەم ڕێکەتن و پلان و ڕاوێژ و سەردان و داڕێژان و دەستپێشخەریانە، هەمووی لەسەر شانۆگەری پێش ڕیفراندۆم گەلاڵە کراون، کامیرای ڕۆژئاوا و ناوەندی بەغداش بەوپەڕی دیقەت و بەدواداچون و وردبوونەوە، کێش و شوێنی هەنگاوەکانی شیدەکردەوە، هیچ شتێکی شارراوە نیە، کوردستان نەک هەر دژ بە بەغدا، بەڵکو دژ بە ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی دژ بە شەڕی داعش و بەرژەوەندیەکانیان لە تای ترازوویەکدایە، دەسەڵاتی کورد لە باشوری کوردستاندا لەگەڵ تورکیایەکیش هاوپەیمانە، کە لەگەڵ ئەمریکا لە گرژیدایە و لەسەر یارمەتیەکانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و هۆکاری دیکەش، ناتەبا و هاودەنگ نین، هەر لە ڕوانگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیایە، وا ئێستا لەگەڵ ڕوسیاش دەبنە سێ کوچکەیەکی نوێ و یەکتر تەواو دەکەن، دەقی بەرژەوەندی هاوبەشیشیان بریتیە لە وزەی زەبەلاحی کوردستان و بەتایبەت غازی سروشتی.

شەڕ شەڕی وزەیە، شوێنیش ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە وەکو بازاڕێک بۆ پیشەسازی چەک دەبێ هەر بەردەوام نائارام و ناجێگیر و پڕ لە شەڕ و ئاشوب بێ، هێزیش بریتیە لە چەند هێزێکی نێودەوڵەتی یەکتربڕ، کە لە ساڵی ٢٠١١ وە و لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی سوریادا، کە هۆکارەکەشی هەر وزە و بەتایبەت هەناردەکردنی غازی سروشتی بوو لە نێوان کێبڕکێی هەناردەی غازی لە نێوان قەتەر و سعودیە و ئێراندا و ئەمریکا و روسیا بڕیاردەریان بوون.

وزە ( نەوت و غاز و خەڵوزی بەرد ) بڕیاردەری دەسەڵاتە، شادەماری پیشەسازی و ئابووریە، فاکتەری دەستنیشانکردنی کاریگەری جیۆپۆلیتیک و بنەما و مەرجی پەیوەندیە ستراتیژی و سیاسیەکانە، خاڵی کڵپەکردن و هەڵگیرسانی شەڕ و بڕیاری سزا سیاسی و ئابووریەکانە، یەکێک لەو جەنگە درێژخایەنە وێرانکەرانەی بە هۆی کاریگەری وزەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریهەڵدا و هێشتا خامۆش نەبووەتەوە، شەڕی سوریایە، کە بەهۆی نەهێشتنی ڕاکێشانی هێڵی پەڕینەوەی غازی سروشتی قەتەر لە سوریاوە، هەڵگیرسا، نمونەی دیکەی زۆرتر هەن، بۆیە بە پێی زانیاریەکانی سەنتەری توێژینەوە بۆ ئاشتی کە بنکەکەی لە شاری ستۆکهۆڵمی سویدە ( Stockholm International Peace Research Institute)، لە توێژینەوەیەکیدا لەسەر ئەگەرەکانی شەڕ لە جیهاندا، ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو کە لە داهاتوودا ڕوودانی شەڕ لەسەر وزە زۆر زیاتر دەبێ لە چاو ڕوودانی شەڕ لەسەر هۆکارە تەقلیدیەکانی دیکە.

تۆژینەوە

# کورد و ئیسلام



★ ئومید ناسح جیهانی

کێشەی کورد کێشەیەکی ئاینی نییە، بەڵکو کێشەی نەتەوایەتیە، کێشەی خاکی داگیرکراو و مافی زەوتکراوە، کێشەی ڕەتکردنەوەی بوون و ناسنامە و ڕاستینەی خاوەن مێژووە. کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە، کێشەی ئاینی نیە، کاتێک کێشەی کورد کراوە بە کێشەیەکی ئاینی ئەمە پیلانگێڕی ڕژێمە داگیرکارەکانە، تا لەو ڕێگەیەوە بە ناوی جیهادەوە ڕەوایەتی بە جینۆساید و بەردەوامی پرۆسەی داگیرکاری و دابەشکاری کوردستان بدەن، ئەمە لە کاتێکدا هیچ دەق و یاسایەک ڕێگە بە جینۆسایدکردنی هیچ میللەتێک نادات، جەوهەری دین ئەمە ڕەتدەکاتەوە.

لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و سەردەمی عەباسی و ئومەوی و عوسمانی و سەفەوی و دواتریش، بە تایبەتیش دوای جەنگی یەکەمی جیهان و دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوە، دوو گروپی ئاینی و دژە ئاین لە ناو کورد دا سەریهەڵداوە، کە هەریەکەیان پاساویان بۆ ڕێگەکەیان هەیە، هەردووکیشیان زەبری کوشندەیان لە کێشەی کورد داوە، مەرجیش نیە ئەم دوو گروپە هەردووکیان لە چوارچێوەی پارت و ڕێکخراو و حیزبدا بن، واتا مەرج نیە چوارچێوە و پێکهاتەیەکی سیاسییان هەبێت. لەم کاتی داگیرکارییەی عەفرینیش لەلایەن تورکیاوە زیاتر ئەم بابەتە زەقکراوەتەوە و بۆشایی نێوان هەردوو گروپەکەش گەورەتر بووە، کە بە زیانی گەورەی نەتەوایەتی کورد و بە قازانجی داگیرکارانی کوردستان دەشکێتەوە.

**ئەوەی ڕاستیەکی بەڵگە نەویستی مێژووییە ئەوەیە کە زۆربەی سەردار و سەرکردەی جولانەوە کوردییەکان لەدوای هاتنی ئیسلام تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو سەید و شێخ و مەلا بوونە.**

### گروپی یەکەم:

ئەوەی ڕاستیەکی بەڵگە نەویستی مێژووییە ئەوەیە کە زۆربەی سەردار و سەرکردەی جوڵانەوە کوردییەکان لەدوای هاتنی ئیسلام تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو سەید و شێخ و مەلا بوونە، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر دابەش بوونی کوردستان جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی بە بەرگی ئاینەوە پەرەی سەند، کە سەید و شێخ و مەلا ڕابەرایەتیان دەکرد، لەوانە سەید ڕەزای دەرسیمی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی حەفید، شێخ ئەحمەد بارزانی، مەلا مستەفای بارزانی، پێشەوا قازی محەمەد. ( هۆکاری شکست و سەرنەکەوتن و ئەدای جوڵانەوەکان و حوکمداریيان ئەوە بابەتێکی دیکەیە کە باسی ئێمە نیە لەم نووسینەدا).

لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش بزووتنەوە و جوڵانەوەی ئاینی بە تایبەتی لە باشوری کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە چوو، کە پشکی گەورەی لە شکست و سەرکەوتنەکاندا هەیە. بەڵام گەورەترین کێشەی ئەم گروپە ئەوەیە کە دەیەوێت کوردی خاوەن خاک و مێژوو لە بۆتەی عەرەبیی جزیرەی عەرەبیی و تورکیی ڕاکردووی خۆرهەڵاتی ئاسیا بۆ ئەنادۆڵ بتوێننەوە، پێی وایە داگیرکاری کوردستان ئیسعتمار و ئیمپریالیزمە، لە کاتێکدا لە هاتنی ئیسلام تا جەنگی یەکەمی جیهانی داگیرکاری کوردستان عەرەب و دواتر تورکی ئیسلامی بوون، دوای لۆزانیش تاکو ئێستا داگیرکاری کوردستان عەرەب و تورک و فارسیی سوننە و شیعەیی ئیسلامییە، ئەم گروپە بە ناوی ئیسلامەوە حوکمداری ئەوانی قبوڵە، بەڵام فەرمانڕەوایی و حوکمداری کوردیی بچوک دەکاتەوە لە فراوانخوازییەکانی دوژمن دا. بۆ ئێستاش بە ناوی ئاینەوە سوڵتانیەتی ئەردۆغانیی قبوڵە بەڵام بەرخۆدان و تێکۆشانی خۆرئاوا بە پیلانی سەهیۆنی و ئەمریکی دەزانێت. هەروەها هەڵەیەکی دیکەی ئەم گروپە دژایەتیکردن و سوکایەتیکردنە بە ئاین و ئاینزاکانی دیکە، دەرکردنی فەتوای کوشتن و ڕاونانی گەورە ئەدیب و نوسەر و ڕوناکبیرەکانی کوردە.

ئەم گروپە دینیە هەرگیز مێژوو و خەبات و تێکۆشانی گروپی نادینی بە بەشێک لە خۆی نازانێت، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەشدایە مێژووشیان بشێوێنێت، بە مێژووی کوفر لەقەڵەم بدات، لەکاتێکدا تێکۆشانی گروپی نادینی دەرفەتی گەورەی کارکردنی بۆ گروپی دینی ڕەخساندووە بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی نەوەدەکانەوە تاکو ئێستا.

### گروپی دووەم

لە چلەکانەوە گروپی ناسیۆنالیستی و شیوعیی و

دواتر مارکس - لینین و دواتر عەلمانی لە کوردستان سەریهەڵداوە و پەرەی سەندووە، ئەوە ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە ڕۆڵی گەورەشیان لە هەڵسانەوەی کورددا بینیوە سەرەڕای هەڵە گەورەکانیشیان، ئەم گروپە پێیان وایە ئیسلام هۆکاری جینۆساید و داگیرکاری کوردستانە بەو بەڵگەیەی دوژمنەکانمان ئیسلامن، تورک و عەرەب و فارس لە ژێر پەردەی ئیسلام دا پرۆسەی داگیرکاری و جینۆسایدی کورد و کوردستانیان ئەنجامداوە.

## ئایا ئیسلامەتی واتا ڕەتکردنەوەی نەتەوەیی بوون؟

گەورەترین هەڵەی ئەم گروپە ئەوەیە دژایەتیکردنی دوژمنیان گواستۆتەوە بۆ دژایەتیکردنی خەڵکەکە دیندارەکەی خۆیان، کە تێکۆشانیان لە پێناویاندا ئەنجامداوە، زۆرجار سوکایەتی گەورەیان بە پیرۆزییەکان و قورئان و مزگەوت و شوێنە ئاینیەکانی دیکە کردووە، بە بیانووی دواکەوتووی کۆمەڵگە و هۆکاری دەستی دوژمن، هەر لەبەر ئەمە نەیانتوانی ببنە شوێن باوەڕی تەواوی کۆمەڵگە و پاڵپشتی تەواوی خەڵکە دیندارەکەشیان بە دەست نەهێنا، لە کاتێکدا دەیان توانی بە لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕەخنە و کۆڕ و کۆنگرەی فراوان جەوهەری ئاین بۆ خەڵک و جوڵانەوەکەیان شرۆڤە و پراکتیک بکەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم گروپە مێژووی جوڵانەوە کوردییەکانی بیستەکان تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەشێک لە مێژووی خۆی دەزانێت، سەرەڕای ڕەخنە و تێبینیەکانیان لەسەر جوڵانەوە و شێوازی کار و حوکمکردنیان. ئەمەش بەو مانایە نیە کە گروپی نادینی هێزی نەتەوەیی ڕاستەقینە بن، بەڵکو لە نێو هەردوو گروپەکەدا هێزگەلی زۆر هەن لە سەر هێڵی خیانەتن.

لەڕاستیدا هەر دوو گروپەکە، هەردوو ڕەوتەکە زەبری کوشندەی لە یەکێتی و یەکڕیزی و کێشەی کورد داوە، مامەڵە و بیرکردنەوەی گروپی یەکەم بەکۆیلەکردن و بچوککردنەوەی کوردە لە چاو میللەتە موسڵمانەکانی ناوچەکە، تێگەیشتنیان بەو جۆرەیە: ئیسلامەتی واتا ڕەتکردنەوەی نەتەوەیی بوون، بوونە بەشێک و توانەوە لە ناو ئوممەی ئیسلامی دەسەڵاتداری تورک و عەرەبی سوننە یان فارس و عەرەبیی شیعە، گرێدراوی و کرێگرتەی ئەوانەی بانگەشەی سوڵتانیەت و خەلافەت دەکەن، ڕەتکردنەوەی حوکمداری و دەوڵەتداری و فەرمانڕەوای کوردیی، ڕەوایەتی دەدەن بە جینۆسایدکردن و داگیرکردنی وڵات لەلایەن ئەوانەوە کە بانگەشەی ئیخوانی و میانڕەوی و ئوممەی ئیسلامیی دەکەن، بەڵام بەرخودان و شۆڕشی کورد ڕەتدەکەنەوە، کە تێکۆشان دەکەن لە پێناو کۆتایهێنان بە جینۆساید و ئیتنۆساید و داگیرکاری.

گروپی دووەمیش بە هۆی ئەوەی دژایەتی ئاینەکانی کۆمەڵگەیان کردووە زەبریان لە کێشەی کورد داوە، کە نەیانتوانیوە ببنە جێگەی باوەڕی زۆرینەی کۆمەڵگە لە کاتی تێکۆشان و خەباتی چەکداری و فیکری و ڕۆشنبیریان، کاتێک خەبات دەکرێت لە پێناو خەڵکی چەوساوە و داگیرکراو و چینی ناوەڕاست و هەژاری دینداردا دەکرێت، کە دەبنە داینەمۆ و پێکهاتەی سەرەکی

و گەورەی خەباتەکە، بەڵام کە سوکایەتی بە باوەڕ و پیرۆزییەکانیان بکرێت چۆن دەبنە بەشێک لەو تێکۆشانە. چۆن بەرگری لە جوڵانەوە و فیکرەیەک دەکەن کە پیرۆزییەکانیان هەڕاج بکات، دەستدرێژی بکاتە سەر باوەڕیان، کە زۆرجار تێکۆشەران و خەباتگێڕان سوکایەتی گەورەیان بە سمبول و ڕموزە ئاینیەکان کردووە، لە سەردەمە جیاوازەکاندا. ئەمەش بە درێژایی سەردەمی ئاینەکان لە کوردستان بە تایبەتی سەردەمی ئیسلام تاکو ئێستا دەرفەت بووە بۆ دوژمنانی کورد بێنە ناو ئەو بۆشاییەی لە نێوان شۆڕشگێڕان و کۆمەڵگەدا دروست ببووە و دەبێت، تاکو لەو ڕێگەیەوە درێژە بە داگیرکاری و هەموو جۆرە جینۆساید و ئیتنۆسایدێک بدەن بە ناوی ئاینەوە.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێک بدەم. بەشێکی هێزە دینییەکانی باشوور بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاڵپشتی داگیرکاری تورکیا دەکەن بۆ سەر عەفرین، لەگەڵ کۆیلایەتی و ژێردەستەیی تورکدان، بە پاساو و بیانووی ئەوەی هێزی بەرخودانی خۆرئاوا لادینن، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ئەردۆغانەی ئەوان بە کاریزماترین سەرکردەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان دەزانی، بە کاریزمای ڕزگاری ئیسلامیان دەزانی، ئێستا بانگەشەی جیهاد دژی عەفرینی خاوەن ڕاستی دەکات، لەکاتێکدا ئەو هێزەی خۆرئاوا هێزی لە فەلسەفەی عەبدوڵلا ئۆجالانیی وەرگرتووە، کە لە سەر پێشنیاری ئەو لەم ساڵانەدا کۆنگرەی دیموکراتی ئیسلامی لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان بەسترا، تا جەوهەری دین بۆ شۆڕش و تێکۆشان و کۆمەڵگە بگەڕێتەوە، دین لەدەستی ئەو هێزانە دەربهێنرێت کە بۆ کاولکاری و جینۆساید بەکاریدێنن.

لە کۆتاییدا دەڵێین ناکرێت بە ناوی ئاینیەوە دژایەتی بەرخۆدانی عەفرین بکرێت و ڕەوایەتی بە داگیرکاری تورکیا بدرێت، کە لە کاتێکدا تورک جینۆسایدی کورد دەکات نەک جینۆسایدی کوردی نادینی، لە کاتێکدا دینی و نادینی هەر کوردن، بە چ شەریعەتێک ئەوان پاک و فریشتە و نوێنەری خودان! هەروەها ناکرێت بە هۆی دژایەتی تورکیاشەوە دژایەتی دینداری خەڵک بکرێت لە ناوخۆی کوردستان، کە خەڵکی موسڵمانی کورد هیچ بەرپرس نین لە داگیرکاری دوژمن دا، بەڵکو دەبێت دین بکرێتە فاکتەری بەهێزی پێکەوە ژیان و یەکێتی نەتەوەیمان. چونکە جەوهەری هەموو دینەکان یەکسانی و پێکەوەژیان و دادپەروەری و ژیان دۆستی و بنیاتنانی شارستانیەتە، کێشەی ئێمە کێشەی نەتەوەییە نەک کێشەی ئاینی، هەرگیز نابێت ڕێگە بە حوکمکردنی بێگانە بدەین بەسەر کوردەوە بە ناوی ئاین و بە گەورە زانین، و تورک و عەرەبیی خاوەن فەزڵ! بەڵکو پێویستە ئاینەکان بکرێتە بنەمای ئاشتی و سەرکەوتنی گەلی کوردی جینۆسایدکراوی دەستی میللەتانی ئیسلامیی. لە ناوخۆشدا پێویستە ئازادیی ئاینی بۆ پەیڕەوانی هەموو ئاینەکان فەراهەم بکرێت، بێ ئەوەی هیچ ئاینێک ڕەها بکرێت بەسەر ئاین و ئاینزاکانی دیکەدا. پاڵپشتی شۆڕش و بەرخۆدانی نەتەوەیی بین هەڵگری هەر فیکر و ئایدیایەک بێت، چاودێر و ڕەخنەگری ڕەفتارەکانیشیان بین بۆ ئاواکردنی سیستمێکی دیموکراتی و بە دیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادیی ئاینی و سیاسی و ئازادیی تاک.

شیکاری

# ئیگۆرەکانی چین



★ ڕێکەوت ئیسماعیل

دەوڵەتی چین نزیکەی ٥٦ ڕەگەزی نەتەوەیی و ئاینی تێدایە، کە ئیگۆرەکان یەکێکن لەوانە. ئیگۆرەکان لە هەرێمی خودموختاری شینگیانگ نیشتەجێبوون کە نزیکەی یەک لەشەشی ڕووبەری چین دەبێت. ئیگۆرەکان بەشی هەرە زۆریان موسڵمانن، بە یەکێک لەهۆزە گەورەکانی چین لە ئاسیای ناوڕاست هەژمار کراون. ساڵی ٧٧٤ی زاینی شانشینی خۆیان هەبووە.

سەدان موسڵمانی چینی لە ئیگۆرەکان پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە. چین لە ڕۆژی ٢٧ی دیسێمبەری ٢٠١٥ وەک یەکەم پەرچەکردار، یەکەم یاسای دژ بە تیرۆری هەموار کردەوە. بڵاوبوونەوەی جوگرافیای داعش و فراوان بوونی دەسەڵاتیان و هەوڵەکانیان بۆ پەیداکردن و دۆزینەوەی لایەنگران و سەربازانی خۆیان لەناو هەموو کەمینە موسڵمانەکانی چین هۆکاری ئەوە بوون کە چین پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆیدا بکات.

تورکیا و تورکەکان بەدرێژایی مێژوو پشتیوانی ئیگۆرەکان بوون. لە یاخی بوونی یەعقوب باغ، ساڵی ١٨٦٤-١٨٧٦ لە دژی مانشۆ چینەکان، موسڵمانەکانی ئیگور لە لایەن عوسمانیەکانەوە پشتیوانیان دەکرا. سوڵتانی عوسمانی تەنها چەک و تفاق نەدانێ، بەڵکو ڕاوێژکاری سەربازی بۆ ڕەوانەکردن بۆ ئەوەی بتوانن لە شاری کاشغار ویلایەتی ئیسلامی خۆیان دروست بکەن و نازناوی ئەمیری بەخشی بە یەعقوب باغ.

ئیگۆرەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوون کە دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکەن. بەڵام جار لە دوای جار لە لایەن چینەوە سەرکوتکراون و دوا

هەوڵی ئەوان لە لایەن پارتی کۆمۆنستی چینەوە لە ساڵی ١٩٤٩ لەناوبرا.

لە مێژووی هاوچەرخدا دەوڵەتی تورکیا هاوکاری ئیگۆرەکان دەکات، زۆربەری هەرە زۆری ئیگۆرە هەڵهاتووەکانی چین رۆشتوونەتە ناو تورکیا و بە تەواوی پشتیوانی کراون. کەسێک بەناوی عیسا یوسف بەتکین کراوە بە نوێنەریان و سلێمان دەمیریل و تورکوت ئوزال لە کاتی خۆیاندا، هاوکاری بوون. ساڵی ١٩٩٥ ئەو کاتەی ئەردۆگان سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبول بوو بەشێک لە پارکی سوڵتان ئەحمەدی کرد بە ناوی بەتکین و پشتیوانی خۆی بۆ خەڵکی تورکستانی خۆرهەڵات دەربڕی. چین لەبەرامبەر پشتیوانی تورکیا بۆ ئیگۆرەکان ناو بەناو بە کارتی کوردی هەڕەشەی لە تورکیا دەکرد، هەر بۆیە لەسەردەمی مەسعود یەڵماز باسکردنی ئیگۆرەکان و هاوکاریکردنی ئاشکرا قەدەغەکرا و بە رەسمیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکرا کە تورکیا هەرێمی شینگیانگ وەک بەشێک لە چین تەماشا دەکات. وێڕای ئەوەی کە دوای هێرشەکانی سێپتێمبەر چین و تورکیا لەیەکتر نزیک بوونەوە، بەڵام بەپێچەوانەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست تورکیا هەرگیز هیچ کەسێکی ئیگۆری سنورداش نەکردەوە بۆ چین. ساڵی ٢٠٠٩ لە هەرێمی ئیگۆرەکان (شینگ یانگ) توندوتیژی سەریهەڵداو پتر لە ٢٠٠ کەس کوژران. ئەردۆگان خۆی کرد بە دەمڕاستی ئەوانیش.

ئایا چین شیشانستانێک بۆ خۆی دروست دەکات؟

لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر چین زیاتر چاوی کردەوە بەرامبەر بە ئیگۆرەکان و هەموو کردەوە توندوتیژیەکانی ئەوانی خستە نێو چوارچێوەی تیرۆری نێودەوڵەتی و لە ساڵی ٢٠٠٩دا (بزوتنەوەی ئیسلامی رۆژهەڵاتی تورکستان)ی بە تیرۆر تۆمەتبار کرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە کاتی یاریەکانی ئۆلۆمپیدا یەکەم کردەوەی خۆکوژیان ئەنجامدا. ئەم بزوتنەوەیە لە ژێر باڵی قاعیدە و تاڵیباندا بوون لە ئەفغانسان، هەرچەندە لە ناو پاکستانیش لە لایەن دەزگاری هەواڵگری ئەو وڵاتەوە پشتیوانی باشیان دەکرا.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١١ دا ئیگۆرەکان ناویان لە سوریاوە کەوتە ناو ناوان. ئەو کاتە هیچ ژمارەیەکی دیاریکراو ئاشکرا نەبوو، بەڵام دواتر راگەیەنرا کە نزیکەی ٣٠ چەکداری ئیگۆری لە سەربازگاکانی پاکستانەوە گوێزراونەتەوە بۆ ناو سوریا. لەمانگی سێپتێمبەری ٢٠١٤ وەزارەتی بەرگری عێراق رایگەیاند کە چەکدارێکی بەڕەگەز چینی لە ناو ریزەکانی داعشدا بووە، بەدیل گیراوە. ئەمەش زیاتر چینیەکانی دڵنیاکردەوە کە ئیگۆرەکان بە تەواوی لەنێو ریزی تیرۆرستانی نیودەوڵەتیدا بڵاوبوونەتەوە و ئیتر تیرۆر تەنها لە چوارچێوەی هەرێمی شینگیانگدا قەتیس نەماوە و بووە بە گرفتێکی نێودەوڵەتی بۆ چین.

لەساڵی ٢٠١٥ سەرچاوە هەواڵگریەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە نزیکەی ١٥٠٠ کەسی ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە ریزەکانی داعش دەجەنگن کە بەشێکی بەرچاویان ئیگۆرەکانن. بەگوێرەی هەندێ زانیاری هەواڵگری؛ تورکیا لە رێگای باندەکانی قاچاخچێتی مرۆڤەوە توانیویەتی ٣٥٠٠ جەنگاوەری ئیگۆری بگوێزێتەوە بۆ گوندی زەنبەقی نزیک جسر الشغور، تەنانەت دەگوترێت ئێستا شاری جسر الشغور زیاتر وەک شارێکی چینی دێتە بەرچاو نەک سوری. هەریەکە لە داعش و بەرەی نوسرە و گروپەکانی نزیک لە تورکیاوە زۆر متمانە بەوانە دەکەن و لە نزیک شوێنە هەستیارەکان بەکاریان دێنن.

حکومەتی چین لەو باوەڕەدایە کە ئیگۆرەکانی

چین لە سوریاوە پەردەوەردە دەکرێن و دەبنە خاوەن شارەزایی و کارامەیی لە کاری تیرۆردا و دواتر هەرێمی شینگ یانگ دەکەنەوە بە تەختی شانۆی خۆیان وەک سوریا. بە درێژایی مانەوەی ئیگۆرەکان لە سوریا کەسانی ناوداریان تێدا هەڵدەکەوت لەوانەش عەباس تورکستانی کە دواتر بەدەستی سوپای سوریا کوژرا.

پارتی ئیسلامیی تورکستانی خۆرهەڵات ساڵی ١٩٩٣ لە لایەن حەسەن مەحسوم و عەبدول قەدیر یابوقوان دامەزراوە. ساڵی ١٩٩٧ دووبارە ئەم حزبە رێکخراوەتەوە. ئەم پارتە رەوتێکی جیهادی سەلەفیە و کار بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی سەربەخۆ دەکات لە ناوچەی شینگیانگ لە باکوری خۆرئاوای چین. ئەم هەرێمە دەوڵەمەندە بە نەوت و بە گاز و خامی یۆرانیۆم. ساڵی ١٩٩٨ حەسەن مەحسوم بنکەی سەرەکی پارتەکەی گواستەوە بۆ کابول بۆ ئەوەی لە ژێر چەتری بزوتنەوەی تاڵیباندا بژین و بەیعەتیان بە تاڵیبان و مەلاعومەر دا و لەگەڵ ئوسامەدا هاوکاری یەکتر بوون. دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠١ ئەمەریکا ئەفگانستانی داگیر کرد ژێر خانی بزوتنەوەکە تەواو لاواز بوو، وێڕای ئەوەش لە بۆردومانەکانی سەر سنوردا ئەمەریکا توانی حەسەن مەحسوم لەناوبەرێت.. ساڵی ٢٠٠٣ دوای داگیرکردنی عێراق ئەم بزوتنەوەیە سەرلەنوێ پەیدابۆوە و هێرشێکی خۆکوژی کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە قەرەغیزستان.

کێ لە پشت ئەم بزوتنەوەیە دەوەستێت؟

جگە لە پاکستان و قاعیدە و رێکخراوە جیهادیەکانی دیکە، تورکیا و سعودیە بە پاڵپشتی ئیگۆرەکان تۆمەتبارکراون. پێدەچێت دەزگای هەواڵگری پاکستان رۆڵی هەبووبێت لە یاریدەدانی ئەوانەدا. بە تایبەت کە ئەوانە لە سەرەتادا لە ناوچەی ئاف- پاک بوونیان هەبوو کە ناوچەی نیشتەجێبوونی هۆزەکان بوون لە ناوچەی میر عەلی کە سەر بەهەرێمە فیدرالیەکانی پاکستان بوون. هەروەها پەیوەندی پتەویان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی ئوزبەکستان هەبوو. لە سوریا کەسێک بەناوی (ابو صهیب الانصاری) کۆمەکی دارایی بۆ بزوتنەوەکە کۆ دەکاتەوە. تورکیاش بەهۆی بیروباوەڕی پانتورکیزمەوە (یەکێتی و برایەتی و هاورەگەزی نێوان هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە تورک زمانن). شایانی باسە کە ئیگۆرەکان بەهۆی قاچاخچی تورکەوە دەگەنە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و لەمانگی ژانیوەی ساڵی ٢٠١٥ پۆلیسی چین رایگەیاند کە باندێکی قاچاخچی تورکیان لە شەنگهای دەستگیرکردووە، ئەم باندە تەنها کاری گواستنەوەی ئیگۆرەکانی کردووە بۆ هەر نەفەرێک نزیکەی ٩٦٨٠ دۆلاری وەرگرتووە و خۆشی پاسپۆرتی تورکی بۆ ئامادە کردوون.

تورکیا بەدرێژایی مێژووی خۆی پشتیوانی بزوتنەوەتورکی و تورکمانیەکانی دنیادەکات. تورکیا دەیەوێت بۆ هەژموونی خۆی پشتیوانی ئیگۆرەکانی چین بکات، لە سوریاش دەیەوێت بەشێکیان لەوێ نیشتەجێ بکات بۆ ئەوەی کاریگەری سیاسی و جوگرافی خۆی هەبێت لە ئایندەدا و بتوانێت لە دەرگای دیموگرافیاوە بیانویەک بدۆزێتەوە بۆ دەست تێوەردان لە سوریا.

**سەرکردەکانیان:**

١- حەسەن مەحسوم: دامەزرێنەری حزبەکە، ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر سنوری ئەفگانستان و پاکستان کوژراوە.

٢- عەبدول حەق: دامەزرێنەری حزبەکەیە، ساڵی ٢٠١٠ بەدەستی هێزەکانی پاکستان کوژراوە.

٣- عەبدول شەکور الترکستاني

٤- عەبدوڵلا مەنسور

٥- ابو رضا الترکستاني:

٦- میمتین میمتي: یەکێک لە سەرکردە باڵاکان. تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی هێرشەکانی ساڵی ٢٠٠٨ لەکاتی یاریەکانی ئۆڵۆمپی. بەهۆی فرۆکەی بیفڕۆکەوان لە سەر سنوری پاکستان کوژراوە (رەنگە ئەمە هەر کەسی دووەم بێت).

٧- ایمیت یاکوف (عبدول جەبار) هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیماوی دەکرد لە کاتی یاریەکانی ئۆڵۆمپیدا. لە باکوری وەزیرستان کوژراوە بەهۆی فرۆکەی بێفرۆکەوان.

٨- یی مینگ یان میمیت تورسون ؛ بەرپرسی کۆکردنەوەی پارە و دارایی.

٩- عەبدول هالیک: بەرپرسی سپیکردنەوەی پارە و دارایی رێکخراوەکە.

١٠- خیمسدین عەبدومیجیتی: بەرپرسی کاروباری سەربازی و تەجنید.

١١- ئەکرم عومەر جان

١٢- یاکوف میمیتی : لە باکوری وەزیرستان کوژراوە.

١٣- نورسون توهیتی: لە باکوری وەزیرستان کوژراوە.

**ئیگۆرەکان لە سوریا:**

لە سەرەتای جەنگی سوریاوە ئیگۆرەکان لە شێوەی تاک تاکدا رەوانەی سوریا دەکران و لەوێ چوونە ریزەکانی بەرەی نوسرە و رێکخراوی ئەحرار ئەلشامی دەستکەلای تورکیا. بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی کە زمانی عەرەبیان نەدەزانی ئیتر وەرنەدەگیران لە ریزەکانی ئەوانەدا بۆیە رێکخروای سەربەخۆیان بۆ دروست کردن.

کەسێک بەناوی ابو ریاح هاوکاری کردن بۆ کردنەوەی سەربازگای تایبەت بە خۆیان لە سوریا، دواتر بزوتنەوەکە کەتیبەیەکی لە جەنگاوەرانی خۆی رەوانە کرد بۆ بەشداری کردن لە جەنگی سوریا. دوای داگیرکردنی شاری جسر الشغور کەسێکی ئیگۆری سەر بەبزوتنەوەکە لە وتارێکیدا داوای لە هەموو ئیگۆرەکان کرد بێنە سوریا بۆ جەنگ لە دژی عەلەویەکان. دواتر ئەم هێزانە بەرەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ (بەرەی نوسرە و کەتیبەکانی تەوحید و جیهادی ئوزبەکی و جند الشامی چاچانستانی. لە شاری ادلب هاوشانی هێزەکانی دیکەی موجاهیدین بەشدار بوون لە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی و خاپورکردنی شوێنەکانی مەی فرۆشتن. لە جەنگی داگیرکردنی جسر الشغور هەریەکە لە کەتیبەکانی تورکستان، ئەحرار الشام، بەرەی نوسرە، جند الشام لەژێر سەرکردایەتی هەواڵگری تورکیا پێکەوە جەنگیان کرد و سەرکەوتن.

**گیراوەکانی گوانتانامۆ:**

٢٢ کەس لە ناوچە جیاوازەکانی جەنگ لە ئەفگانستان لە لایەن ئەمەریکاوە ساڵی ٢٠٠٦ بەدیلگیران. ئەمانە بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن لە نێوان پێنج ساڵ و حەوت ساڵدا لە زیندانی گوانتانامۆ دەستبەسەرکران. هەموو ئەمانە چوونە ژێر باری ئەوەی کە لە سەربازگاکانی بزوتنەوەی ئیسلامی تورکستان راهێنانیان کردووە. دوای ئەوەی ئەمەریکا ئەم بزوتنەوەیەی لە پۆلێنی هەڕەشەی سەربازی دەرهێنا (بێگومان ئەمە دەستی تورکیاشی تێدا بووە) وێڕای هۆشداری چەندین لایەن کە ئەوانە سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ سەر ئەمەریکا و ئاسایشی هەموو دنیا بەڵام هەموو ئەمانە ئازاد کران. بەڵام رەوانەی چین نەکرانەوە. چونکە چین تۆمەتبارە بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ.

**کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی چین:**

چین لە سیاسەتی دەرەوەیدا کەمترین باوەڕی بە بەکارهێنانی هێز هەبووە بۆ چارەسەر کردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان. هەمیشە بەدوای پەیوەندی باش و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان بووە. بۆیە دەبینین چین بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە هیچ کام لە ململانێکاندا بە تایبەتی لە خۆرهەلاتی ناوین و ئەو وڵاتانەی کە سنوری هاوبەشیان نیە لەگەڵیدا، رۆڵی نیە.

سەنتەری تویژینەوەی چین و ئاسیا لەو باوەڕەدان کە سیاسەتی دەرەوەی چین لەسەر سێ بنەمای سەرەکی بەڕێوەدەچێت: یەکەم ئەوەیە کە چین پێنج بنەمای سەرەکی هەیە بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان و دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا. هەروەها چین باوەڕی بە هەڕەشەکردن و بەکارهێنانی هێز نیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی و جەمسەرگیری لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیش رەتدەکاتەوە. بنەمای دووەم ئەوەیە کە چین لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکاندا مامەڵە دەکات و ستراتیژی ئاوەڵابوون بە ئاراستەی دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش پیادەکات، چین هەرگیز کار بۆ ئەوە ناکات کە لەسەر حسابی خەڵکانی دیکە بەرژەوەندیەکانی خۆی چنگ بخات. بنەمای سێیەم ئەوەیە کە چین وتوێژ و دانوستان وەک تاکە رێگا دەبینێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. چین باوەڕی بە پێشبڕکێی چەک نیە، هەروەها وێڕای ئەوەی کە بڕی خەرجیەکانی بەرگری و سەربازیی لە چین زۆر زەبەلاحە. بەڵام ئەو وڵاتە سیاسەتی سەربازی (بەرگریکردن) پەیڕەو دەکات.

هەموو ئەو بنەمایانەی سەرەوە لە سنوری دیاریکراودا بەر لە بەزاندنی هێڵەسورەکانی چین پیادە دەکرێن. بەڵام چین هەرگیز دەستبەرداری بەرژوەندییە نیشتیمانیەکانی خۆی نابێت و سەروەری خاک و وڵات و یەکپارچەیی وڵاتەکەی ناخاتە بەردەم رەحمەتی نەیارەکانی. چەسپاوی و شکۆراگرتنی سیستەمی سیاسی چین کە بریتیە لە رژێمی سۆشیالیستی بەرابەرایەتی پارتی کۆمۆنیستی چین هێڵێکی هێندە سور و تۆخن کە لەهیچ بارودۆخێکدا و بەرامبەر بە هیچ لایەنێک چین ئامادەنابێت سازشی لەسەر بکات. نمونەی ئەمەش ئەوەیە کە چین هەرگیز ئامادە نیە دەستبەرداری تایوان بێت و ئامادە نیە سازش لەگەڵ تبتەکاندا بکات. بەهۆی ئەوەی کە بەشێک لە ئیگۆرەکان لەناو بزوتنەوەی تاڵیباندا بوون و بەشێکی دیکەشیان پەیوەندیان بە بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان کردووە، بۆیە چین هەوڵیداوە کە پەیوەندیە باشەکانی خۆی لەگەڵ پاکستان بخاتە خزمەت پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی. بۆ ئەوەی بزوتنەوەی توندڕەوی ئیسلامی زیاتر پەل نەهاوێژێت بۆ ناو ئیگۆرەکان، چین رۆڵێکی باشی هەبوو لە گفتوگۆی ئاشتی لە نێوان ئەفغانستان و بزوتنەوەی تاڵیبان، هەر بۆیەش ساڵی ٢٠١٥ میوانداری یەکێک لە گەڕەکانی گفتوگۆی ئاشتی نێوانیانی کرد لە چین.

بەڵام زۆربوونی ژمارەی ئیگۆرەکان لە ناو سوریا ئەو پرسیارە دروست دەکات، کە داخۆ حکومەتی تورکیا و ئەردۆگان تەنها چاوپۆشی دەکات لە هاتوچۆی ئیگۆرەکان یاخود راستەوخۆ بەشدارە لە هاوکاریکردن و بەهێزکردنیان؟.

# هەرجارە و ناودارێك



## دڵدار

ناوی "یونس"ی کوڕی مەلا ڕەئوفی کوڕی مەحمودی کوڕی مەلا سەعدی خادم ئەلسجادەیە. لە ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩١٨دا لە شاری "کۆیە" هاتۆتە ژیانەوە.

دڵدار، یەکەمین هۆنراوەی لە ساڵی ١٩٣٥دا داناوە.

لە ساڵی ١٩٤٠دا لە شاری کەرکوک قۆناغی دواناوەندی تەواو دەکات و لە بەغدا د چۆتە کۆلێژی یاسا و ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامەی کۆلێژی یاسایی وەردەگرێت و دەبێتە پارێزەر.

لە تەمەنی سی ساڵیدا بە "ژەهراوی"بوون لە ١٩٤٨,١١,١٢دا لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.

دڵدار خولیای زانین و بەتایبەتی فەلسەفە بووە، ئەم یادگارانەشی بۆ بەجێهێشتووین:

١- فی طریقی الی معرفە الحقائق ـ انتقادات الی قلب البهائیین

٢- وتارێک دەربارەی عومەری خەییام

٣- زمانی کوردی و ئەدەبیات

٤- نارکۆزی کۆمەڵایەتیمان

٥- اقتصادنا الوطنی

٦- بیرەوەریەکانی یونس ڕەئوف دڵدار

### کوردستان

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان
چاوم پشکووتووی شاخەکانتە
فێری ژیانی باخەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت
زریق و باقی جوانەکانت
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت
ئەمانە هەمووی گوێیان کردمەوە
هەوێنی شعری دڵیان گرتمەوە
نەونەمامی بووم لەم خاکە ڕووام
بە خۆشەویستیی وڵات ئاو درام
بەڵێ کوردستان تۆ منت خولقان
تۆ منت خولقان پێت بەخشیم ژیان
خۆشیی ژیانم، خۆشیی ژینتە
ئێشی ژینی من، ڕۆژی شینتە
چونکە کوردستان، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان

بەغدا



## ١٥ی شوبات؛

# رۆژێکی رەش لەمێژووی مرۆڤایەتی-دا


/http://www.komelge.com

@azadi komelge

Iraq, slemani, 3292654